کورد یان بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک ناکات، یان یەک لیستی دەبێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5833) دووشەممە 23ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، کورد یان بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک ناکات، یانیش ئەگەر بەشداریی کرد یەک لیستی دەبێت. دەشڵێ، لیستی جیا زیانی بۆ کورد زۆرە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

تانەکەی پارتی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ 28ی مانگ دواخرا

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، تانەکەی پارتی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، دواخرا بۆ 28ی ئەم مانگە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەم نزیکانە حکوومەت پرۆژەیاسای چاکسازی دەنێرێتە پەرلەمان

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند بەم نزیکانە حکوومەت پرۆژە یاسای چاکسازی دەنێرێتە پەرلەمان و جەختیشی کردەوە دەبێ هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستووری خۆی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

کەرکووک.. دوورخستنەوەی بەرپرسانی کورد لە پۆستەکانیان بەردەوامە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت کە تا ئێستا چەندینجار بەڵێنمان پێدراوە دوورخستنەوەی بەرپرسانی کورد لە پۆستەکانیان ڕابگیرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە پرۆسەکە تا ئێستا بەردەوامە و بڕیارە ژمارەیەک بەرپرسی دیکەش لە پۆستەکانیان دووربخرێنەوە و ئێمە ڕامانگرتووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

وەزیری ناوخۆ: ڕووداوەکەی سماقوڵی بە مەبەست نەکراوە و خەریکە چارەسەر دەبێت

وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ڕووداوی تەقەکردن لە بارەگاکان دووڕە لە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەشڵێ، ڕووداوەکەی بازگەی سماقوڵی بە مەبەست و نەکراوە خەریکە چارەسەر دەبێت. ڕوونیشی دەکاتەوە، کە گۆڕانکاری لە پۆستە حکوومییەکاندا دەکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی:

دینداری و خۆشەویستی نیشتمان لەیەکدی جیا ناکرێنەوە



دوێنێ یەکشەممە 22ی9ی2019 لە هەولێری پایتەخت، سەرۆک مەسعود بارزانی بەبۆنەی 49یەمین ساڵیادی دامەزراندنیانەوە و بە مەبەستی پیرۆزبایی، سەردانی مەکتەبی تەنفیزی زانایانی ئیسلامی کوردستان کرد و لەلایەن دکتۆر عەبدوڵلا سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و ئەندامانی یەکێتی زانایان و ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی پێشوازی کرا. سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنان و نرخاندنی ئەو سەردانەی سەرۆک بارزانی، ئاماژەی بە مێژووی خەباتی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کرد و ڕۆڵی ڕێبەری نەتەوەیی بارزانیی نەمری لە دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان وەک مێژوویەکی پڕشانازی یەکێتیەکەیان وەسفکرد.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ڕەوەندی کورد لە تاراوگە دووەم ساڵیادی ریفراندۆمیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت

ڕەوەندی کورد لە تاراوگە وەک بەشێکی دانەبڕاوی نیشتیمانەکەیان، هەمیشە بەهەڵوێستە جوانەکانیان لە خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلەکەیان بەشداربووون بەتایبەتیش لە پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پابەندبوونیان بەئینتیمای نەتەوەییەوە ریفراندۆمیش بەدەستکەوتێکی مێژوویی دەزانن و لەیادی دووەم ساڵی بەئەنجامگەیاندنیشی لە وڵاتە جیاوازەکان بەچالاکی هەمەچەشنە ئەم یادەوەرییەیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بۆ وەرزی کشتوکاڵیی ئەمساڵ

لە شارەزوور زیاتر لە 68 هەزار دۆنم زەوی بە گەنم و جۆ دەچێندرێت



شارەزوور ناوچەیەکی گرنگی باشووری کوردستانە لە بەرهەمهێنانی دانەویلەدا. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی شارەزوور ساڵانە جووتیارانی ئەو دەڤەرە زیاتر لە 30 هەزار تەن گەنم و جۆ بەرهەم دێنن. ئەو بەڕێوەبەرایەتییە پلانی پێشنیارکراوی 2019 - 2020 دەخاتەروو، بەپێی پلانەکە بۆ ئەمساڵ 67 هەزار دۆنم زەوی دێمی و بەراو بە گەنم و 1200 دۆنم زەوی بە جۆ دەچێنرێت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین:

پێویستە پێشمەرگە بۆ سنوورەکەمان بگەڕێتەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین ڕایدەگەیەنێت دۆخی ئەمنیی گوندەکانی سنووری قەزای خانەقین باش نییە و هاوواڵتیان متمانەیان بە دەزگا ئەمنییەکان نەماوە و جموجوڵی چەکدارانی داعشیش لە سنوورەکە زۆرتر بووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی (وەرزی پاییز)ە لە نیوەگۆی باکووری زەوی

ئەمڕۆ، دووشەممە 2019.9.23 کاتژمێر 12:50ی دوای نیوەڕۆ بەکاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ماوەی شەوو ڕۆژ لەنیوە گۆی باکووری زەوی بە تەواوی یەکسان دەبێت بۆ 12 کاتژمێر ڕۆژ و 12 کاتژمێریش شەو، بەمەش لە ڕووی فەلەکییەوە ئەمڕۆ دەبێتە یەکەم ڕۆژو دەستپێکی وەرزی (پاییز) لەنیوە گۆی باکووری زەوی کە بە (هاوسەنگبوونی پاییزی -Fall Equinox) ناسراوە.
(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)

وەزیری دەرەوەی سعوودیە:

تاران هەوڵی کوشتن و وێرانکاریی دەدات

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ژمارەیەک فرۆکەی بێفرۆکەوان بارەگایەکی حەشدی شەعبییان لە ئەنبار کردە ئامانج

بەردەبەیانی دوێنێ یەکشەممە، ژمارەیەک فرۆکەی بێفرۆکەوانی نەناسراو، بارەگایەکی حەشدی شەعبییان لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار کردووەتە ئامانج و هێشتا زیانەکان بەتەواوەتی ڕوون نەبوونەتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ڕۆژانە زیاتر لە دوو هەزار تەن زبڵ و پاشماوە لە هەولێر کۆدەکرێتەوە



بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی هەولێر لەپێناو پاک و خاوێن ڕاگرتنی شاری هەولێر کار دەکات و بەگوتەی بەڕێوەبەری شارەوانی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی هەولێر بەپێی سنووری جوگرافی ئەو شارە گرێبەستیان لەگەڵ شەش کۆمپانیای کەرتی تایبەت هەیە بە مەبەستی کۆکردنەوەو گواستنەوەی زبڵ و پاشماوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرو دەوروبەری بۆ زبڵخانەی کانی قرژاڵە و ڕۆژانە زیاتر لە دوو هەزار تەن زبل کۆ دەکرێتەوە.
(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی:

دینداری و خۆشەویستی نیشتمان لەیەکدی جیا ناکرێنەوە

مامۆستایان شەو و ڕۆژ دەگەڕان و خەڵکیان هان دەدا بۆ خزمەتکردنی پێشمەرگە و شۆڕش

زۆرێک لە مامۆستایان چەکیان هەڵگرت و لە بەرەکانی جەنگدا شەهید بوون



دوێنێ یەکشەممە 22ی9ی2019 لە هەولێری پایتەخت، سەرۆک مسعود بارزانی بەبۆنەی 49یەمین ساڵیادی دامەزراندنیانەوە و بە مەبەستی پیرۆزبایی، سەردانی مەکتەبی تەنفیزی زانیاری ئیسلامی کوردستان کرد و لەلایەن دکتۆر عەبدوڵلا سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و ئەندامانی یەکێتی زانایان و ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی پێشوازی کرا.

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنان و نرخاندنی ئەو سەردانەی سەرۆک بارزانی، ئاماژەی بە مێژووی خەباتی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کرد و ڕۆڵی ڕێبەری نەتەوەیی بارزانییە نەمری لە دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان وەک مێژوویەکی پرشانازی یەکێتییەکەیان وەسفکرد.

سەرۆک بارزانی لە وتەیەکدا تەئکیدی لە ڕۆڵی ئەو دامەزراوە گرنگە لە کۆمەڵگەی کوردستان و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی کردەوە گوتی: من لە بیرمە جەنابی بارزانی، هەوڵیدا ئەو ڕێکخراوە دابمەزرێت، بێگومان مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵێکی زۆر پیرۆز و گەورەیان بینیوە بەتایبەت لە شۆڕشی ئەیلوول. شەو و ڕۆژ دەگەڕان لەسەرتاسەری کوردستان و دێ بە دێ، خەڵکیان هاندەدا و ئامۆژگاریان دەکردن بۆ ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن، زۆرێک لەوان چەکیان هەڵگرت و شەهیدیشیان هەبوو، هیوادارم مامۆستایانی ئایینی بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕۆژە پیرۆزە.

سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر جەوهەری دینی ئیسلامیش کردەوە و ئاماژەی دا: بەداخەوە دەبینین لە هەندێ لاوە ئینحیراف دروست بوو ، کەچی دینی ئیسلام دینی ئاشتەوایی و خۆشەویستییە، ئەرکی ئێوەیە مرۆڤ پەروەردە بکەن لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی دڕووست و ڕێزگرتن و خۆشەویستی.

سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوەش کرد، داعش و تیرۆریستان گەورەترین تاوان و خیانەتیان بەرامبەر بە دین کرد، ئەوەی تیرۆریستان کردیان، کامیان لەگەڵ ئایینی ئیسلام یەک دەگرێتەوە؟ لە کوشتن و بڕین و سووتانی خەڵک. زۆر گرنگە خەڵک وا پەروەردە بکرێت، دین و نیشتمان لە یەک جیا نەکرێنەوە، ئەوەی دیندار بێ نیشتمانەکەی خۆشدەوێت، ئەوەی نیشتمانی بوێت دینداره.

دەقی وتارەکەی سەرۆک بارزانی:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

زۆر سوپاسی هەموتان دەکەم بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە، خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لە خزمەت بەڕێزتان دام...

پیرۆزبایەکی گەرمتان لێ دەکەم بە بۆنەی دامەزراندنی چل و نۆ ساڵەی ڕێکخراوەکەتان...

لە بیرمە کە سەرۆک بارزانی چەند هەوڵی دا ئەم یەکێتییە دابمەزرێت، بێگومان مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵێکی زۆر پیرۆز و گەورەیان گێڕاوە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بەتایبەتیش لە شۆڕشی ئەیلوول، کە شەو و ڕۆژ مامۆستایان لەسەرتاسەری کوردستان دەچوون دێ بە دێ دەگەڕان و خەڵکیان ئامۆژگاری دەکرد و هانیان دەدان بۆ ئەوەی لەگەڵ شۆڕش بن، خزمەتی شۆڕش بکەن، خزمەتی پێشمەرگە بکەن. زۆرێک لە مامۆستایان چەکیان هەڵگرت و لە بەرەکانی جەنگدا شەهید بوون. من ئومێدەوارم کە مامۆستایان بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕۆڵە پیرۆزە، چونکە ڕۆڵی ئێوە ئەوەیە خەڵکەکە پەروەردە بکەن، ئامۆژگاریان بکەن، وە ئەو بەلاڕێدا چوونەی دڕووست بووە ڕاستی بکەنەوە.

دینی ئیسلام دینی پێکەوەژیان و ئاشتی و موحیببەت و برایەتی و تەباییە، لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا ئەرکی ئێوەیە خەڵک پەروەردە بکەن لەسەر پێکەوەژیان و ڕێز لە یەکتر گرتن و یەکتری قەبوڵکردن.

ئەوەی لەم دواییە بینیمان بەناوی دین لە هەندێک شوێن کرا، بەڕاستی گەورەترین تاوان و خیانەت بوو کە بەرامبەر دین کرا، وەک ئەوەی تیرۆریستان لە کوشتن و بڕین و سووتاندن کردیان، چ تاوانێک نەما نەیکەن، کەی ئیسلام ڕێگەی ئەو تاوانانەی داوە؟

من پێم وایە ئێوە دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر زۆر گەورەتر ببینن و بێگومان دەبێ پشتیوانیشتان بکرێ و دڵنیاش بن ئەوەی لەدەستمان بێت و پێمان بکرێت پشتیوانیتان دەکەین...

گرنگە خەڵکی نیَمە واپەروەردە بکرێت کە دین و نیشتمان لە یەکتر جیانەکرێنەوە، هەردووکی پێکەوە بەستراوە، ئەوەی دیندار بێت نیشتمانی خۆشدەوێ و ئەوەی نیشتمانی خۆشبوێ دیندار دەبێ. دەبێ ئێوە ئەو هاوکێشەیە ڕابگرن... من جارێکی تر پیرۆزبایێتان لێ دەکەم و پێتان دەڵێم، ئەوەی لەدەستمان بێت لە خزمەتتان دایناە.

زۆر سوپاس

دیاری حوسێن: کورد یان بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکات، یان یەک لیستی دەبێت



بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، کورد یان بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک ناکات، یانیش ئەگەر بەشداریی کرد یەک لیستی دەبێت. دەشڵێ، لیستی جیا زیانی بۆ کورد زۆرە. دیاری حوسێن، جێگری بەرپرسی سەرکردایەتیی پارتی لە کەرکووک / گەرمیان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئێمە بڕیارمان داوە وەک کورد، یان بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا ناکەین، یانیش هەموو بە یەک لیست بەشداری دەکەین، چونکە نابێت بەو ڕەوشە ئاڵۆزەی کەرکووکەوە هەر لایەنە و بەجیا بەشداری لە هەڵبژاردنی مانگی نیسانی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا بکەین.

بەرپرسەکەی پارتی دەشڵێت: کورد ئەم جارە لە کەرکووک یەکگرتووە و هەوڵەکان بەردەوامن بۆ پێکهێنانی لیستێکی کوردی بۆ هەڵبژاردن، بەڵام هێشتا کۆبوونەوەی دیکە ماوە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق.

دەربارەی زیانەکانی لیستی جیا، دیاری حوسێن ڕوونی کردەوە: بێگومان کەرکووک لەژێر تەعریبێکی گەورەدایە و یاسای هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئەگەر بێت و هەر لایەنە و بەجیا بەشدار بێت، دەنگی کورد بەهەدەر دەڕوات و زیانی زۆری بۆ کورد دەبێت و کاریگەریی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن هەیە و ئەنجامەکەی بەدڵی کورد نابێت.

بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنیان

جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەردانی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکات



بەمەبەستی پیرۆزباییکردن بەبۆنەی 49ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و لەلایەن مەلا عەبدوڵلا وەیسی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و ستافی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتییەکە پێشوازیی لێکرا.

لەسەردانەکەیدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی 49ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانی لە سەرۆک و ستافی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتییەکە کردو جەختیشی لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان سەرجەم ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان کردەوە کە یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە قووڵترکردنەوەی زیاتری ئەم پێکەوەژیانە. داواشی لە یەکێتییەکە کرد ڕۆڵی خۆیان بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان بگێڕن لەو زەمینەسازییە سیاسییەی کە ئێستا لە ئارادایە بۆ نووسینەوەی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان و پرسی چاکسازی و پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا.

لەلایەن خۆیانەوە سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان وێڕای سوپاسگوزاریان لە بەشداریکردنی پەرلەمانی کوردستان لە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتییەکەیان، هاوکات بەڵێنیاندا هەموو توانایەکیان بخەنەگەڕ و هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ وەقفی سوننە و شیعە و حەوزە شیعییەکانی عێراق بەمەبەستی تووندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانیان و بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

مەکتەبی سیاسی

49ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆز دەکات

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی 49ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتییەکە دەکات کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێزان/ سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بەبۆنەی 49ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوەندیی یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان دەکەین، هیوادارین لە کار و پەیامی گرنگتاندا بەردەوام بن بۆ خزمەتی زیاتری ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگەکەمان لە هەرێمی کوردستاندا.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە بەپاری "بارزانیی نەمر" دامەزرا، هەنگاوێک و دەسکەوتێکی دیکەی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بوو بۆ هاوڕێزی مامۆستایانی ئایینی و ڕێکخستنیان لەو یەکێتییە و بەهێزکردنی ڕۆڵیان لەخزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی و پتەوکردنی بەهاو نەریتە ڕەسەنەکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و برایەتی.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، هەمیشە سەنگەرێکی داکۆکیکار بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزعە و پەتای دووبەرەکی و تووندڕۆیی و زەبر و زەنگ، لەم ڕووەوەش جێدەستی دیارەو مایەی ڕێز و ستایشە، بۆیە ئەمڕۆش واپێویست دەکات زیاتر برەو بەو پەیامەی بدات و بەشێکی سەرەکی بن لەو پرۆسە هەمەلایەنە گرنگەدا.

لەو بۆنەیەدا وێڕای دووبارە پیرۆزباییمان، پاڵپشتی و پشتیوانی بەردەوامی پارتیمان بۆ یەکێتییەکەتان دووپات دەکەینەوەو ئومێدی بەردەوامیی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/9/21

تانەکەی پارتی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ 28ی مانگ دواخرا

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، تانەکەی پارتی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، دواخرا بۆ 28ی ئەم مانگە.

خەسرەو گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی لە دادگای فیدراڵی لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق سکاڵامان تۆمار کرد کە دەبوو دادگاکە ڕۆژی 2019/9/26 بەڕێوە بچێت ، بەڵام پاشان دوا خرا بۆ 2019/9/28. خەسرە گۆران ڕوونیشیکردەوە: بەپێی دەستوور مافی هەر تاکێکی ئەم وڵاتەیە ئیتر لە هەر کوێیەک بێت، واتە ئاوارە بێت یاخود لە دەرەوە دەنگی خۆی بدات، بۆیە ئەو بڕگەیەی کە زیاد کراوە لە یاساکە بە هیچ شێوەیەک دەستووری نییە کە ئاوارەکانی ناوچە کوردستانییەکان کە لە هەرێمی کوردستانن دەنگ نەدەن، بەڵکو دەبێ ئەوانیش دەنگ بدەن.

بەپێی زانیارییەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق سندووق بۆ ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان دانانرێت و پێویستە ئەوان بۆ دەنگدان بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە دادگا تانەی لە یاساکە داوە.



فازڵ میرانی پێشوازی لە کۆنسوڵی گشتی ئەمەریکا و شاندی یاوەری دەکات

دوێنێ یەکشەممە 22ی9ی2019 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە کۆنسوڵی گشتی ئەمەریکا ستیف ڤیگن و شاندی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا کە هۆشیار سیویلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی، بەشی دەرەوە ئامادەی بوو وێرای بەخێرهێنانی میوانان، فازڵ میرانی تیشکی خستەسەر بارودۆخی سیاسی و رەوشی ئەمنی ناوچەکەو سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دواو و ئاماژەی بە گفتوگۆی نێوان هەولێرو بەغدا کرد کە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە و راشکاوانەش تێڕوانین و دیدگای پارتی لەم بارەیەوە خستەڕوو و بە گرنگی زانی هەرچی زووترە رەوشی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان. هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی لەسەر هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکاو وڵاتانی هاوپەیمان لە شەڕی دژی داعش، هیوای خوست کە پشتگیری کردنیان لە هەرێمی کوردستان بەردەوام و زیاتر بکرێت بە جۆرێک کە خزمەتی بەرقەراری ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە بکات.

لەلای خۆیەوە ستیف ڤیگن سوپاسی مەکتەبی سیاسی کرد بۆ ئەم دیدارەو خۆشحالی خۆی دەربڕی لە پێشڤەچوونی گفتوگۆکانی نێوان هەولێرو بەغداو پشتگیریان لە پرۆسەی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ئیتحادی دەربڕی و جەختیان لەسەر پاراستن و سەقامگیری ئەمنی ناوچەکە کردەوە.

هێمن هەورامی: دەبێ هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستووری خۆی

بەم نزیکانە حکوومەت پرۆژە یاسای چاکسازی دەنێرێتە پەرلەمان

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئاماژەی بە هەندێ پرسی تایبەت بە دەستوور و هەماهەنگیی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ چین و تویژەکان کرد و ڕایگەیاند بەم نزیکانە حکوومەت پرۆژە یاسای چاکسازی دەنێرێتە پەرلەمان و جەختیشی کردەوە دەبێ هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستووری خۆی.



دوێنێ یەکشەممە 22ی9ی2019لە پەراوێزی سەردانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ پیرۆزبایی سەردانی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانیان کردبوو، گوتی: ئێمە داوامان لە یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان و مامۆستایانی ئایینی کرد کە ئەوان لە وشیارکردنەوەی خەڵکدا ئەرکێکی ئێجگار گرنگیان لەسەرشانە، بەتایبەت لەو ئەرکە کۆمەڵایەتی و ئایینی و نیشتمانیانەدا کە دەتوانن لە پرسی پێکەوەژیان و پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ بگێڕن.

هەورامی ئاماژەی بەوەش کرد: داوامان لە یەکێتیی زانایان کردووە لە نووسینەوەی دەستووردا بە هەمان شێوە هاوکارمان بن، چونکە دەستوور ئەوەندەی ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە، کەمتر ڕەهەندێکی یاسایی هەیە و داوامان لێکردن لە دروستکردنی ئەو زەمینە سیاسییەدا کە لەم چوار ساڵەدا یارمەتیدەرمان بن و دەبێ هەرێمی کوردستانیش ببێتە خاوەندی دەستوور، چونکە نەبوونی دەستوور وای کردووە دەستی لاوەکی بۆ مەترسی و هەڕەشەدانان لەسەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستووریيەکانی کوردستان بێتە ئاراوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گوتیشی: داوامان لێکردن ئەوانیش لە ئاست خۆیانەوە لەگەڵ ناوەندە ئایینی و دەسەڵاتەکانی بەغدا پەیوەندییەکانیان تووندوتوڵتر بکەن تاکوتەو فکرە و خیتابانەی دژی کوردستانن نەمێنن و لە ناوەڕۆک بەتاڵ بکرێنەوە و پێویستمان بە بانگەشەیەکی گشتی و دەستپێکردنی دامەزراندنی پەیوەندیی تووندوتوڵی نێوان هەموو لایەن و پێکهاتەکان هەیە.

هێمن هەورامی ئاماژەی بەوەش کرد: لەم نزیکانە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای چاکسازی دەنێرێتە پەرلەمان و ئەو پرۆژەیە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی لە حوکمڕانی و خزمەتگوزاریيەکان و کۆکردنەوە و دابەشکردنی داهاتەکان.

جێی باسە پرۆژە یاسای چاکسازی لە خولی پێشووی پەرلەمانداو بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان، نەتوانرا پەسەند بکرێت و کابینەی نۆیەم بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنەکان هەوڵ دەدات لەم خولە پەسەندی بکات.

وەزیری ناوخۆ: رووداوەکەی سماقوڵی بە مەبەست نەکراوە و خەریکە چارەسەر دەبێت

وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، رووداوی تەقەکەردن لە بارەگاکان دووڕە لە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەشڵێ، رووداوەکەی بازگەی سماقوڵی بە مەبەست نەکراوە خەریکە چارەسەر دەبێت. ڕوونیشی دەکاتەوە، کە گۆڕانکاری لە پۆستە حکوومییەکاندا دەکرێت.

ڕێبەر ئەحمەد، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: لێکۆڵینەوە لە رووداوی تەقەکەرانی بارەگاکانی پارتی و یەکێتی بەردەوامی هەیە، هەرکەس و لایەنێکیش لە پشت رووداوەکان بێت، بە گوێرەی یاسا سزا دەدرێت، چونکە رووداوی لەم چەشنە دووڕە لە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها رووداوەکەی سماقوڵی بە مەبەست نەکراوە و هیچ دەستێکی لەپشتەوە نەبووە، کە رووداوێکی نەخوازراو بووە و بابەتەکەش خەریکە چارەسەر دەبێت.

وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەشی دا: لە کاتێکی دیاریکراو گۆڕانکارییەکان لە پۆستە حکوومییەکانی تر بەردەوام دەبێت لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و قایقام و یەکە ئیداریيەکان، کە بە گوێرەی پێویست گۆڕانکارییەکان ئەنجام دەدرێن و ئەوەی ماوەی چەند ساڵێک لە شوێنەکەی بووبێت، دەگۆڕدرێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین بۆ «خەبات»:

پێویستە پێشمەرگە بۆ سنوورەکەمان بگەڕێتەوە

هاووڵاتیيان متمانەیان بە دەزگا ئەمنییەکان نەماوە



سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین ڕایدەگەیەنێت دۆخی ئەمنیی گوندەکانی سنووری قەزای خانەقین باش نییە و هاووڵاتیيان متمانەیان بە دەزگا ئەمنییەکان نەماوە و جموجوڵی چەکدارانی داعشیش لە سنوورەکە زۆرتر بووە. سەمیر محەمەد نوور، سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین، بە خەباتی ڕاگەیاند: دۆخی ئەمنیی گوندەکانی سنووری قەزای خانەقین باش نییە و چەکدارانی داعش بەردەوام جموجوڵیان لە سنوورەکەدا هەیە و لەپڕێکدا دەردەکەون و دەستێک دەوەشێنن.

هاوکات گوتیشی: چەند شەوێک پێش ئێستا چەکدارانی داعش چوونەتە سەر گوندی عەلی سباهی لەسەر ڕووباری سیروان، 69 سەر گامێشیان کوشتووە و 8 ماڵی گوندەکەشیان سووتاندووە و هەڵاتوون.

ئاماژەی بەوەش دا: هاووڵاتیان بە شێوەیەکی گشتی متمانەیان بە دەزگا ئەمنییەکان نەماوە کە بتوانن بیانپارێزن، بۆیە چەندینجار داوامان لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە و پارێزگای دیالە کردووە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ سنوورەکە بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش، بەڵام تا ئێستا وەڵامێکی ئەرێنیمان نەدراوەتەوە.

ژمارەیەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

بارەگایەکی حەشدی شەعبیيان لە ئەنبار کردە ئامانج



بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەممە، ژمارەیەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی نەناسراو، بارەگایەکی حەشدی شەعبیيان لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار کردووەتە ئامانج و هێشتا زیانەکان بەتەواوەتی ڕوون نەبوونەتەوە. بەپێی سەرچاوەیەک لە پۆلیسی عێراق، هێرشەکەی سەر بارەگاکەی حەشدی شەعبی لە ئەنبار، هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبووە. دوێنێ ئەفسەرێک لە سوپای عێراق کە بە هۆی هەستیاری بابەتەکەوە لە ڕووی ئاسایشەوە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە "ئەمڕۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان پێگەیەکی سەربە لیوای تەفوفی حەشدی شەعبییان لە فڕۆکەخانەی مورسەنات "70 کیلۆمەتر ڕۆژئاوای شارۆچکەی ڕوتبە" لە پارێزگای ئەنبار کردووەتە ئامانج". گوتیشی: بۆردومانەکە بووەتە هۆی گەیاندنی زیانی مادیی، بێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانی لە ریزەکانی حەشدی شەعبی بکەوێتەوە. ئەو ئەفسەرە ڕوونیشی کردووەتەوە کە فڕۆکەخانەی موسرەنات لە دوای کۆنترۆڵکردنی شارۆچکەی ڕوتبە و دەرهێنانی لە چنگ داعش سێ ساڵ لەمەوبەر بووەتە بارەگایەک بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی.

ئەم بۆردومانە لەکاتێکدایە کە هەفتەیەک لەمەوبەر هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕایانگەیاند، توانیویانە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی چاودێری لە پارێزگای دیالە بخەنە خوارەوەو ڕووبەڕووی دانەیەکی دیکەش بوونەتەوە لە سنووری پارێزگای سەڵاحەددین. ئەم ڕووداوانەش لەکاتێکدا دێت کە لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا، پێنج بنکەی هێزەکانی حەشدی شەعبی تەقینەوەی ناڕوونیان تیادا ڕوویداوە و بەرلە دوو هەفتەش، دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشییان کردە سەر یەکێک لە لیواکانی حەشدی شەعبی لە نزیک سنووری عێراق لەگەڵ سووریا و ئەوەش کۆژرانی سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی لێکەوتەوە و ئاماژەکانیش بۆ ئەوەن کە ئیسرائیل لەپشت ئەو هێرشانەوە بێت.

کەرکووک.. دووڕخستنەوەی بەرپرسانی کورد لە پۆستەکانیان بەردەوامە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت کە تا ئێستا چەندینجار بەڵێنمان پێدراوە دووڕخستنەوەی بەرپرسانی کورد لە پۆستەکانیان ڕابگیرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە پرۆسەکە تا ئێستا بەردەوامە و بڕیارە ژمارەیەک بەرپرسی دیکەش لە پۆستەکانیان دووڕبخرێنەوە و ئێمە ڕامانگرتووە.

ئازاد جەباری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند: تا ئێستا چەندینجار بەڵێنمان پێدراوە دووڕخستنەوەی بەرپرسانی کوردی شارەکە لە پۆستەکانیان ڕابگیرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە پرۆسەکە تا ئێستا بەردەوامە و لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا عەقید دانیال جەبار بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکووک لە پۆستەکەی دوور خرایەوە. گوتیشی: ئێستا بڕیارە ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی کورد لە پۆستەکانیان دوور بخرێتەوە، بەڵام ئێمە بڕیارەکەمان ڕاگرتووە و گوتوومانە قبوولی ناکەین و چاوەڕێین پارێزگاری کەرکووک لە چین بگەڕێتەوە تا لەو بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین.

ئامارژەی بەوەش دا: لابردنی بەرپرسانی کورد لە شارەکە سیاسەتی داڕێژراوی بەغدایە و لەلایەن ڕاکان سەعیدەوە جێبەجێ دەکرێت. جێی باسە پێشتر جوان حەسەن زەنگەنە، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕایگەیاندبوو: لە پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017وە زیاتر لە 50بەرپرسی کورد لە پۆستەکانیان دوور خراونەتەوە.



وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
دووشەمە 2019/9/23 ژمارە (5833)
خەبات



ڕەوەندی کورد لە تاراوگە دووەم ساڵیادی ریفراندۆمیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت



ساسان دەرویش- هۆڵەندا

ڕەوەندی کورد لە تاراوگە وەک بەشێکی دانەبڕاوی نیشتیمانەکەیان، هەمیشە بەهەڵوێستە جوانەکانیان لە خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلەکەیان بەشداربوون بەتایبەتیش لە پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پابەندبوونیان بەئینتیمای نەتەوەییەوە ریفراندۆمیش بەدەستکەوتێکی مێژوویی دەزانن و لەیادی دووەم ساڵی بەئەنجامگەیاندنیشی لە وڵاتە جیاوازەکان بەچالاکی هەمەچەشنە ئەم یادەوەرییەیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت .

رۆژی شەممە 21ی ئەیلوول 2019 لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان بەهاوکاری ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی، لە مەراسیمێکی پرشکۆدا یادی دوو ساڵ تێپەڕبوونی بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە پارکێکی گەورەی شاری ئەمستردام بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان و ئەندام ولایەنگرانی پارتیمان سازکرد، مەراسیمەکە بە سرودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیب دەستیپێکرد و پاشان لەلایەن عومەر زاوێتەیی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی بەخێرهێنانی هەموو ئامادەبووانی کرد و باسێکی کورتی ئەم ڕۆژە مێژوویییەی بۆ ئامادەبووان کرد.پاشان لەلایەن هەریەک لە نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، سیدار بنگول و شێخ ئەحمەد و فەخرەدین زیارەتی لە وتەکانیاندا ئەم ڕۆژەیان بەرز و پیرۆز باسکرد و هەروەها لەلایەن غەریب خورمالی شاعیر گوڵبژێرێکی لە شیعرەکانی بۆ ئەم ڕۆژە مێژوویی کرد دیاری. هەروەها عەلی هروری بەرپرسی لیژنەی هاوکاری پارتە کوردستانییەکان سوپاسی خەڵکی کوردستانی کرد بۆ ئەو هەماهەنگی و پێکەوە پشتگیرییەی کە لەنێواندا لە پارچەکانی کوردستان و بەسەرکەوتن و دەستکەوتەکانی گەیشتبوون و ئاماژەی بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو پارچەکانی کوردستان کرد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و ڕاگرتنی ئاڵای نیشتمان لە سەر هەموو دامودەزگاکانی کوردستان.

دەستەی ڕێکخەری ئەم چالاکییە لە ڕاگەیاندنێکدا سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانە ڕاگەیاند کە بەشداری ئەم چالاکییەیان کرد و هاوکاری ڕێکخەرانیان کرد بۆ سەرکەوتنی.

دەستەی ڕێکخەری گەورە ناوبرد بۆ کوردستان. دواتر بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی و سروودی نیشتیمانی گوزارشتیان لە خۆشی دەربڕین بۆ ئەو ڕۆژە مێژوویییە دەربڕی و لە کۆتاییشدا وەک سەیرانێکی خێزانی پێکەوە خوانی ئێوارەیان خوارد و جەختیان لە برایەتی و یەکڕیزی نێومالی کورد کردەوە، کە هیچ کات دەستبەرداری ماف و ئازادی کورد نەبن و هەمیشە پاڵپشتی کوردستان بن وەک کوردانی تاراوگە، تا کوردستان بە خەونی شەهیدان دەگات لە سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان.

دانیمارک ....

هەر هەمان ڕۆژ لە شاری کۆپنهاگنی پایتەختی وڵاتی دانیمارکیش، بۆ یادی پیرۆزی ڕیفراندۆم و وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژە مێژوویییە و لەبیرنەکردنی وەک بەڵگەنامەیەک، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان بەئامادەبوونی ڕەوەندی کوردی ئەو شارە ئاهەنگێکی فراوانیان لەهەمان هۆڵی ئەو شارە سازکرد، سەرەتا مەراسیمەکە بەمارشی نەتەوەیی دەستیپێکرد و پاشان وتاری لیژنەی سەرپەرشتیار خوێندرایەوە و تیایدا بەگرنگییەوە ئاماژەیان بە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە دا لە کۆکردنەوەی گەلی کورد بۆ دەربڕینی خواست و ماف و ئازادی خۆیان، پاشان بە سروودی نیشتیمانی و گۆرانی کۆتایی هات.


بەرچاو لە کوردانی ڕۆژهەلات و حزبی دیموکراتی کوردستان بەشداربوون و خەڵکانێک لە شوێنی دوورەوە هاتبوون، سەرەتابە بەمارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لەگیانی بەرزە فڕی شەهیدانی کورد و کوردستان مەراسیمەکە دەستیپێکرد، دواتریش لەنێو کاروانی خەڵک و شاردا هەموومان پێکەوە گوزارشتمان لە یادکردنەوەی ڕیفراندۆم کرد و ئەم ڕۆژەمان بەرزڕاگرت .

ئەڵمانیا ...

بەهەمان شێوە لە ئەڵمانیا بە دروشمی "ڕۆژی ڕیفراندۆم، ڕۆژی بڕیاری کوردستانی سەربەخۆ" ڕۆژی بڕیاری ئازاد بۆ بەرزڕاگرتن و یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە مێژوویییە لە هەرێمی نۆردڕاین بەفێستیڤاڵێکی بەرفراوان و بەشداریکردنی ڕەوەندی کورد ئەو یادە دەکەنەوە بەهاوکاری کۆمەڵەی ئەڵمانی ژ کوردی و کۆمەڵای میدیا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی حکوومەتی خۆجێی، دەستبەکاربوونی خۆیان بۆ خزمەت کردن بەکولتوور و ناساندنی زیاتری ڕەوەندی کورد ڕادەگەیەنن لەو ڕۆژەدا، ڕێوڕەسمەکەش لەکاتژمێر5ی ئێوارەی ڕۆژی 25ی ئەیلوول لە شاری هێرنێ لە ڕێز ڕۆشنایی و سەربەرشتی لیژنەی ناوچەی دوسڵدۆرف لقی شەش ئەوروپا پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەدەچێت. بەم بۆنەیەشەوە ناوچەی پارتی دۆسڵدۆرف ئاماەدەباشی کردووە بۆ ئەم ڕۆژە و پێشوازیکردنی ئامادەبووان لە سازکردنی ئاهەنگێکی میوزیک و گۆرانی و بەشداربوونی چەند هونەرمەندێکی ناسراوی کورد لە سەعید گاباری و دلبەر جزیری و ئیسلام زاخۆیی و زێڕێ سالح یادەکە دەڕازێندرێتەوە. لەمبارەیەشەوە حسام خۆشکانی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی دوسڵدۆرف لە ئەڵمانیا بەخەباتی ڕاگەیاند: لە 25ی ئەیلوولی 2017 هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامداو چووە قۆناغێکی دیکەی مێژووەوە لە کاروانی خەباتی نەپساوەی خۆیدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکە لە سەربەخۆیی. ئەو ڕیفراندۆمە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین سازکرا کە بەئاشتی و دیموکراسی بەڕێوەچوو و لە جیهاندا دەنگی دایەوە، ڕەوەندی کورد لە تاراوگە شەرەفی بەشداربوونی کاراو چالاکی هەبوو لەسەر خستنی و تۆمارکردنی ئەم مێژووە مەزنە، هەر لەم خۆشەویستی و پاڵپشتیکرنەشەوە بۆ یادکردنەوە و بیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژە مێژوویییە یادی دوو ساڵەی بەچەند چالاکییەکی هونەری بەرز و پیرۆز ڕادەگرین.

ئەرویژ ...

هەر بۆ بەرزڕاگرتنی دووەم ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، لەبەردەم بالەخانەی پەرلەمانی نەرویژ لە ئۆسلۆی پایتەخت، لە کاتژمێر چوار و نیو بۆ کاتژمێر 6ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە 2019/9/25 گردبوونەوەیەک بەڕێوەدەچێت، محەمەد ئەسکەندەر ، یەکێک لە ئەندامانی ئامادەکاری چالاکیی گردبوونەوەکە بۆ یادکردنەوەی دووەم ساڵیادی بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە بۆ خەبات گوتی: کۆمیتەی هاوکاریی حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان لەگەڵ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە نەرویژ بۆ ئەم یادکردنەوەیە کە ڕەوەندی کورد بەشێکی گرنگ بوون بۆ پاڵپشتیکردنی یادی دەکەنەوە.



د. بەشیر حەداد: پێویستە بودجەی پێویست بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان دابین بکرێت

دوێنێ یەکشەممە دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەغدا پێشوازی لە ئیسماعیل خەزیر هلوب جێگری یەکەمی پارێزگای سەلاحەدین و شاندێکی یاوەری کرد. لە کوبوونەوەیەکدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق جەختی لەسەر پێوستی دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ هاوواڵتیان لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق کردەوە و ئاماژەشی بەوەدا کە پێویستە هەوڵی تەواو بدرێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ڕۆتین و ڕێگریانە کە دێنە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەت ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندیان بە ژێرخانەوە هەیە و تواناکانیش بە باشترین شێوە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت بەکاربهێنرێن. هەروەها داواشی لە وەزارەتی پلاندانان و دارایی حکوومەتی فیدراڵی کرد کە لە بودجەی ساڵی 2020 پارەی زیاتر بۆ پارێزگا زیانلێکەوتووەکان بە تایبەت ناوچە ئازادکراوەکان دیاری بکەن بۆ ئەوەی ئاوەدان بکرێنەوە و پرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ هاوواڵتیانی ئەو ناوچانە جێبەجێ بکرێت.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گوتەی شاندی میوان بوو کە باسیان لە واقیعی پارێزگاکەیان و کێشەی ڕۆژانەی هاوواڵتیانیان کرد و ئاماژەی بەوەشدا کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرەڕای کاری یاسادانان و چاودێری کردن سورە لەسەر بەدواداچوونی مەیدانی لە سەر دۆسیە خزمەتگوزارییەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری گەورە لە تەواوی پارێزگاکان.



163 خۆپیشاندەر دەستگیرکران

ئێلەگ زەردەکانی فەڕەنسا بەردەوامن لە خۆپیشاندان

ئێلەگ زەردەکانی فەڕەنسا لە 44 مین هەفتەی خۆپیشاندانەکانیاندا بەمەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرکۆماری وڵاتەکەیان، ئیمانوێل ماکرۆن دیسانەوە ڕژانە سەر شەقامەکان. خۆپیشاندانەکانی ئێلەگ زەردەکان لە ژێر ڕێوشوێنی ئەمنی توندوتۆڵ بەردەوامە کە سەرەتا وەک کاردانەوە بەرامبەر گرانکردنی نرخی سووتەمەنی و هەلومەرجی سەختی ئابووری دەستیان پێکرد، دواتر گۆڕا بۆ ناڕازیەتی دەربڕین بەرامبەر ئیدارەی ماکرۆن. وێڕای قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە پاریس لە کاتێکدا ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران هەوڵیان دەدا بچنە ناو شەقامی کامپس ئەلیزێ گرژی لەگەڵ پۆلیس ڕوویداوە و پۆلیس بە بەکارهێنانی گازی بیبەری ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بووەوە. پۆلیس بە بەکارهێنانی هەمان گاز ڕێگەی لەوە گرت خۆپیشاندەران بچنە ناو تێرمینالی شەمەندەفەری ساینت-لازاری. ژمارەیەک لە ئێلەگ زەردەکان لە پارکی بێرکی شتیان لە ئۆتۆمبێلەکان گرت و پۆلیسیش بە بەکارهێنانی گازی بیبەری ڕووبەڕووبوونەوە. لە شارەکانی دیکەی فەڕەنساش خۆپیشاندان ئەنجام دران و لە خۆپیشاندانەکاندا 163کەس دەستگیرکران.

لەلایەکی دیکەوە ژینگەپارێزان بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە لە پاریس خۆپیشاندانیان ئەنجام دا. لە شارێی ساینت میشێل گرژی لە نێوان گرووپێک کە دەمامکی ڕەشیان پۆشیبوو لەگەڵ پۆلیس ڕوویدا. پۆلیس بە گازی بیبەری ڕووبەڕووی ئەو خۆپیشاندەرانە بووەوە کە شتیان تێدەگرتن. خۆپیشاندەران شوشەی ژمارەیەک لە فڕۆشگاکانیشیان شکاند. هەروەها بەمەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین دژی هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینیش لە پاریسی پایتەخت خۆپیشاندان ئەنجام درا. بەهۆی خۆپیشاندانەکانی پاریسەوە نزیکەی 30 وێستگەی میترۆ داخران. پۆلیس لە شارێی کامپس ئەلیزێ، گۆڕەپانی ترۆکادێرۆ، دەوروبەری هەریەک لە ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی وەزیران، تاوەری ئیفڵ و کاتیدرالی نۆتریدام خۆپیشاندانی قەدەغە کرد. جێی باسە خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان لە 17ی تشرینی دووەمی 2018ەوە بەردەوامە. تاکو ئێستا 11 کەس لە خۆپیشاندانەکاندا بوونەتە قوربانی، چوار هەزار و 245 کەس بریندارببوون کە هەزار و 797یان پۆلیس بوون، هەروەها 12 هەزار و 107 کەسیش دەستگیرکراون.

سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق

دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی ڕاگەیاند

سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عەلی سەجری ڕایگەیاند کە بە هۆی فشارەکانی سیاسی و بەشداریکردنی زۆربەی فراکسیۆنەکان لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و هەروەها بڕیارەکانی زۆرەملێ، دەستبەرداری پۆستەکەی بووە. لە 25ی حوزەیرانی ڕابردوو، عەلی سەجری وەک سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردرابوو.

عەلی سەجری ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: بڕیارمدا دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجووەمەنی نوێنەران بم، ئەویش بە هۆی فشارە سیاسییەکان و بەشداریکردنی زۆربەی فراکسیۆنەکان لە لێکۆڵینەوەکانی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، هەروەها بڕیارەکانی زۆرەملێ کە بوونەتە هۆی بەدەستهێنانی قازانج لەسەر حیسابی ڕۆڵەکانی گەل.

سەرۆکی دەسەلەکارکێشاوەی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عەلی سەجری ڕوونیکردووەتەوە کە ڕۆڵی چاودێری ئەنجوومەنی نوێنەران لە زۆربەی کاتدا لاوازە سەبارەت بە ئەرک و کارەکانی حکومەت و وەزارەتەکان. عەلی سەجری ئەوەشی گوتووە: ئەرکی نیشتمانی و یاساییم وای کردووە پاڵپشتی لە ڕۆڵەکانی گەلەکەم بکەم و بەرامبەر ئەو ستەمەی لێیان دەکرێت بێ دەنگ نەبم.

سەجری داوای لە سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی و ئەنجوومەنی باڵا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، دەستەی دەستپاکی نیشتمانی و چاودێری دارایی کردووە کە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە لێپرسنەوە و سزادانی گەندەڵکاران و گوتوویەتی: پاڵپشتی لە سەرۆکوەزیران و سەرجەم دامەزراوەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکەم و بە هەموو شێوەیەک ڕووبەڕووی گەندەڵکاران دەبینەوە.

عەلی سەجری تیشکیشی خستووەتەسەر ئەوەی: ئەگەر نەمانتوانی لە ڕێگەی دادگاوە گەندەڵی بنەبڕ بکەین و لەناوی ببەین، ئەوە پەنا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی چاودێری دەبەین بۆ ئەوەی وڵات لە گەندەڵکاران ڕزگار بکەین.

لە کۆتاییدا ناوبراو ئەوەیشی گوتووە: ئەمەریکا لە ساڵی 2003ەوە هۆکار بووە لەوەی گەندەڵکاران تا ئێستا پارە و سامانی عێراقیان بە هەدەر داوە و بردیوویانە و ئەمە وێڕای ئەوەی ئابووری وڵاتیشیان داڕووخاندووە.



باکووری کوردستان...
کوردێک بە بیانووی بێڕێزیکردن بە ئەردۆغان 12 ساڵ زیندانی دەکرێت

K24/ هاوواڵتییەکی باکووری کوردستان بە بیانووی بێڕێزیکردن بە ئەردۆغان، بە 12 ساڵ زیندانیکردن سزا درا. بەگوێرەی ئاژانسی مۆزۆپۆتامیا، هاوواڵتییەکی خەڵکی شاری وانی باکووری کوردستان بە ناوی، بورهان بۆراک، لەبەر حەوت بڵاوکراوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ساڵی 2014 دادگایی کرا و لە ئەنجامدا دادگای وان ئەو هاوواڵتییە کوردەی بە بیانووی بێڕێزیکردن بە ئەردۆغان، بە 12 ساڵ زیندانیکردن سزا دا.



لە شەش مانگدا 263 کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیر کراون

لە شەش مانگی ڕابردوودا بە شێوەیەکی نێودەنجی هەر هەفتەیەک 11 هاوواڵتیی کورد بە تۆمەتی چالاکی سیاسی، مەدەنی، کرێکاری و مەزهەبی لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون. ئەرسەلان یارئەحمەدی بەرپرسی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە «خەبات»ی ڕاگەیاند لە شەش مانگی ڕابردوودا لانیکەم 263 هاوواڵتیی کوردی ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستگیر کراون کە زیاتر لە 92ی ئەو دەستبەسەرکراوانە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاریکردن و ئەندامەتی لە حزبە کوردستانییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران دەستگیرکراون.

لەناو ئەو کەسانەدا کە دەستگیر کراون، 10 کەسیان ئافرەت ، 4 کەسیان مامۆستای قوتابخانە، 2 کەسیان منداڵ، 7 کەسیان خوێندکار، کەسێکیان لێکۆڵەر و کەسێکیشیان ڕۆژنامەنووس بوون.

دەنگۆی ناردنی پەیامی «ئێمە لێبدەین و ئێوەش دەنگ مەکەن» لە ئەمەریکاوە بۆ ئێران

فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئێران: دەستپێکی جەنگ لەدەست ئەمەریکایە، بەڵام کۆتایی پێهێنانەکەی پەیوەستە بە ئێرانەوە



فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئێران، جەنەراڵ عەبدولڕەحیم موسەوی بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەمەریکا پەیامی ئەوەی نارد بوو کە ئەویش خاڵێک دەکاتە ئامانج و ئێرانیش لەمبارەیەوە هیچ هەڵوێستێکی نەبێت و بەم هۆیەوە دۆزەکە دابخرێت. موسەوی لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی فەرمی دەوڵەتی ئێران باسی لە خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمەریکا و وەڵامدانەوەی ئەم پرسەی کرد.

موسەوی بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەمەریکا لە پەیامێکیدا گوتوویەتی: ئێمەش لە خاڵێک دەدەین و ئێوەش دەنگتان نەبێ لەسەر ئەمە. دۆزەکەش بەم شێوەیە دابخرێت. ڕاشیگەیاند کە وەڵامی تاران ئەوە بووە کە "ئەگەر یەک لێبدەن ئەوا 10 دەخۆن".

موسەوی بەرگریی لەوەش کرد کە دەستپێکی جەنگ لەدەست ئەمەریکایە، بەڵام کۆتایی پێهێنانەکەی پەیوەستە بە ئێرانەوە. گوتیشی: ئەگەر شەڕ و پێکدادان دەست پێبکات ئەوا کارەکە لەدەست ئێمە دەبێت و تا ئەو کاتەی ئێمە دیاری دەکەین پێکدادانەکان بەردەوام دەبن.

هەولێر.. کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئابووری بەڕێوەچوو
موخلیس سەلیم مورad: ئامانجمانە زۆرترین وەبەرهێنەر ڕابکێشینە هەرێمی کوردستان



بە هەماهەنگی دەستەی وەبەرهێنان و مالی پێشمەرگە، کۆنفرانسێک بۆ پەرەپێدانی کەرتی ئابووری و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی چەند کۆمپانیایەکی بیانی و ناوخۆیی ئەنجامدرا، ڕێکخەری کۆنفرانسەکەش ئاماژە بەوە دەکات کە دەیانەوێت گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لە نێوان کۆمپانیاکان دروست بکەن و ئاشکرایشی دەکات بەر لە ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، سێ گرێبەستی گەورە لە نێوان کۆمپانیا بیانییەکان و کۆمپانیا ناوخۆییەکان واژوکراوە.

لە کۆنفرانسەکەدا، بەڕێوەبەری گشتی یاسایی و کارگێڕی و دارایی لە دەستەی وەبەرهێنان موخلیس سەلیم مورad گوتی: کارنامەی حکوومەت ئەوەیە کە زیاتر پەرە بە بابەتی وەبەرهێنان بدرێت و ئەولەویەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە کار لە سێکتەرەکانی وەبەرهێنان و ئابووری بکات، ئامانجمانە زۆرترین وەبەرهێنەر ڕابکێشینە هەرێمی کوردستان. موخلیس مورad گوتیشی: ئەگەر سەیری یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2006ی وەبەرهێنان بکەین دەبینین زۆر خاڵی گرنگی تیادایە، بەڵام بێ کەموکوڕیش نییە و یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمە دووبارە دەستکاریکردنی یاساکەیە بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتر بدرێت بە وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆ.

بەڕێوەبەری گشتی یاسایی و کارگێڕی و دارایی لە دەستەی وەبەرهێنان تیشکی خستە سەر ژمارەی ئەو پڕۆژانەی کە لە میانی کردنەوەی دەستەی وەبەرهێنان ئەنجامدراوە و گوتی: لە دەستەی وەبەرهێنان ڕایگەیاند: ئامانجمان ئەوەیە کە بواری ئابووری و کولتووری هەرێمی کوردستان بەهێز بکەین، 10کۆمپانیای گەورەمان بانگهێشت کردووە تا لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان ئالوگۆڕی بیروڕا بکەن و دواتر بتوانن گرێبەستێک لە نێوانیان واژوو بکەن. سۆلین بابان گوتیشی: کۆمپانیاکان لە بواری جیاجیاکان کار دەکەن لە بواری تەکنەلۆجیا، وەبەرهێنان، بازرگانی و بانکی چینیش لێرە ئامادەیە، هەرچەندە ئەم کۆمپانیایانە تۆزێک دڵەڕاوکێیان هەیە و شارەزای ناوچەکە نین، بەڵام بەشێک لەم کۆنفرانسە بۆ ئەوەیە کە دڵەڕاوکێیان بڕەوێتەوە و بتوانن بڕیاری گرنگ بدەن.

ئەم کۆمپانیایانە ماوەی پێنج ڕۆژ لە هەرێمی کوردستان دەمێننەوە کە ڕۆژی یەکەم کۆنفرانسێک ئەنجام دەدەن و ڕۆژی دواتر بەشداری لە خواردنێکی کولتووری دەکەن و ڕۆژی سێیەم سەردانی بەشێک لە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن و دواتر سەردانی چەند کۆمپانیا و پڕۆژەیەک دەکەن.

لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکانیشەوە، سۆلین بابان گوتی: بەر لە ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، سێ گرێبەستی گەورە لە نێوان کۆمپانیای بیانی و کۆمپانیای ناوخۆیی واژوو کراوە و پێشبینی دەکەین ئەم کۆنفرانسە ببێتە دەستپێکێکی پەرەپێدانی کەرتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان. جێی باسە لەم کۆنفرانسەدا هەریەک لە وڵاتانی، سعوودیە، چین، ئوردن، ئیمارات، لوبنان و دوبەی بەشدارن.

بەرپرسیاریێتی هێرشەکانی سەر کۆمپانیای ئارامکۆ دەخەینە ئەستۆی ئێران
وەزیری دەرەوەی سعوودیە: تاران هەوڵی کوشتن و وێرانکاریی دەدات



وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیر ڕاگەیاند کە سعوودیە دەیەوێت پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئێران هەبێت، بەڵام تاران بەرامبەر ئەوە، هەوڵی کوشتن و وێرانکاریی دەدات. عادل جوبەیر لە دیمانەیەکدا لەگەڵ CNN گوتی: هیچ کەسێک جەنگی ناوێت، بەڵام ئەگەر تاران بەردەوام بێت لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئێستای، ئەوا سەرکێشی دەکات بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ. وەزیری دەرەوەی سعوودیە ئاماژەی بەوەکرد کە وڵاتەکەی بەردەوام دەستی بۆ ئێرانییەکان درێژکردووە، بەڵام تاران بەرامبەر ئەوە، هەوڵی کوشتن و وێرانکاریی دەدات. عادل جوبەیر ڕوونیکردەوە کە دیانەوێت ئێران وڵاتێکی سروشتی بێت و واز بهێنێت لە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و پاڵپشتیکردن لە گرووپە تیرۆریستییەکان و گوتی: دەمانەوێت پەیوەندییەکی باشمان هەبێت لەگەڵ ئێران و دەمانەوێت کاری بارزگانی لەگەڵ ئێرانییەکان بکەین.

وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیر سەبارەت بە هێرشەکانی سەر کۆمپانیای ئارامکۆ گوتی: بەرپرسیاریێتی ئەو هێرشانە دەخەینە ئەستۆی ئێران، چونکە تاران ئەو مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی دروست و ڕادەستکردووە کە بۆ هێرشەکانی سەر دوو دامەزراوە نەوتییەکەی سەربە کۆمپانیای ئارامکۆ سعوودیە بەکارهێندراون. عادل جوبەیر ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەگەر سەلمێندرا مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە خاکی ئێرانەوە ئاراستەی دوو دامەزراوە نەوتییەکەی کۆمپانیای ئارامکۆ کراون، ئەوا بە "خواستی جەنگ" هەژمار دەکرێت. جێی باسە پێشتر ئێران بۆ چەند جارێک ڕەتیکردبووەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بەو هێرشانەوە هەبووبێت کە ڕۆژی شەممەی هەفتەی ڕابردوو کرانە سەر دوو دامەزراوەی نەوت سەربە کۆمپانیای ئارامکۆ سعوودیە.

عێراق.. داعش بەرپرسیاریەتی خۆی لە تەقینەوەکەی کەربەلا ڕاگەیاند



ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەو تەقینەوەیە ڕاگەیاند کە لە یەکێک لە دەروازەکانی شاری کەربەلا باشووری عێراق ڕوویدا و بەهۆیەوە، 12 کەس کوژران و پێنجی دیکەش برینداربوون.

هەژمارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش ڕاگەیەندراوێکیان بەناو ویلایەتی باشوور بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا داعش بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی تەقینەوەکەی شاری کەربەلا باشووری عێراق ڕاگەیاندووە. لای خۆیەوە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی فوراتی سەر بە حەشدی شەعبی، عەلی حەمدانی ڕایگەیاندووە کە ئەنجامدەری تەقینەوەکە لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی نیشتمانییەوە دەستگیرکراوە.

عەلی حەمدانی لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەشی خستووەتەڕوو کە ئەنجامدەری تەقینەوەکە، ئەو جۆرە بۆمبەی کە لە دوور بە کۆنترۆڵ دەتەقێندرێتەوە لە پاسێکدا چاندبوو کە ژمارەیەک هاووڵاتی لە بەغداوە دەگواستەوە بۆ کەربەلا. فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی فورات سەربە حەشدی شەعبی، عەلی حەمدانی ئاشکراشیکردووە ئەنجامدەری تەقینەوەکە دانیشتووی ناوچەی جورف نەسر باشووری ڕۆژئاوای بەغدایە و لە گەڕەکی عەسکەری لە قەزای مسەیەب باکووری پارێزگای بابل نیشتەجێیە، پێشتر دوو پەلاماری تیرۆریستی دیکەشی لە قەزاکەدا ئەنجامداوە.

جێی باسە پێشتر نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاندبوو، ئەنجامدەری تەقینەوەکەی شاری کەربەلا کە کوژرانی 12 کەس و برینداربوونی پێنج کەسی لێکەوتەوە، دەستگیرکراوە. ڕۆژی شەممە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاندبوو، ڕۆژی هەینی بۆمبێک کە لەنێو پاسێکدا چێنرابوو لە نزیک خاڵێکی پشکنینی ئەمنی لە دەروازەی شاری کەربەلا تەقیوەتەوە و بەهۆیەوە، 12 کەس کوژراون و پێنج کەسی دیکەش برینداربوون.

بەرپرسێ لقێ 9: ماموستا و زانایێن ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ یا کوردستانێ رولەکێ دیارو بەرچاڤ هەبوویە دهوشیارکرنا جڤاکی دا



خەبات ـ سالح محەمەد تەیرۆ:

بەرپرسێ نقیسینگەها راگەهاندنا بەرپرسێ لقێ9 بۆ خەبات گۆت : ب مەبەستا پیروزباهی کرن ب هەلکەفتا 49مین سالڤەگەرا دامەزراندنا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ یا کوردستانێ سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ9 و دگەل شاندەکێ یاوەر سەردانا بارەگایێ لقا ئاکرێ یا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ یا کوردستانێ کر و بنافڤێ لقێ9 ئەڤ هەلکەفتا پیرۆز ل تەڤایا ئەندام و بەرپرسێن ڤێ ئێکەتیێ کرن ، د رینشتنەکێ داو ل پشتی بخێرهاتنا شاندا ناڤبری بەرپرسێ لقێ9 ئاماژە دا گرنگیا رولێ ماموستایێن ئایینی د هوشیارکرنا جڤاکی دا ل هەمی ئالیەکێڤە و رولێ ئێکەتیا ماموستایێن ئایینی ب گشتی ل کوردستانێ ونەمازە یا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ یا کوردستانێ ب بلند نرخاند ل هوشیارکرنا جڤاکی و هەست کرن ب بەرپرسیارەتیا ئایینی و نەتەوی و نیشتیمانی و ل بەرەڤانیکرن ل ئاخا پیرۆزا کوردستانێ ل بزاڤا رزگاریخوازیا کوردستانێ و نەمازە ل شورشا ئیلونا مەزن و گولانا پێشکەفتنخواز دیسان ل دژی رێکخراوەکا تیروریستیا داعش کو جهێ داخێ یە ڤێ رێکخراوا داعش و لژێر پەردەیا ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامی چەندین تاوانێن دژی هەمی پرەنسیپێن ئایینی و ئەخلاقی و مروڤایەتی ئەنجام دان و زیانەکا مەزن ژی گەهاندە ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامێ ، دیسان بەرپرسی لقێ گۆت : پێدڤی یە ئەڤرۆ ژی ماموستایێ ئایینی ب هەمان روحیەت و هەست کرن ب بەرپرسیارەتیێ خەلکێ مە هوشیار بکەتن ل هزرا تونددرەو کو ئەڤ هزرە پاشماوێن وان هزرانە کو دگەل پرەنسیپێن تەڤایا ئایینێن ئاسمانی و ئایینێ ئیسلامێ ناگونجیێن و بەرژەوەندی یا گەلێ کوردستانێ ژی دا نینە چونکی مللەتێ کورد 95% بوسلمانە و ئەڤرۆ چ هزرێن توندرە و نکارن تازە ب تازە ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامێ نیشا مە بدەن .لەوما فەرە ماموستایێن ئایینی ل سەر مینبەران ب رونی و زەلالی بەحسێ وێ هزرا تونددرەو و ئەو زولم و ستەمێ ل مللەتێ کورد هاتیە کرن و ئەو خەبات و تێکوشین و قوربانیدانا گەلێ کوردستانێ کری و دایی و هیچ دەمەکێ ژی مە نەڤیایە ئەم زولمێ ل هیچ مللەت و نەتەوەیەکێ بکەین و ب تنێ مە داخوازا مافێن خوە کری یە کو ئەڤە ژی د ئایینێ ئیسلامێ دا مافەکێ شەرعی یە ، لدویاهیێ بەرپرس و دستەیا لقا ئاکرێ سوپاسیا بەرپرسێ لقێ 9کر و خویا ژی کر کو بەرەڤانیکرن ل مافێن گەلێ کوردستانێ مافەکێ شەرعی یە.

بەئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف کۆبوونەوەی بەرپرسانی راگەیاندنی ئەوقافەکانی کوردستان بەڕێوەچوو



لەدیوانی وەزارەت بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کۆبوونەوەی تایبەت بە بەرپرسانی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و تێبینەرایەتیەکانی سەر بەوەزارەت بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبونەوەکە وەزیری ئەوقاف بەخێرهاتنی هەموو لایەکی کردو ڕایگەیاند: ڕۆڵی ڕاگەیاندن بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستا یەکجار بایەخ و گرنگی هەیە پێویستە لەسەر ڕاگەیاندنی ئەوقافەکان ڕۆڵی کارا بگێڕن لە گەیاندن و پەخش کردنی چالاکی و پڕۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەبێ جیاوازی کار بکەن بۆ قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستی و پێکەوەیی ، ئەمە وێڕای هەبوونی پلانی کارو ڕێکخستنی کاتی گونجاو و لەبار بۆ وەشانی پەیامی ڕاستەقینەی کارەکان و چالاکیە بەردەوامەکانی وەزارەت لەسەرتاسەری کورستان.

وەزیری ئەوقاف تەئکیدی لەکارنامەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی کوردستان کردەوە بۆ کارکردنی چوار سالّی ئایندە و شێوە و میکانیزمی کارکردنی بەوووردی خستەڕوو ، ئەمە وێڕای بەئەرشیف کردنی چالاکیەکان ، دانانی سیستمێکی پەیوەندی تەکنەلۆژی بەهێز لەنێوان بەرپرسانی ڕاگەیاندن پشتیوانی کردنیان.

هەروەها کارکردنی بەتیم بەئامانجی گەیاندنی ئامانجە ستراتیژیەکانی کابینەی نۆیەم ، هەروەها پێدانی پەیڕەوی کارکردنی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وێڕای پەیڕەوکردنی سیستمی ڕێزلێنان و پاداشت کردن بۆ ئەو ڕاگەیاندنانەی کاران و کارەکانیان بە سەرکەوتووی جێبەجێ دەکەن ، دواتر بوار درا بە بەرپرسانی ڕاگەیاندنی ئەوقافەکان و چەندین خاڵ پێشنیار کران بەئامانجی بەرەو پێش چوون و چەند بریارێکی پێویستیش لەبارەیانەوە دران.

گوتەبێژی وەزارەتی دارایی دوو خاڵی گرنگی کاری وەزارەتەکە ئاشکرا دەکات

ئەحمەد عەبدولڕەحمان، گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ''ئەوەی ئێستا ئەولەویەتی کاری وەزارەتی داراییە ، دوو خاڵە.

ئەوەشی ئاشکرا کرد خاڵی یەکەم پەیوەندی بە موچەوە هەیە کە دەبێت لە کاتی خۆیدا و بە شێوەی مانگانە موچە بە موچەخۆران بدرێت. خاڵی دووەمیش بریتییە لە چاکسازیی دارایی و ئیدارەدانی لە هەرێمی کوردستان. گوتەبێژی وەزارەتی دارایی هەروەها ڕایگەیاند، ئەوان ئێستا سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ پڕۆژە بودجەی ساڵی 2020ی هەرێمی کوردستان و ''لێژنەیەک کاری تێدا دەکات، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا ئامادەبێت. ڕوونیشی کردەوە، وەزارەتەکەی ئەو پلان و بەرنامانە جێبەجێ دەکات کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، ''هەر شتێک لە داهاتوودا پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبێت ڕادەگەیەنرێت، بۆیە ئەو بابەتە پەیوەندی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە.

دهوک.. دەست ب دانانا پیڤەرێن زیرەک بێن کارەبێ ل تاخێ شاخکێ هاتە کرن

خەبات ـ دهوک

دوهی سپێدێ 2019/9/22 ل تاخێ شاخکێ ب ئامادەبونا ماجد سەید سالح پاریزگەرێ دهوکێ ب وەکالەت و محەمەد ئەحمەد سلێمان ڕێڤەبەرێ گشتی یێ کارەبێ ل دیوانا وەزارەتێ گوت: ئەڤرو مە دەست ب دانانا پیڤەر دهوکێ و ڕێڤەبەرێن کارەبێ ل پاریزگەهێ دەست ب دانانا پیڤەرێن زیرەک بێن کارەبێ هاتە کرن. ل دور پڕۆژەی ئەندازیار محەمەد ئەحمەد سلێمان ڕێڤەبەرێ گشتی یێ کارەبێ ل دیوانا وەزارەتێ گوت: ئەڤرو مە دەست ب دانانا پیڤەر و تورێن زیرەک بێن کارەبێ ل تاخێ شاخکێ ل دهوکێ کر و ئەڤ پڕۆژە ل هەولێرێ ژی کەتیە کاری و هەر ئەڤرو ل گەرەکەکا باژێرێ سلێمانیێ ژی دهێتە بجهکرن، ئارمانج ژدانا پڕۆژەی ئەوە سنوردارکرنا مەزاختنا کارەبێ یە کو ب دادوەری ل سەنسەرێ هەرێمێ بهێتە بەلافکرن و هەمو گوهورک و محەویلە بهێنە کونترولکرن و ژسوتن و خرابونا بهێنە پاراستن،نەهێلانا زێدەگاڤیا ل سەر تورێن کارەبێ ، حکومەتا کوردستانێ 300 ملیون دولار و تورێن زیرەک بێن کارەبێ ل تاخێ شاخکێ ل دهوکێ کر و ئەڤ پڕۆژە ل هەولێرێ ژی کەتیە کاری و هەر ئەڤرو ل گەرەکەکا باژێرێ سلێمانیێ ژی دهێتە بجهکرن، ئارمانج ژدانا پڕۆژەی ئەوە سنوردارکرنا مەزاختنا کارەبێ یە کو ب دادوەری ل سەنسەرێ هەرێمێ بهێتە بەلافکرن و هەمو گوهورک و محەویلە بهێنە کونترولکرن و ژسوتن و خرابونا بهێنە پاراستن،نەهێلانا زێدەگاڤیا ل سەر تورێن کارەبێ ، حکومەتا کوردستانێ 300 ملیون دولار بو ڤی پڕۆژەی تەرخانکرینە و هاولاتی چ پارەی بەرمبەر نادەت پێڤەر ل سەر ستوینکێن کارەبێ دێ هێنە دانان و ل هندەک جهاں سەر ئەردی و پیڤەرێن مالا بو ڤێ قوناغێ دێ وەکو خومیەن و چ دەستکاری تێدا ناهێتە کرن هەروەسا کارەبا موهلیدا ژی دێ وەکو خومینیت و داخاز ژوەلاتیان و خودانێن موهلیدا کر کو دگەل تیمێن کارەبێ دهەڤکارین هەتا پڕۆژە ب دوماهی دهێت ئەڤ پڕۆژە دماوێ 12 هەیڤان دا دێ هێتە ئەنجامدان.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی مستەفا ئیبراهیم ئاکۆیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئەیلوولی مەزن مستەفا ئیبراهیم ئاکۆیی مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمان بە خانەوادە تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خواليێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی نیشتمانی فرۆکەوانی ئۆکرانی تاوتوێی کردنەوەی بەشی ئەندازیاری فرۆکەوانی دەکەن



لە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، سەرۆکی زانکۆ د.ئەحمەد دزەیی پێشوازی لە شاندێکی زانکۆی نیشتمانی فرۆکەوانی ولاتی ئۆکرانیا کرد. لە دیدارەکەدا کە ڕاگری کۆلیژی ئەندازیاری ئامادەبوو، باس لە ئامادەکاریەکانی کردنەوەی بەشی ئەندیاری فرۆکەوانی کرا لە زانکۆی سەلاحەدین. تێیدا جەخت کرایەوە لەسەر ئەوەی چۆن هەردوولا بتوانین بە هاوبەشی بەشی ئەندازیاری فرۆکەوانی بکەنەوە کە دەبێتە یەکەم لەسەر عیراق و هەرێمی کوردستان.

لە سەرەتادا دکتۆر ئەحمەد دزەیی باسی لەوە کرد کە لە زانکۆی سەلاحەدین دەمێکە تاوتوێی ئەم بابەتە دەکەین بەهۆی گرنگی ئەم پرسە، بۆیە ئێمە ئەمە بە دەرفەتێکی گرنگ دەزانین کە بەشی ئەندازیاری فرۆکەوانی لە کۆلیژی ئەندازیاری بکەینەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شارستانی خزمەتی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، بە تایبەت بە هاوکاری و هەماهەنگی زانکۆیەکی پسپۆری وەک زانکۆی نیشتمانی فرۆکەوانی ئۆکرانی. هەروەها سەرۆکی زانکۆ ئەوەشی دوپات کردەوە کە بۆ کردنەوەی ئەم بەشە گرنگە زۆر پێویستیان بە زانکۆی میوان هەیە چونکە زانکۆی سەلاحەدین ستافی پێویستی بۆ ئەم بوارە نیە و لە بابەتی ئامادەکردنی پرۆگرامی بەشی فرۆکەوانی شارەزایی تەواو نییە، سەرەڕای ئەوەی کە تاقیگەیەکی تەواو نییە بۆ ئەم بەشە.

هەر لە دیدارەکەدا سەرۆکی زانکۆ پێشنیاری ئەوەی کرد کە هەردوو زانکۆ بەیەکەوە پڕۆپۆزەلی کردنەوەی بەشەکە ئامادەبکەن و پێشکەشی لایەنی پەیوەندیداری بکەن، ئەمیش لەبەر هەستیاری و گرنگی بەشەکە، بەتایبەت کە یەکەمین جارە لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی کوردستان بەشی ئەندازیاری فرۆکەوانی دەکرێتەوە. زانکۆی سەلاحەدین هەمیشە ویستویەتی پێشەنگ بێت لە کردنەوەی سەردەمیەکان. کردنەوەی ئەم بەشەش سەرەتایەتی باش دەبێت بۆ دروست کردنی پەیوەندیەکی پتەوتر لەگەڵ زانکۆ ئۆکرانیەکان. بۆ ئەم مەبەستە دکتۆر ئەحمەد پێشنیاری کرد کە ئەم بەشە بکرێتە بەشێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو زانکۆ بۆ ئەوەی لە داهاتوو زەمینەی کردنەوەی زانکۆی ئۆکرانی لێرە دروست بێت. بەلەبەر چاوگرتنی هەستیاری و گرنگی بەشەکە، سەرۆکی زانکۆ جەختی لەوەش کردەوە کە فرۆکەخانەکانمان پێویستیان بە کادیری زانستی هەیە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، سەرۆکی شاندی میوان جەختی لەوە کردەوە کە پەیوەندی زانستی لەنێوان حکومەتەکان دیبلۆماسیەتێکی میللیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە دبلۆماتکاران توانای چارەسەرکردنیان نییە. هەروەها لە باس کردنی زانکۆکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە بەشەکانی زانکۆکەی پێشکەوتووترین بەشن لەسەر ئاستی ئەورووپا و جیهان. تەنانەت لە زانکۆ بەشی موشەک و فرۆکەی بێ فرۆکەوانیش هەیە، کە لەلایەنی سەربازیش زۆر پێشکەوتوونە.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە کە لە زانکۆی نیشتمانی فرۆکەوانی ئۆکرانی 19 بەشی سەربازی فرۆکەوانی و 17 بەشی فرۆکەوانی شارستانی هەیە.

گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردنی مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئایینی دەکرێت

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن لە هەرێمی کوردستان، نموونەیەکی پێشکەوتووە لە ناوچەکەدا و گەشەی زیاتری پێ دەدەن. دەشڵێ، بەپێی یاسا بەرکارەکانی وەزارەت، گۆڕانکاری لە شێوازی بەڕێوەبردنی مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئایینی دەکرێت. دکتۆر پشتیوان سادق، گوتی: "لەگەڵ هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ ناوچە سنووربییەکانی هەرێمی کوردستان، پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی شێواند و لەو ناوچانەی لە ژێر دەستی داعشدا بوون، پێکەوەژیانی ئایینە جیاوازەکان کەوتە مەترسییەوە و ئەو پێکەوەژیانەی لە ناوچەکان بەرقەرار بوو کۆتایی پێ هێنا ، بەڵام خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی ڕەگوڕیشەی داکوتاوە و تۆکمەیە.وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی گوتیشی: هەرێمی کورستان خاوەن فەرهەنگیگی پێشکەوتووی پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنە لە ناوچەکەدا، ئەوەی جێگای دڵخۆشییە هیچ حاڵەتێکی نەخوازراو و تایبەت بە بێڕێزیکردن بە ئایینە جیاوازەکان ڕووی نەداوە، ئەوەی کراوە لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم بووە، لە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و لایەنەکانی تر سوکایەتی بە ئایینە جیاوازەکان کراوە، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەرگیز ڕێگە نادەین ئەو پێکەوەژیانەی هەیە، بخرێتە مەترسییەوە، بەڵکو گەشەی زیاتری پێ دەدەین.

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ کاروباری نیشتەجێبوون باس لە هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون دەکات

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ کاروباری نیشتەجێبوون دەڵێت وەزارەتی دارایی بودجەی لەبەردەست نییە، ئەمە لە کاتێکدایە ماوەی چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، دەستی بە پرۆژەی نیشتەجێبوون کردووە. ئاگرین عەبدولڵا، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ کاروباری نیشتەجێبوون، ڕایگەیاند: "پێش هاتنی قەیرانی دارایی، بەپێی یاسا لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە دەست بە دروستکردنی 9 هەزار و 420 شوقە کرا، تا بەسەر خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشیندا دابەش بکرێن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی وەزارەتی دارایی بودجەی لەبەردەست نییە نەمان توانیوە ئەو پڕۆژانە تەواو بکەین". بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەشڵێت: دوای دەستپێکردنی دروستکردنی 9 هەزار و 420 قەیرانی دارایی، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا خانوو یان شوقە بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی شەڕی داعش دابین بکرێت، لەبەر ئەوەش بەشێک لەو یەکانەی وەزارەت بەسەر کەسوکاری سەربەرزی شەهیداندا دابەش دەکرێن".

ئاگرین عەبدولا ئاشکراشی کرد: "کارکردن لە تەواوکردنی ئەو یەکانەی وەزارەت وەستاوە بەهۆی قەیرانی دارایی و تەنیا لە هەندێ شوێن کارکردن بەردەوامە، ئەویش ژمارەیەکی زۆر کەمە، ئێمە ئومێدمان وایە و داواشمان کردووە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارە تەرخان بکات بۆ تەواوکردنی ئەو شوقانە، کە هەموو هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. ڕاشیگەیاند: ئەگەر وەزارەتی دارایی سوڵفەکان خەرج بکات، ئەوا پڕۆژەکان دەست بەکار دەبنەوە، بەڵام ماوەی دوو مانگە ئەو پڕۆسەیە لەڕووی تەکنیکەوە ڕاگیراوە ئەمەش بەرنامەیەکە لە 2012وە جێبەجێ کراوە و دەمانەوێت بەردەوام بێت". بریکاری وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەشڵێت: "بەشێک لە یەکەکان نیوەیان تەواو کراوە و نیوەیان ماوە و بەشێکی دیکەیان کەمێکیان تەواو بوون، واتە ئاستی تەواوکردنی پڕۆژەکان جیاوازە و لە 2014وە سەرجەمیان ڕاوەستاون.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/9/23 ژمارە (5833) | خەبات

بۆ وەرزی کشتوکاڵیی ئەمساڵ

لە شارەزوور زیاتر لە 68 هەزار دۆنم زەوی بە گەنم و جۆ دەچێندرێت

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزوور: شارەزوور خاکێکی بەپیتی بۆ چاندنی دانەوێڵە هەیە



ڕاپۆرت و فۆتۆ: عەلی بانیشاری

شارەزوور ناوچەیەکی گرنگی باشووری کوردستانە لە بەرهەم هێنانی دانەوێڵەدا. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی شارەزوور ساڵانە جووتیارانی ئەو دەڤەرە زیاتر لە 30 هەزار تەن گەنم و جۆ بەرهەم دێنن. ئەو بەڕێوەبەرایەتییە پلانی پێشنیارکراوی 2019 - 2020 دەخاتەروو، بەپێی پلانەکە بۆ ئەمساڵ 67 هەزار دۆنم زەوی دێم و بەراو بە گەنم و 1200 دۆنم زەوی بە جۆ دەچێنرێت. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی شارەزوور دەڵێت: شارەزوور ناوچەیەکی مسۆگەری بارانە و باشترە لە 15ی تشرینی دووەم تا 15ی کانوونی یەکەم تۆو بکرێت.

وەکو شارەزایانی کشتوکاڵ باسی دەکەن ئەو دانەوێڵەی لە شارەزوور بەرهەم دەهێنرێت لە باشترینە، چونکە خاک و ئاووهەوای ناوچەکە زۆر لەبارە بۆ چاندنی دانەوێڵە. جووتیارانی شارەزوور باس لەوە دەکەن ئەگەر بارانی پێویست ببارێت ئەوا لە ناوەڕاستی مانگی یازدە دەست بە چاندنی گەنم دەکەن. دەشڵێن: هیوادارین وەکو ئەمساڵ بەرهەمی گەنم و جۆ باش بێت و بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونمان بچنینەوە.

عەبدولکەریم عارف، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزوور بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: بەپێی پلانی پێشنیارکراوی بەڕێوەبەرایەتیمان بۆ وەرزی چاندنی 2019-2020ی بەرووبوومی دانەوێڵەی زستانە 67 هەزار دۆنم زەوی دێم و بەراو بە گەنم دەچنێرێت. گوتیشی: لەگەڵ بارانی پەڵەدا 1440 جووتیار خۆیان بۆ گەنم لە قەزای شارەزوور ئامادە کردووە. ناوبراو ئەوەشی گوت: جووتیارانی شارەزوور هەرسێ جۆری گەنم (ئاراس، شام سێ، ئەدەنە) دەچێنن.

سەبارەت بە چاندنی جۆ، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزوور گوتی: بەپێی پلانی بەڕێوەبەرایەتیمان جووتیاران ناوچەکە بۆ وەرزی چاندن 1200 دۆنم زەوی بە جۆی خۆمالی دەچێنن. عەبدولکەریم عارف هەروەها ئەوەشی گوت: چاندنی جۆ لەلایەن جووتیارانی شارەزوورەوە زیاتر بەمەبەستی ئالیکی ئاژەڵە. لەبارەی پێدانی پەینی کیمیایی بە جووتیاران، ناوبراو گوتی: پشکی پەینی کیمیایی کە بەر بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی شارەزوور دەکەوێت 492 تەنە. بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزوور هەروەها گوتیشی: لەو بڕە پەینە 142 تەنی لە جۆری داپە و 350 تۆنی لە جۆری یۆریایە.

موختار عومەر، جووتیارێکی دانیشتووی قەزای شارەزوورە و دەڵێت: ئەگەر بارانی پێویست ببارێت ئەوا لە ناوەڕاستی مانگی یازدەوە دەست بە چاندنی گەنم دەکەین. دەشڵێت: زۆربەی جووتیارانی شارەزوور لە وەرزی زستاندا زیاتر خەریکی چاندنی گەنم و جۆن، چونکە هەم بەرهەمی باشە، هەم خزمەتێکی زۆری پێویست نییە و جووتیار کەم ماندوو دەکات. ئەو پێیوایە ئەگەر حکوومەتی عێراق پارەی گەنمی جووتیاران بدات و تەواوی بەرهەمی گەنم بکڕێتەوە، ژمارەی ئەو جووتیارانەی کە سالانە گەنم دەچێنن لە باشووری کوردستان بۆ دوو هێندە زیاد دەکات.

موختار عومەر هیوای خواست ئەو گەنمەی بۆ وەرزی نوێ دەیچێنن وەکو ئەمساڵ باش بێت و ڕەنج و ماندووبوونیان بەهەدەر نەچێت.

لە باشووری کوردستان گەنم و جۆ لە پێدەشتەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان دەچێنرێت، زۆرینەی گەنم و جۆی هەرێم پشت بەئاوی باراناو دەبەستێت کە سالانە پێویستی بە زیاتر لە 400 ملم بارانە. شارەزایانی کشتوکاڵ پێیان وایە ئەگەر سالانە بارانی پێویست ببارێت و بەرهەمی دانەوێڵە لە نەخۆشی بەدوور بێت ڕێژەی بەرهەمی گەنم و جۆی کوردستان بە دەیان تەن زیاد دەکات.

ڕۆژانە زیاتر لە دوو هەزار تەن زبڵ و پاشماوە لە هەولێر کۆدەکرێتەوە



دیمانە/ فاتیح بەرزنجی

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی هەولێر لەپێناو پاک و خاوێن ڕاگرتنی شاری هەولێر کار دەکات و بەگوتەی ئەندازیار فەرمان خەلیل بەڕێوەبەری شارەوانی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی هەولێر بەپێی سنووری جوگرافی ئەو شارە گرێبەستیان لەگەڵ شەش کۆمپانیای کەرتی تایبەت هەیە بە مەبەستی کۆکردنەوەو گواستنەوەی زبڵ و پاشماوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرو دەوروبەری بۆ زبڵخانەی کانی قرژاڵە و ڕۆژانە زیاتر لە دوو هەزار تەن زبل کۆ دەکرێتەوەو ئەو زبڵ و پاشماوانەی کە ڕۆژانە کۆدەکرێتەوەو بەشێوەیەکی زانستی دادەپۆشرێت.

بەرنامە بۆ دانانی کارگەی ڕیسایکلین

ئەندازیار فەرمان خەلیل بەڕێوەبەری شارەوانی خزمەتگوزاری و ژینگە دەربارەی بەرنامەی پڕۆژەکە ڕوونیکردەوە: پێشتر ئەو زبڵخانەیە گڕی دەگرت، بەڵام ماوەیەکی زۆرە ئەو ئاگرکەوتنەوەیە نەماوە ئەویش بەهۆی لێدانی هەندێ بیر بۆ دەرکردنی غازەکەی کەلەناو زبڵەکە هەبوو ئێستا کۆنترۆڵی تەواو کراوە تا چتر زبڵخانەکە گڕ نەگرێت و بۆنەکەشی نەماوە، ئێستاش بیرلەوە دەکەینەوە کە ئەو شوێنە سەوز بکەین و بیکەین بە دارستان و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هەڵمەتێکی دارچاندنمان لەوێ ئەنجامداو بڕیارە وایە بۆ جارێکی دیکە لە وەرزی پاییزدا هەڵمەتێکی گەورەی دارچاندن ئەنجام بدەین، لەو هەڵمەتەشدا نزیکەی 1000دارو درەخت دەچێنین.

فەرمان خەلیل گوتیشی: دانانی کارگەی ڕیسایکلین کاری لەسەر کراوەو بەرنامەی جێبەجێکردنەوەی ماددەی پلاستیکیش کاری باشی بۆ کراوە، هەوڵی ئەوەش دەدەین ئەو جیاکردنەوەیە لەسەرچاوەوە کاری بۆ بکەین و کارێکی وابکرێت کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتیش بەشداری بکات و هاوواڵتیانیش وا لێ بکرێت کە لە هۆتێل و چێشتخانەو شوێنە گشتیەکانیش ماددەی پلاستیک جیا بکرێتەوە لەیەکتر تا دابندرێت ئەو دیاردەیە نامێنێ و پڕۆپۆزەلی تازە دانراوە بۆ دانانی کارگەی ڕیساکلین و شوێنیش دەستنیشان کراوە، کە دەکەوێتە سەر ڕێگای گوێڕ-هەولێرو نزیکەی 20کیلۆ مەتر لە هەولێر دوورەو کارەکان لەداهاتوودا ئەنجام دەدرێن.

لێژنەکان بە وردی چاودێری پاک و خاوێنی ژینگە دەکەن

دواتر هەردەربارەی پرسی ژینگە بێجان سەعید بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری ژینگە پارێزی گووتی: ڕۆژانە ڕۆژانە ئەو زبڵانە کەم بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە هەڵمەتێکی دیکەمان بەدەستەوەیە تا هۆشیاری زیاتر بەهاوواڵتیان بدرێت و سەرەتاش لە مۆتێل و چێشتخانەو شوێنەکانی دیکە کار بۆ کۆکردنەوەی ئەو زبڵ و پاشماوانە بکەین ئەویش لە ڕێگای ژمارەیەک کۆمپانیا تا هەوڵی بەپەلەی بۆ بدرێت، مادەی خۆراکی و ماددەکانی دیکەیش شی دەبنەوەو زیان بە زەوی ناگەیەنێت، بەڵام مادەی پلاستیکی زیان بە ژینگە و زەوی دەگەیەنێت .

ئەندازیار فەرمان خەلیل دەشڵێت: بۆ گرنگیدانی زیاتر بە بەرنامەی ڕیساکیلین چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت داواکاریان پێشکەش کردووە تا ئەو پڕۆژەیە بەزووترین کات دەست پێ بکات، داواش لە هاوواڵتیان دەکەین کە پارێزگاری لە ژینگەی شارەکەیان بکەن و زبڵ و پاشماوە فڕێ نەدەنە ناو گەڕەک و کۆڵان و هاوکاری تیمەکانی شارەوانی بکەن. هەروەهاش لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە ڕۆژانە ژمارەیەک ماندوو و پیاو خەریکی کارکردنن و لەناو ئەو زبڵخانەیە کارەدەکەن و کردوویانەتە شوێنی کارکردن و بژێوی ژیانیان لەو زبڵخانەیە، ئێمە هەوڵی ڕێکخستنیان دەدەین تا کاری خۆیان بکەن و ماندالی خوار 18 ساڵیش ڕێگریان لێ بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوامان لە تیمەکانی پۆلیس و ئاسایش کردووە کە هاوکارمان بن، ئەگەر کارگەی ڕیساکلین گشتیەکان دەکەن وچەندین ڕێنمایی پێ دەدەن و هەرکۆمپانیایەکیش کەمتەرخەم بت ئەوا سزا دەدرێت دواتر دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەکەڵ قایقامیەتی هەولێر بەهاوکاری هەر شەش کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوەی زبڵ و پاشماوە کێشەکان چارەسەر بکەین و بەدواداچوون بۆ کارەکانی کۆمپانییاکان دەکەین و چەندین جاریش لێژنەکانمان بەدواداچوون بۆ کاری پاک و خاوێنی ژینگە

دانانی کارگەی ڕیسایکلین پڕۆژەیەکی گرنگە لەپێناو ژینگەپارێزیدا





بەڕێوەبەری شارەوانی ژینگەپارێزی هەولێر:

لە کارنامەی حکوومەتی هەرێم دایە کارگەی ڕیسایکلین دابندرێت

تیمەکانی سەربە ژینگەپارێزی هەر لە کاتژمێر 8ی بەیانی تاوەکو کاتژمێر 12نیوەڕۆ کار دەکەن و لەنزیکەوە لەپاک و خاوێنی ژینگە دەپرسن ولەکەموکوڕیەکانیش دەپرسن و کۆبونەوەش لەگەڵ هەموو خاوەنی دوکان و شوێنە دەکەن و چەندین جاریش هەڵمەتی خاوێنکردنەوەمان ئەنجام داوە ئەگەر کارگەی ڕیسایکلین دامەزرێت ئەوا چیتر هەوڵ دەدرێت سوودلەزبڵ و پاشماوەش وەرگیرێت و زبڵەکانیش لەیەکتر جیا دەکرێتەوە.




سەکڤان هالو

چۆن حکوومەت و هاوواڵاتی دەبنە تەواوکاری یەکتر؟

کاتێک حکوومەتێک هاووڵاتی بکاتە پێوەری ستراتیژ و کارنامە خۆی و خزمەتکردنی هاووڵاتیان لە ڕێزبەندی یەکەمی پلان و کارنامەی خۆی دابنێت بێگومان ئەو حکوومەتە حکوومەتێکی سەرکەوتوو دەبێت و پێچەوانەکەش ڕاستە. باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان لە هەموو ڕوویێکەوە و گێڕانەوەی شکۆ بۆ هاووڵاتی کارێکی تابڵێی پیروزە.

هەر حکوومەتێک دۆخی ئابووری و ئەمنی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان لەبەرچاو بگرێت و ئامانجە سەرەکییەکەی ئاسودەیی و بەختەوەری هاونیشتمانیانی خۆی بێت و ئەدای حکوومەت بە ئاراستەی خزمەتکردنی هاووڵاتیان بێت، بە دڵنیاییەوە حکوومەت و هاووڵاتی دەبنە تەواوکاری یەکتر و هاووڵاتیانیش پاڵپشتیی حکوومەتەکەیان دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیوەندیی نێوان هەردوولا بەهێز دەبێت و حکوومەت بە هی خۆیان دەزانن.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا بنەماکانی دیموکراسییەت وەک خۆی پراکتیزە دەکرێن لە ئەرزی واقیعدا و لە بەر ئەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت تەعبیر لە دەسەڵاتی گەل بۆ گەل دەکەن، بۆیە ئینتیمای هاووڵاتیان بە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانەوە بۆ سیستەمی سیاسی وڵاتەکەیان زۆر بەهێزە و هەموان بە بێ جیاوازی هەست بە بەرپرسیارەتی نیشتمانی دەکەن، بۆیە بەردەوام لە گەشەسەندن و بەرەوپێشڤەچوونداں لە هەموو ڕوویێکی مادی و مەعنەوییەوە، لە کۆتاییدا حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لە کارنامەی خۆیدا هاووڵاتی کردووەتە پێوەری سەرەکی، پێویستە هەوڵی بەهێز کردنی گیانی دیموکراسی بدات و هەموو ئەو بڕیارانەی کە دەرکراون لەم ماوەیەدا جێگەی خوشحاڵین و هاووڵاتیانیش بە ئومێدەوە لێی دەڕوانن و جێبەجێ کردنیشیان دەبێتە مایەی بەهێزبوونی دادپەروەریی کومەڵایەتی بە پلەی یەکەم و لە ئاکامدا ئەو کوردستانە بەهێزەی کە هەمومان ئاواتی بۆ دەخوازین دێتە ئاراوە.



لێزان فواد

بۆ لایەنی پەیوەندیدار

بابەتی جیاواز هەیە لە ژیانمان بە شێوازێکی سادە خوێندنەوەی بۆ دەکەین بێ لەوەی قوڵ ببینەوە لە ناوەڕۆک و تێکەڵبین نەک تەنها ڕوکەشانە بێت، نموونەی "بەخشین" زۆربەمان کاتێک دەبیستین ڕاستەوخۆ پارە و دیاری بە نرخ و گرانبەامان بە یاد دێت، بەڵام بەخشینی جۆراو جۆر و ڕەنگاوڕەنگ جیاواز و بەنرختر دەبێت لەو دوو مەبەستە، جوانترینیان بەخشینی کەمێک لە کات و هەستەکانمانە بە وشەیەکی جوان ، تەنانەت دڵنەوایی و هیوا بەخشین کاتێک دەریدەبڕین بۆ ئەوانەی پێویستیانە لە کاتی لاوازی و ترس و تەسلیم بوون.

لەبەرچاوگرتنی لەوانەیا بە شێوازێکی سادە و ئاسایی و بە گرنگی نەزانین، بەڵام ئەم جۆرە بەخشینە پێویستی بە هەدەردانی توانا و پارە نییە بۆ دڵخۆشکردنی کەسی بەرامبەر، بەڵکو تەنها بە ڕووحیەتی مرۆڤایەتیە کە هەست بە کەسی بەرامبەر بکەین.

پرسیارێک بۆ گشت ...

چی کەم دەکات ئەگەر بەخشینی ڕێز و ڕۆشنبیری و خۆشەویستی بەرجەستە بکەین؟ و چۆن لە ژیاندا بەرەوڕووی جەنگی بێ ئومێدی و ڕەشبینی، ئازاری دەروونی و جەستەیی بوەستین، بۆیە ئەم جۆرە بەخشینە دەبێتە دەرگایەکی والآ بۆ ئومێدە تازەکان.

چی بچێنیت ئەوە دەدووریت...

ئەگەر تیشک بخەینە سەر بیردۆزی ژیان و بزانین ئێمەی مرۆڤ بە گشتی لە یەک ڕیز بە یەک ئاڕاستەڕانەوەستاوین، بەڵکو لە ڕاستیدا لە شێوەی بازنەیی هەر یەک دەستی لە ناو دەستی ئەوەی دیکەیە تاکو دەگاتە کۆتا کەس بازنەکە دادەخرێت و ئەوەی دەیبەخشیت بە چواردەورەکەت دەگەڕێتەوە .

بەخشین وزەیەکی پۆزێتیف...

بەخشین گشت واتاکانی مرۆڤایەتی لەم وشەیەدا کۆ دەکاتەوە لەگەڵ چین و تووێژە جیاوازەکان ئاخاوتن دروست دەکات و دەبێتە پردێک بۆ پێکهاتنەوەی لێک دابڕاوەکان، مەرج نیە تەنها مرۆڤ بێت بگرە بێ زمانەکانیش، وکۆتایی پێ دەهێنم بە وتەیەکی دکتۆر ئیبراهیم فەقێ " بەخشین بەبێ خۆشەویستی نابێت، و خۆشەویستیش بەبێ لێبوردەیی نابێت.



ژیانگەی سەربەستی



کاروان کەریخان

ئەگەر ڕێت بکەوێتە دەڤەری بارزان و بە چاویلکەی وێژدان سەیری ئەم ناوچەیە بکەی کەلتوری ڕێزنان لە زیندەوەران و میهرەبانی لە گەڵ بەستەزمانەکان دەبینی. ئەم کەلتورە ناسک و جوانە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆتە باسی ڕۆژ و بابەتێکی سەرەکی ئەم وڵاتانەیە.

تەنانەت وای لێهاتووە هەندێ لە ئاژەڵە ترسناکەکانیش لە وڵاتە پێشکەوتووەکان وردەوردە بوونەتە دۆستی مرۆڤ و جاروبار دێنە ناو شارەکانیش. ئەڵبەتە ئەم کەلتورە بەرزەی بەزەییهاتن بە ئاژەڵان کەوناری خۆی هەیە. ئەگەرچی بە پێی پێویستیی مرۆڤ و کەمی و زەحمەتیی خۆراک ڕاو کردنیش بەشێک بووە لە کەسابەت و پێژین، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کوشتن و پارێزگاری لە ئاژەڵەکان چوارچێوەیەکی هەبووە. بە گشتی کەلتوری ژینگەپارێزی ڕیشەیەکی ئایینیشی هەیە و لە ئایینە زەمینییەکانی وەک بودایی ڕا بگرە تاکو دەگاتە ئایینەکانی دیکەی ئاسمانی کەلتوری ژیان پارێزی ئاژەڵ و زیندەوەرانی تێدا بەدی دەکرێت. لەو ناوە لە ناو بازنە عیرفانییەکان کە نیگایەکی جوانناسییان بۆ دینەکان هەیە، ئەم کەلتورە زیاتر دەدیترێ. لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەزموونی مرۆڤی ژیر و دوربین کاریگەری زۆری لە سەر ئایینەکانیش هەبووە. لە سەردەمی ئێستای نوێ سازی و هزری مۆدێرنیتەشدا یەکێک لە جیاوازییەکانی مرۆڤی مۆدێرن لە گەڵ مرۆڤی دونیای سونەت ئەوەیە کە مێشکی مرۆڤی مودێرن بابەتی ژینگەیی بە هەند وەردەگرێ و پرسی ژینگەپاراستن لە هزری مرۆڤی نوێ چەکەرە دەکات. لە کوردستاندا کەم و زۆر ئەم کەلتورە بەدی دەکرێت. لە زۆر شوێندا بە نیگایەکی ئایینی و سۆفیانە سەیری ژینگە دەکرێت. حکوومەتی هەرێمیش وەک سازدێکی نوێ خەریکە یاسا و سیستەم بۆ ژینگەپارێزی پێناسە دەکات. لەو ناوە ناوچەی بارزان نموونەیێکی دیارە. لە ناوچەی بارزان پایەندی بەم کەلتور و بیرە ،کە لەوانەیە ڕیشەی تەسەوفی میانڕەوانەی تێدا بێت و ڕیشەی ئازادیخوازی و پێشکەوتن خوازیشی تێدایە ، بۆتە یاسایەکی سروشتی و لە یاساش بەرزتر ڕۆیشتووە و ئازادی ئاژەڵ و پاراستنی دار و گژ و گیا بۆتە ئەخلاق و پێویستییەکی ڕەها. لێرەدا ئاماژە بەو خاڵەش ڕەنگە باش بێت، مادام لەم ناوچەیە ئازادی بۆ ئاژەڵ ببێتە داب و دەستور دەبێ دوژمنانی گەل و خاکی کوردستان بزانن ڕێبەرانی ئەم ئازادیخوازییە لە پێناو سەربەستی مرۆڤی کورد و سەربەخۆیی کوردستان سەر ناچەمێن و بۆ پێشکەوتنی خەڵک و وڵات ئازادی و سەربەخۆیی بە هەرجی سەرەکی دەزانن. باسە سەرەکییەکە دەگێڕینەوە سەر تێبینییە ژینگەییەکان. ئەوەی لێرەدا پرسیاری جێی سەرنجە و بە گرینگ دەزانرێ ئەوەیە کە چۆن ئەم فەرهەنگە ژین پارێزییەی کە مولوکولی نیشتمانپەروەریشی تێدایە بکرێتە دیاری بۆ هەموو کوردستان و بگشتیترێ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە دەبێ حکوومەتی کوردستان یاسای زۆر بیرلێکراو و زانستییانە بۆ ئەم بابەتە داڕێژێ و لایەنی جێبەجێکاریش تووندوتوڵتر و یاسامەندتر بن. هەروەها پێویستە بە شێوەیەکی مەیدانیش لەم پێناوە کار بکرێت و بەشداریی گشتی بۆ ئەم ئامانجە بگاتە خاڵی ئەستێرە و ئاشتی نێوان مرۆڤ و سروشت ببێتە گوتارێکی گشتی. پێویستە ئەو ئاژەڵانەی کە ڕێژەیان کەم بۆتەوە مەیدانی زاوزێیان بۆ دابین بکرێت تاکو زیاد بنەوە. هەروەها ئەو ئاژەڵانەی کە بە تەواوی لە بەر چاو ون بوونە بگێردرێنەوە. بۆ نموونە ئاژەڵێکی وەک شوری زاگرۆس کە لە کوردستاندا نەماوە، لە وڵاتانی دەوروبەر کە بەشێکی زنجیرە چیای زاگرۆسیان لە ناوە، بگێڕدرێنەوە کوردستان و زۆر بکرێن. هەروەها دەبێ بە ئامێڕی نەرمی فەرهەنگیش ئەم کەلتورە بەرین بکرێت تاکو هەموو کوردستان بگرێتەوە. لێرەدا سێرەی نووسین لە سەر نەرمەئامێڕی کەلتوریە بە هەندێک ڕێکلامی ناو جادەکانی ناوچەی بارزان وەک نموونەی ناوچەی ژینگە پارێزراو. ئەگەر بە جادەکانی دەڤەری بارزاندا بڕۆین بە چاوی ئاسایی دەبینین کە ئاژەڵی کێوی بێ سڵ کردنەوە و ڕەوینەوە و بەزین بەوپەڕی ئارامی دێن و دەڕۆن. بەڵام نازانم تا چەند بیر لەوە کراوەتەوە کە لە کاتی دروست کردنی جادەیەکدا ژیانگەی ئاژەڵی کێوی دەبێتە دوو بەش و ئەگەری ئەوە هەیە لە کاتی پەڕینەوەدا ئاژەڵەکان بکەونە ژێر سەیارە. بۆیە پێویستە لە کاتی دروست کردنی هەر پرۆژەیەک بیر لە بابەتەکانی ژینگە پارێزی بکرێتەوە. بۆ وێنە ئەگەر جادەیەک لێدرا دەبێ ژێرگوزەری تایبەت بۆ ئاژەڵە کێوییەکان دروست بکرێ. هەروەها پێویستە تابلۆی تایبەت بە هاتوچۆی ئەم ئاژەڵانە لە کەنار جادەکان هەبن. بە تایبەتی لە وەرزی سەرمادا ئەم ئاژەڵانە بۆ پەیدا کردنی قووت زیاتر لە ئاوەدانی و لە گوندەکان نزیک دەبنەوە؛ بۆیە پێویستە لە نزیک ئاواییەکان تابلۆی هۆشداری بۆ بە پارێز ڕۆیشتنی ئۆتۆمۆبێلەکان هەبێ. ئەم نووسینە زیاتر مەبەستی دانانی تابلۆی تایبەتە؛ چونکە ئەم جۆرە تابلۆیانە دوو ڕەهەندیان هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە دەبنە هۆی هەشیاری شۆفێران و ژیان پارێزی ئاژەڵان. دووەمیان ئەوەیە کە کەلتوری ژینگەپارێزی بە شێوەیەکی گۆیا و کاریگەر دەکەوێتە بەر چاوی گەشتیاران و خەڵکی بیانی. گەشتیارانی کورد لەم کەلتورە ئیلهام وەردەگرن و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم فەرهەنگە. گەشتیارانی بیانی و دەرەوەی کوردستانیش پەی بە جوانپارێزی و جواناسی کورد دەبەن و پێناسەی جوانتر و زیاتر بۆ ڕەفتاری کورد لە مێشکیان دەنەخشێ. هەروەها بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجەکان و فێرکردنی گەشتیاران پێویستە پەیکەرێکی هونەری کە سونبولی ژینگەپارێزی بێ لەم ناوچەیە قیت بکرێتەوە. لێرەدا داوا لە لایەنی پەیوەندار دەکەم بۆ ئەم بابەتە کاری پێویست بکەن و بە شێوەیەکی زانستی و بە ئەزموون وەرگرتن لە وڵاتانی دیکە و بە گوێ گرتن لە گوندنشینەکانی کوردستان زیاتر تێبینییە ژینگەییەکان لە بەر چاو بگرن. ئەم نووسینە جگە لەوەی کە مەبەستی ژینگەیی و مرۆڤایەتی و سیاسی تێدایە سیلە چاوێکیشی لە ئابووری توریسم هەیە؛ بێگومان بە جوان کردنی وڵات و ژینگەپارێزی دەتوانین داهاتێکی مشە بڕێنینە ناو تووڕەکەی ئابووری کوردستان و بە بەهێزکردنی ئابووریش دەتوانین هەنگاوی دڵنیاتر بۆ ئامانجەکانمان بهاوێژین.

حەشدی شەعبی چ پێویستی بە هێزی ئاسمانییە؟



سدیق سەعید ڕواندزی

لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا، لە پەراوێزی بڵاوبوونەوەی هەواڵێکدا، حەشدی شەعبی داوا دەکات کە هێزێکی ئاسمانی تایبەت بە خۆی هەبێت. بێگومان داواکارییەکی لەو شێوەیە، پێشهاتێکی مەترسیدارە لە سەر ئایندەی ئەو وڵاتە و شوناسی دەوڵەتی عێراق کە گوایە لە دوای ڕووخانی بەعسەوە، مەبەستیەتی ئەزموونێکی جیاواز پیشان بدات.

حەشد، هێزێکی چەکداری هەڕەمەکی و میللی و نادیسپلینکراوە، ئەو هێزە، لەسەر بنەمای داواکارییەکی مەرجەعی شیعەکان هاتە ئاراوە، کاتێ تیرۆرستانی داعش پەلاماری عێراقیان دا و نزیک کەوتبوونەوە لەوەی بەغدای پایتەختیش بگرن. بۆیە هەلومەرجێکی مێژوویی، سیاسی وپێداویستی میلیتاری، ئەو هێزەی دروست نەکردووە، کەواتە دەبوو لە دوای نەمانی شەڕی داعش، ئەو هێزە لەگەڵ هێزە فەرمییەکانی دیکەی عێراق لێکدرابا. بەڵام کاتێ هیچ سەرۆک وەزیرانێکی عێراق بۆیری ئەوەی نەبوو ئەم هێزە نارێکخراوەیە هەڵوەشێنێتەوە، ئیدی وەک خۆی مایەوە تا ئەو ڕادەیەی ئێستا بۆتە هێزێکی سەربازی سەربەخۆ کە سوپای عێراق لە پەراوێزییەوە دێت. بێگومان پێکهاتەی عێراق لە ڕووی ئەتنیکی و مەزهەبییەوە، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە و بە درێژایی مێژووی دروستبوونی، ئەو وڵاتە نەیتوانیوە ببێتە هەڵگری شوناسێک کە شوناسی نیشتمانیبوون و هاووڵاتیبوون لە پێشەوەی شوناسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی بێت. هەروەک(کەنعان مەکیە) لە ڕۆمانی(فیتنە)دا لە سەردەمی یەکێ لە پاڵەوانەکان نووسیویەتی: (ئێمە سەرەتا شیعەین، پاشان عێراقی). بۆیە هەر هێزێکی سەربازی لە دەرەوەی چاودێری دامەزراوەکانی دەوڵەت و هێزە چەکدارە فەرمییەکان بێت، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئایینەدی داوا و وڵاتە کە دوای ڕووخانی بەعسیش، هێشتا بەدەست کێشمە کێشمی مەزهەبی و مللمانێی سیاسی گیری خواردووە. لەو وڵاتانەی ئەزموونێکی پێشکەوتووی دیموکراسییان نییە، هێزە چەکدارەکان لە چوارچێوەی فۆرمێکی نیشتمانی یەکنەخراون، کە پەیوەستبوونیان بۆ وڵات و خاک و نیشتمان هەبێت، نەک لە ژێرکاریگەریی ئایدیا و ئایینەکاندا بن، بوونی هێزی سەربازی سەربەخۆ، ئەوەندەی تردەبێتە فاکتەری قوڵبوونەوەی کێشەکان و بەربەککەوتنی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی. حەشدی شەعبی، فۆرمێکی مەزهەبی هەیە، هەموومان دەزانین ئەو هێزە پێکهاتەی شیعەکانە و بەشێک نییە لە سوپای عێراق. بگرە دامەزراوەیەکی سەربازی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سەرۆکی حکوومەتەوە، بۆیە فەرمان لە نێوەند و سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان وەرناگرێت، ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بە بێ گەرانەوە بۆ ناوەندی بڕیار، هەرکارێک مەبەستی بێت بیکات. ئەو دەسەڵاتەی بەحەشد دراوە، خەریکە دەبێتە بوونی دەوڵەتێک لە نێو دەوڵەتێکی دیکەدا، ئێستاش کە بە فەرمی داوای هێزێکی ئاسمانی سەربەخۆ دەکات، ئەوەندەی تر ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەو هێزە میلیشیایە نایەوێت ببێتە بەشێک لە دامەزراوە سەربازییەکانی عێراق، بەڵکو دەیەوێت وەک هێزێکی سەربازی سەربەخۆ بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی هەرکات مەبەستی بوو، لە یەکلایکردنەوە و بەلاداخستنی ململانێکاندا، ڕۆڵ ببینێت. بێگومان دیاریشە لە بەرژەوەندی کێ ئەو ڕۆڵە دەبینێت. لەلایەکی دیکەوە دەکرێ بپرسین حەشد هێزێکی ئاسمانی سەربەخۆی بۆچییە ؟ لە کاتێکدا نەمەترسییە گەورەکانی شەڕی داعش ماون، نە سوپای عێراقیش بێ هێزی ئاسمانییە تاکو ببێتە جێگرەوەی ئەو هێزە. ئەو داواکارییە چ ڕەوایەتییەکی یاسایی و سەربازی هەیە و بە پشت بەستن بەکام بڕگە و ماددەی دەستووری عێراق، حەشد یاخود هەر هێزێکی دیکە دەتوانێت داواکارییەکی لەو شێوەیەی هەبێت. بێگومان ئەمە دژی دەستوورو هەموو ئەو هەوڵانەشە کە لە پێناو بە نیشتمانیکردنی هێزە چەکدارەکان لە عێراق دەدرێت، بۆ ئەوەی لە هێزێکی مەزهەبی و ئەتنیکی ببێتە هێزێکی نیشتمانی. هەرهێزێکی چەکدار لە دەرەوەی دامەزراوەی فەرمی سەربازی بێت، ئەستەمە بتوانرێت بخرێتە ژێر دەسەڵات و پەیڕەوی ڕێسا و یاساکان بکات. ئەو سەربەخۆییەی حەشد هەیەتی، هەمیشە مەترسییە بۆ بە یەکدانی سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوەی میللی و نەتەوەیی و مەزهەبی، وەک ئەوەی لە شانزەی ئۆکتۆبەرکردیان و پەلاماری ناوچە کوردستانییەکانیاندا. بۆیە بە هیچ شێوەیەک نابێت ڕێگە بدرێت ئەو داواکارییەی حەشد جێبەجێ بکرێت. لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە چەند ساڵێک لەمەو بەر، بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی هەرێم بوو، بەتوندی دژی ئەوە وەستایەوە کە عێراق فرۆکەی ئێف شانزەی هەبێت. لەو کاتدا کەسانێک ئەم هەڵوێستەیان بە ململانێی نێوان مالیکی کە ئەو کات سەرۆک وەزیران بوو لە گەڵ بارزانی لێکدەدایەوە و بۆچوونیان وابوو ئەمە بیانووگرتنی بارزانییە بە حکوومەتی عێراق. ئێستا کە حەشد داوا دەکات فرۆکەی هەبێت کە دەوڵەتیش نییە، لام وایێت هەموان تێدەگەن کە بۆچی بارزانی دژی ئەو داواکارییە دەوەستایەوە، وەک چۆن دەبێ ئێستاش هەموان بە تایبەتیش پەرلەمانی کوردستان دژی ئەو داواکارییەی حەشد بووەستێتەوە بۆ ئەوەی نەبێتە مەترسی لە داهاتوودا.

شیکردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول

لە نێوان واقعی شەستەکان و بابەتەکانی ئەمڕۆدا



غازی حەسەن

هەر کاتێک بمانەوێت لەسەر بابەتێک و ڕووداوێکی مێژوویی بئاخڤین، پێویستە ڕەچاوی کات و شوێن، لەگەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی ئەوکات و هۆکارەکانی دەرکەوتنی کێشەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕەوشەکە بکەین. ڕووداوە مەزنەکان کاریگەری مەزنیشیان لەسەر فکر و کەسایەتی و ئاراستەی ڕەوشەکان بەگشتی دەبێت. خوێندەوەی دوێنێ بەپێوەری ڕووداو و پێشهاتەکانی ئێستا، خوێندنەوەیەکی زانستی نابێت، ئەگەر ڕەچاوی میتۆدی زانستی و بابەتی تێدا نەکرێت، یان تەنیا بەشێک لەڕووداوەکان بکرێنە ئامانج و ئەوانی دیکە سانسۆر بکرێن، هەروەها خوێندنەوەی کێشەکانی ئەمڕۆش لەژێر کاریگەری ڕووداوەکانی دوێنێ وەکو خۆیان دەرناچن، ئەگەر کاریگەریی خودی و کەسی لێ دەرنەهێنرێت.



قسەکردن لەسەر شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، پەیوەستە بەقسەکردن لەسەر هەلومەرجی نێودخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئەوکات. قسەکردنە لەسەر پێگە و کاریگەری و بەردەوامی مانەوەی ڕێبواز و شێواز و تێڕوانینەکانی (بارزانیی نەمر) تا ئەمڕۆکەش. قسەکردنە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان، کە سەرکردایەتی درێژترین شۆڕشی بەدەستکەوت و بەرهەم کردووە و ئەمڕۆش لەنێو هەرێمی کوردستاندا لەپلەی یەکەمی پارتە سیاسییەکاندایە.

شۆڕشێک کوردستانی و بنەمای فکری نەتەوەی دانا: شۆڕشەکە بۆ یەکەمینجارە لەسەر بنەمایەکی گشتگیر و چەمک و تێفکرینی تازەی کوردستانی لەڕووی تیۆری و پراگماتیکی دەست پێدەکات، لەسەر بنەمای بابەتی و خودی بەڕێوەدەچێت. ئەوانەی بڕوایان بەوە هەبوو هێشتا کات و مەرجەکانی شۆڕش و پێویست و کەرەستەکانی ماتەیان نەداوە، دوای سەپاندنی شەڕ و دەستپێکردنی شۆڕش، شۆڕشیان درێژە پێدا، نەک هەر بەتەنیا دریژەیان بەشۆڕش دا، بەڵکو لەژێر کاریگەریی ژمارەیەک هۆکاری عێراقی و کوردستانی و هەرێمایەتی کاریان کرد دۆخێکی نوێ و پەیوندی و تێڕوانینی تازەیان لەقازانجی شۆڕش بەدیهێنا، ئەمەش ئەنجامەکەی ئەوەبوو خواستە کوردستانییەکەیان بەسەر دەسەڵاتی بەغدا سەپاند، کە مل بۆ ڕێککەوتنی 11ی ئازار بدات. واتە 11ی ئازار چەندە پەیوندی بەدۆخی گومانباوی ناوەخۆی ڕژێمی بەعس و پێگە و جومگە هێشتا نەچەسپیوەکانی دەسەڵاتی ناوەندی هەبوو، هێندەش پەیوەندی بە متمانەبەخۆبوون و شێوازی سەرکردایەتی و بااڵدەستی و فراوانبوونی شۆڕش و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕووداوە بابەتی و خودییەکان هەبوو.

لەئالەکەی دیکەدا ئەوانەی بانگەشەی دەستپێکردنی خێرای شۆڕشیان دەکرد، زوو پاشەکشەیان کرد و لەڕۆژگارێکیشدا وەکو هۆکارێکی خودی دژایەتیی شۆڕشیان کرد، بێ ئەوەی بیر لەئەنجامە بابەتییەکان بکەنەوە.

لەشۆڕشی ئەیلوودا کوردستان وەکو کێشەی خاک و پێکهاتەکانی، وەکو بیرۆکەی بەکردەوەیی بەشداری و گردبوونەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەدەوری یەک شۆڕشدا دەرکەوت. هەر لەم قۆناغەشدا وەکو فکرێکی بابەتی بیرۆکەی نەتەوە، دروشمی نەتەوەیی و پێکهێنانی ئەم بیرۆکە و ڕێچکەیە بنەمای بۆ دانرا، ڕاستە بنەماکانی لە قوتابخانەیەکی دیاریکراو، لەهیچ کتێبێکی فەلسەفی و پرۆگرامێکی سیاسی تایبەتمەند بەرجەستە نەکراوە، بەاڵم کار و کردە و سیاسەتی شۆڕش بنەمابوون بۆ ئەم سەردەتا تازەیە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا. بنەمای فکری نەتەوەیی لەسەر توندڕەویی و نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستی ڕۆ نەنرابوو، بەڵکو فکری هاوپەیمانی و کراوەیی و بەیەکەوە ژیانی وەکو سەردەتایەکی باس لێنەکراوی و ناڕاستەوخۆ بووە. فکری نەتەوەیی چاولێکەرانەش، وەکو قسەکانی نێو کتێبان لەهەڵکشان و داکشان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فکرەکانی دیکە بوو، فکری شۆڕش، کە تائێستاش فکری پارتییە بەگونجان و سودوەرگرتن و سودپێبەخشینی یەکسان و هاوسەنگ لەنێوان هەموان لەنێو چوارچێوەیەکی نەتەوەیی باڵا و گەورەتر لە نەتەوەییەکی تەقلیدی بوو. فکری نەتەوەیی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر بنەمای (بابەتی) پاشەکشە و هەڵوەشانەوەی ئەزموونی گرووپ و حزبە کوردییەکانی دیکە و کۆماری کوردستان و شۆڕشە ناوچەییەکانی دیکە گەشەی کرد، هەمیشە وەکو سیاسەتی پراگماتیکی، نەک سیاسەتی خواستراوی هێنراوی دەرەکی و فکری هاوردە کاری پێکراوە.

حزب هۆکاری لاوازی و کۆبوونەوەی گشت هۆکاری بەهێزبوون

هۆکارە خوداییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام کاریگەری خراپیان لەسەر لایەریەک هەڵوەشانەوەی کەسایەتی و هێزی شۆڕش و تەنای لەهەندێک قۆناغدا لەسەر تێکشکاندنی دەروون و کەسایەتی تاکی کوردستانیش هەبووە. لەژێر ڕێبەرایەتی (مستەفا بارزانیی نەمر) حزب لەژێر رکێفی سەرکردایەتی و پێکهاتەی پێکهاتە جیاوازەکانی نێو شۆڕش بوو. حزبایەتی خراپ، حزبایەتی لەپێناو لاوازکردن و سڕینەوەی فکر و کار و قوربانی ئەوانی دیکە هۆکارێکی خودی بوون بۆ ئەوەی شۆڕش لەبابەتی بوون و هێزی خودی دوور بخەنەوە. بەپێچەوانەی ئەو تۆمەتانەی بەنێوی عەشایربوون ئەوکات و تا دەرەنگانی قۆناغەکانی دیکەی شۆڕشیش خەڵکانێکی پێ دەخرۆشێنرا، ئەمڕۆ بەپێچەوانە بەهەموو هێزێک کار بۆ چەسپاندنی ئەو سەرەتایە لەنێو حزبەکاندا دەدرێت.

لەدوای ڕاپەڕینیش پێچەوانەی سەردەمی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول حزبایەتی سەرچاوەیەکی خراپی خۆڤریودان و پەرەسەندنی ناکۆکییەکان و تەنیا بەکارهێنانی خودی حزبەکانیشە لەبەبەر پێداکردنی بریتی ناکۆکییە ناوەخۆییەکان. لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوودا یەک حزب (پارتی دیموکراتی کوردستان) بااڵدەست بوو، دەسەاڵتی حزبیش لەژێر کاریگەریی دەسەاڵتی گشتی شۆڕشدا بوو، ئەوکات یەک حزب هەبوو، حزبایەتی نەدەکرا، بەڵکو "کوردایەتی" پێناسەی حزبایەتی بوو، نامەوێت باسی ئەوە بکەم کە "فرە حزبی" لەم سەردەمەدا چ کاولکارییەکی دەروونی و ئەخلاقی و سیاسی خوڵقاندووە". واتە بەکردەوە حزب ئامراز بوو، نەک ئامانج.

ئەمە وایکردبوو زەمینەی بابەتیی لەبەدیهێنانی (گوشار و ملکەچکردنی بەغدا و داننان بەمافە دەستوورییەکانی کورد) خێراتر و فراوانتر بکات. واتە بەغدا لەبەر لاوازیی و خراپیی دۆخی نێوەخۆیی خۆیدا و لەهەمان کاتیشدا لەئەنجامی گەشەکردنی شۆڕشدا ڕێگەی کۆکردنەوەی هێز و خۆڕێکخستنەوە و لاوازکردنی هێزی شۆڕشی کوردستان و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی پەیوندیی دەرەکی شۆڕشی ئەیلوولی گرتەبەر. ئەمەشی بە "خیانەتی فرۆشتنی بەشێک لەخاک و سەروەریەکانی عێراق!!!" ئەنجام دا.

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوودا سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان بەشداری بڕیار و دیارکردنی چارەنوسی شۆڕش و کوردستانیان کرد. هێز و کەسایەتی و هۆزە کوردییەکان لەهەموو پارچەکاندا پاڵپشتی شۆڕش بوون. شۆڕش لەدەرەوەی حزبدا کوردستان و نەتەوەی یەکدەخست، دوژمنەکانیش کاریان لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئەم یەکخستن و کۆدەنگییە نێوەخۆییەی شۆڕش بوو. لەبەر ئەوە لەڕووی بابەتییەوە (بارزانیی نەمر) بەردەوام جەختی لەسەر باسکردنی کێشەی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی دیکە لەنەتەوە یەکگرتووەکان و نامە فەرمییەکانی بۆ دەرەوەی کوردستان دەکردەوە، ئەوانەی دەیانەوێت لەگوتاری ئەوکات بگەن، پێویستە بەوردی نامەکانی ئەوکات دیراسە بکەنەوە.

سەرکردایەتیی شۆڕش، بیرۆکەی سەرکردایەتی

بارزانیی نەمر دوای ئەزموونی بەشداریکردنی بەکردەوەی کۆماری کوردستان و دواڕۆژە پڕکارەساتەکانی، تێگەیشتن لەژیانی سیاسی و حزبایەتی لەژێر دەسەاڵتی یەک حزب لەسۆڤییەت و باش خوێندنەوە و تێگەیشتنی لەپێکهاتەی کوردستان، لەڕووی بابەتییەوە حزبی وەکو ئامراز بەکاردەهێنا، نەک ئامانج. هۆکاری بابەتی گەشەکردنی شۆڕشی ئەیلوول کۆبوونەوەی هەموان (هۆز و عەشیرەت و ئاینە جیاوازەکان و نەتەوەکان و ڕۆشنبیر و چین و تۆێژەکان و پیاوانی ئاینی) بوو لەدەورەی شۆڕشدا. ئەمەش وایکرد، بیرۆکەی سەرکردایەتی بەفەرمانی یەک ڕێبەر و فرە سەرکردایەتی بەشێوەیەکی دابەڕووەر، متمانەبەخۆ و گۆێ گرتن لەکێشەکان و پاڵپشتی خاوەن هەقەکان و کەمکردنەوەی زوڵمی کۆمەاڵیەتی بەڕێوەبچێت.

لای (بارزانیی نەمر) حزب سەرچاوەیەکی باش بوو بۆ بااڵکردنەوەی هوشیاری سیاسی و نەتەوەیی، بەاڵم سەرچاوە نەبوو بۆ (دەسەاڵت و بڕیاری لەتەکردن و تێکشکاندنی کەسایەتی و ئیرادەی سیاسیی تاکی کورد). شۆڕش لەپێناو پاراستنی ژیان و گوزەران و باری ئابووری و تەندروستی و چارەسەری کێشەی کۆمەاڵیەتی و بەدیهێنانی مافی هاوواڵتی بوون و بااڵکردنەوەی خوێندەواری بوو. بۆیە (بارزانیی نەمر) هەمیشە دەرفەتی باشکردنی گوزەران و داهات و دەستخستنی بەری ڕەنجی کۆشش و ماندووبوونی جووتیارانی بەدانوستان و بەدیهێنانی ئارامی دەبەستەوە. شۆڕش خاوەنی دادگا و دامەزراوەی بەڕێوەبردن و ئیداری بوو.

دیپلۆماسییەتی شۆڕشی ئەیلوول

لەسەردەمی شێخ مەحمود و کۆماری کوردستان و شۆڕشەکانی بەر لەو کاتانەش پەیوەندیی کورد لەگەڵ دەرەوە پەیوەندییەکی لاواز و کەسی بوون. لەکۆماری کوردستان کار لەسەر دروستکردنی پەیوەندیی کورد و سۆڤییەت کرا، نەچووە چوارچێوەی پەیوەندییەکی دریژخایەنی پتەوی ستراتیجی.

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول وەکو پێشهات و هۆکار و بنەمایەکی بابەتی و ستراتیجی مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی شۆڕش بەدەرەوە کراوە. لەم بوارەشدا شۆڕش بۆیەکەمجار توانی پەیوەندیی و پەیام و گوتاری کوردستان وەکو دامەزراوەیەکی سەرەتایی و ئەگەر فراونیش نەبووێت بەناوی شۆڕشی ئەیلوول بەدونیا بگەیەنێت. ئەمە سەرەتایەکی تازە و کاریگەر بوو، بۆ ئەوەی ئەوروپا و ئەمەریکا، سۆڤییەت و هەندێک وااڵتی عەرەبی و هەرێمایەتیش لەسەرەتایەکی نوێوە سەیری دۆزی کوردستان و مافەکانی بکەن. هەر لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان هێنرانە کوردستان، دیپلۆماتکارەکان دەستیان بەنووسینی ڕاپۆرتی سیاسی و دیپلۆماسی کرد، نوێنەرەکانی شۆڕش لەدەرەوە دەستیان بەپەیوەندیکردن کرد، بارزانی گەیشتە نێو بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمانە هەنگاوی بابەتی بوون، بۆ تێکشکاندنی خوێندنەوەی لاواز و پەڕاوی خودی.

شۆڕش لەنێوان بەشداری و دروستکردنی ڕووداوەکان

حکوومەتەکانی عێراق بەرهەمی ژمارەیەک ڕووداوی چاوەڕوان نەکراون، هەمیشە بەکودەتا، کۆتاییان بەکودەتا هێناوە. تەنیا حزبی بەعس لەنێوخۆشیدا هەمیشە بەکودەتا، بیرۆکەی ڕووداوەکانی دادەڕشت. ئەمانە کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی ڕووداوەکان هەبووە. بەعس لەعێراقدا هەموو توانایەکی نێوەخۆیی کوردی و عێراقی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی شۆڕشی کوردستان لاواز بکات. پێش ئەوەش دەسەاڵتی عەبدولکەریم قاسمیش بیرۆکەی کودەتای سیاسی و سەربازی لەدژی شۆڕشی کوردستان و لەپێناو سنووردارکردنی ڕکابەرەکانی بەکارهێناوە.

شۆڕش لەهەندێک دۆخدا هەلومەرجە بابەتی و خودییەکان شیکار دەکات، بۆ ئەوەی ڕووداوە پێشبینکراوەکان ئامادە بکات، هەندێکجاریش ڕووداوە بەهێزەکان شۆڕش ئاراستە دەکەن و کاریگەرییان لەسەر ڕەوشەکە دەبێت. جاری واش هەیە شۆڕش ناچار دەبێت بەشداری لەڕووداوەکان بکات.

شەڕ لەکوردستاندا هەمیشە سەپێنراو بووە، شۆڕش بەهۆی توانای سنووردارکردنی سەربازی و دارایی و دۆخی لاواز و لەڕ و خراپیی ئابووریی خەڵک و لەپێناو پاراستنی نێوبانگی مرۆڤانە و بەئاگابوون لەمافەکانی مرۆڤ و تێڕوانینی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوان سەردەمان لەقازانجی نەبووە لەشەڕدا دەستپێشخەر بێت. واتە بەشێکی ڕووداوەکان شەڕ دروستیان کردووە. شۆڕش بەشداری کاریگەری لەسەر بەدیهێنانی گوتاری (بەرەنگاری و داکۆکی و پاراستنی شەرەف و کەرامەتی خەڵک و بەرگریی لەناوچەکانی ژێردەسەاڵتی شۆڕش و ناوچە ستراتیجییەکان و پێشگرتن لەپێشڕەویی سوپای داگیرکەر و بەرزکردنەوەی گیانی نەتەوەیی و خواستەکانی شۆڕش) هەبووە. بۆیەشە ئاساییە لەم ڕوانگەیەوە بۆ پاراستنی نێوبانگی شۆڕش، کە لەسەر بنەمای ڕزگاری و ئازادی بۆ کوردستان ڕۆنراوە، دەستپێشخەری لەهێرشکردن و زیانگەیاندن بەخەڵک و وێرانکردنی خاک و گوند و خەڵک و جووتیاران، لەژێر دروشمی ڕزگارکردنی ناوچە و شارۆچکە و گوندەکان نەکات. شۆڕش لەپێناو (بەرگری و جووڵاندنی ڕای گشتیی دونیا و عەرەبی و ئێران) ڕووداوەکانی ئاراستە کردووە.

چەند ڕووداوێک، شۆڕش دەسەاڵت و توانا و هێزی لەبەرهەمهێنانی هەبووە:

یەکەم: تێکشکاندنی ئەو هێزەی دەیویست سەرکردایەتی و ئیرادەی شۆڕشی ئەیلوول لەت بکات.

دووەم: بەغدای ناچارکرد ڕێککەوتنی 11ی ئازار مۆر بکات.

سێیەم: هێز و گەشەکردنی شۆڕش ژمارەیەک وااڵتی زلهێزی بەڕەو ئەوە برد، کە گەشەکردنی شۆڕش مەترسییە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە ڕێککەوتنی خیانەتکاری جەزائیریان بەچاوپۆشی لە مافەکانی کورد و پاشەگەزبوونەوە لەڕێککەوتنی 11ی ئازار جێبەجێ کرد.

چوارەم: هێزی شۆڕش بوو، بەغدای بەڕەو ئەو ئاراستەیە برد، لەبەرانبەر تاران چۆک دابدات و داواکانیان جێبەجێ بکات،

ئەمانە بەشێک لەهەلومەرجی بابەتی ئەو کاتی شۆڕشی ئەیلوول بوون، یەکێک لەو بنەما گرنگ و کاریگەرانەی شۆڕش وەکو ڕووداو ئاراستەی کرد و دروستی کرد "بووژانەوەی بنەمای نەتەوە" بوو. دەبینین، دوای نسکۆی 1975 بەدەرکەوتنی بەناو فرە حزبی " ئەو بنەما نەتەوەییە" دابەشی سەر ئایدیۆلۆژیای حزبی و سیاسی و شەڕی ناوخۆیی و دوای ڕاپەڕینیش ناوچەگەریش دەکرێت. ئەمڕۆش لەبەغدا هەندێک لەحزبەکان وەکو بەدیهێنەری خواستی حزبی مامەڵە دەکەن، نەک وەکو "کوردستان" و دامەزراوە دەستوورییەکانی "هەرێم."

قسەکردن بەپێی کات و شوێن

ئێمە کاتێک بەپێی کات و شوێنی شەستەکانی سەدەی بیستەم، باس لەهۆکار و ئەنجام و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بکەین، زۆر جیاوازە لەوەی بەپێی قەناعەت و کارتێکردن و کاردانەوەکانی ئەم سەردەمە هەڵسەنگاندن بۆ بەسەرهات و ڕووداوەکانی نیو سەدە لەوەپێش باس بکەین، کە هێشتا خەڵکانێکی زۆر پێداگری لەسەر جێبەجێکردن و ئیلتزامکردن بەدابەڕوەری و هاوسەنگی و سەرەتا و فکر و بۆچوونەکانی ئەو کاتی ڕێبەری نەتەوەیی (بارزانیی نەمر) دەکەن.

گەلێک لەو شتانەی دەنووسرێن، قسەن، یان گێڕانەوەن، بەشێکیان گوتاری سیاسین و بەشێکیشیان لەڕوانگەی دژایەتی و کەمکردنەوەی پێگە و بەها و کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئەیلوول لەنێو ڕووداو و هزر و بیرکردنەوەکانی ئەمڕۆمان دەنووسرێن. هەندێک لەو بابەتانەی لەبارەی شۆڕشی ئەیلوول دەنووسرێن وەکو کەسایەتییەکی سیاسی دەڵێت: "زۆربەی یاد و نووسینەکانی شۆڕشی ئەیلوول، زانستی نین و پیاهەڵدانی ڕۆمانسین". ڕەنگە ئەم قسەیە بۆ هەندێک نووسینی هەندێک نووسەردا لەکاتی بیرهێنانەوە و باسکردنی شۆڕشەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبووبێت، بەاڵم دەیان کتێب و تۆێژینەوەی زانستی و بیروبۆچوونی بێگانەکان هەن، شایستەی ئاماژە و بایەخ پێدانن. ئەگەر مەبەستیش نووسینەکانی نێو گەلەنووسینی ڕۆژنامەکانن، ئەمە باسێکە و قسەی دیکە هەڵدەگرن.

شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی کاریگەری و بەردەوامی و کارتێکردنەکانی تاکو ئەمڕۆش قسەی لەبارەوە دەکرێت، ئەم بەردەوامییەش لەقسەکردن بەشێکی زۆری پەیوستە بەکاریزما و کەسایەتیی (بارزانیی نەمر). بەشێکیشی پەیوەستە بەپێگە و کاریگەریی و ڕۆڵی سەرۆک (مەسعود بارزانی) لەسەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی قۆناغەکانی دیکەی شۆڕش و دەسەاڵتی سیاسی و ئیداری و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەندێک لەحزبەکان وەکو ڕۆڵی پارتی وەکو بەتەمەنترین حزب لەکوردستاندا، کە نزیکەی سێ چارەگە سەدەیە لەخەبات و تێکۆشانی سیاسیدا بەردەوامە و دانەبڕاوە و ئەمڕۆش لەپێشەوەی هێز و پێگە و دەسەاڵتە لەهەرێمی کوردستاندا. بەشێکی دیکەشی پەیوەستە بە لێکدانەوەی زانستی و بەشێکیشی دریژەپێدانی کۆنە قینە.

هەر کەسێک بیەوێت لەبارەی شۆڕشی ئەیلوولەوە بنووسێت، یان دەبێت لەچوارچێوەی ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشەکە و هۆکار و ئەنجامەکانی قسە بکات، یان دەبێت بەشێوەیەکی بابەتیانە لەدەرەوەی کات و شوێنی شۆڕشەکە لەبارەی خودی شۆڕشەکەوە شیکردنەوە و تۆێژینەوەی بابەتی ئەنجام بدات. گرنگترین شتیش ئەوەیە، کە ئێمە قسە لەسەر ڕەهەند و کاریگەریی و کارتێکردنە بەردەوامەکەی ئەم شۆڕشە دەکەین، کە ئێستای لەسەر ڕۆنراوە و هەر ئەمڕۆشی لەسەر دادگایی دەکرێت.

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/9/23 ژمارە (5833)
خەبات

ون بوون

ناسنامەی كۆلیژی پەروەردە بەشی زمانی ئینگلیزی بەناوی ادهم جمشیر مجید ون بووە هەركەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون

وەسڵی ژمارە ٠٩٢٩٨٧٥ لە رۆژی ٢٠١٥/٧/٢٩ بەناوی س.شارەوانی هەولێر بەبڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار ون بووە هەركەسێك دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون

ناسنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی كەركووك بەناوی دانا نهاد ابراهیم حسین بەپلەی ع ون بووە هەركەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دائرة الكاتب العدل اربيل الاولى
شعبة الانذار و الحجز
رقم/ ٣٦٣٢
التاريخ/ ٢٠١٩/٩/١٩

نشر الانذار

المنذر: (لزگين هيني حسن)
المنذر اليه (حسام عدنان محمد)
قد وجه اليك الانذار المرقم (٥/٤٥٥٧٨) في (٢٠١٩/٩/١٥) من قبل السيد: (لزگين هيني حسن) لغرض الانذاركم بدفع بدلات الايجار للبيت المأجور المرقم (٤٣٤ لاوان ستي) بما انك مجهول الاقامة حسب اشعار مختار محلة (مجمع لاوان ستي) التابعة لقائيممقامية قضاء سهل اربيل في (٢٠١٩/٩/١٧) لذا ننشر لكم وبشكل رسمي في جريدتين يوميتين.
مريوان قرەنی ابراهيم
كاتب عدل الاول
في دائرة الكاتب العدل اربيل/ الاولى

* * *

دادگای بەرایی عەنكاوە
ژمارە:٣٨/م/٢٠١٩
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/٢١

جاڕدان

بۆ داوالێكرا: (شمیران ایشو داود) شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە
داواكار (جلال بیا منصور) داوای بطلان زواج ژمارە ٣٨/م/٢٠١٩ لەسەرت تۆماركردوە تیایدا داوای بطلان زواج دەكات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری مختاری گەڕەكی ئاشتی مارشمون بۆیە دادگا بڕیاریدا پێڕاگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژنامەی هەرێمی كوردستان، بۆ ئامادەبوونت لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/٣ كاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەكەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٢
بەپێی ئەو داواكاریەی كە پێشكەش كراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (بێستون طە یاسین) لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢١ كە داوای تۆماركردنی ئامێرەكانی كردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (رێگای گوێر) و وسفەكانی لە خوارەوەدا دیاریكراوە، بۆیە ئەوكەسەی پەیوەندی بەمە و كەلوپەلە وەسفكراوەكان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆماركردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوكردنەوەكە، وە تۆماركردنەكە بەدواكەوتوو دادەنرێت تاكاتی یەكلاكردنەوەی داواكەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە كەلوپەلەكانی تۆمار دەكرێت بەناوی داواكاری تۆماركردنەكە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆماركردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزي زكي

ئامێرەكان:
١- دوو كوورەی ١٢٠ طەنی بێ ژمارەن دروستكراوی محلیەن مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W٢*٦٠ + ٤ تبادل *٢ دانە.
٢- دوو چلەری سێ پانكەیی بێ ژمارەن دروستكراوی محلیەن مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W٢*٣٠ ساردكردنی ئاو.
٣- ١٤ خەزانی بەرهەمە جیاجیاكان ٢٥٠٠٠ لتر *١٤ بێ ژمارەن دروستكراوی محلیەن مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W١٤* ٢,٥.
٤- ١٤ خەزانی بەرهەمە جیاجیاكان ١٠٠٠٠٠ لتر *١٤ بێ ژمارەن دروستكراوی محلیەن مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W١٤* ٢,٥.
٥- سێ مۆلیدەی كارەبایی گاز بێ ژمارەن دروستكراوی بریتانیەن مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٣*٥٠٠.
٦- چلەری پێنج پانكەیی بێ ژمارە دروستكراوی محلی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W٥٠ دوو تانكی ئاو
٧- بورجی جیاكردنی بەرهەمەكان توركی بێ ژمارە دروستكراوی توركی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W١٥٠ ١٠ تبادل + ١١ تانكی خەزانی بەرهەمەكانی بورج.
٨- كوورەی فرنی كوڵاندنی نەوتی رەش بێ ژمارە دروستكراوی توركی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W٥٠ ٣ بۆیلەر ٥٠٠ طن ٢٤ سعات.
٩- دوو بورجی نێرگەلەی سوتاندنی غاز بێ ژمارە دروستكراوی توركی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W٢*١٠.
١٠- دوو تانكی تایبەتی خەزن كردنی نەفتاو بێ ژمارە دروستكراوی خۆماڵین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W٢*٧,٥
١١- خەزانی خەزن كردنی قیر ١٠٠٠٠٠ لتری بێ ژمارە دروستكراوی خۆماڵی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W٢٠.
١٢- شەش خەزانی ٢٠٠٠ طەنی بێ ژمارە دروستكراوی خۆماڵین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W٦*٢٠ خەزنی جیاجیا.

* * *

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەكرێ دانی رووبەری (٤٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێرێ پشت رێگای كارگەی غاز، بەمەبەستی دروست كردنی كۆگا بۆ ماوەی (٢٠) بیست ساڵ بە زیاد كردنی ئاشكرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەمواركراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر كەسێك ئارەزووی بەشداری كردنی هەیە لە زیادكردنەكە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ كە دەست پێ دەكات لە رۆژی دوای بڵاوكردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەكانی بەكرێ دانیش لە ئەستۆی كرێچیە.
د. كمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەكان و خانووبەرەی میری

* * *

دادگای باری كەسی هەولێر/٢
ژمارە:٢٧٤/ش/٢٠١٩
رێكەوت:٢٠١٩/٩/٢٢

جاڕدان

بۆ داوالێكراو كژال جمیل اكرم شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٢٧٤/ش/٢٠١٩ وە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢٦ بڕیاریدا لەسەر تفریق لەنێوان تۆ و داواكار عبداللە جلال كریم لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ تورەق بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوكردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەكە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسین كریم

* * *

دادگای باری كەسی قوشتەپە
ژمارە: ٥٣/ش/٢٠١٩
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/١٥

جاڕدان

بۆ داوالێكراو: (صابر محمود خلیل) شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئاماژە بەداوای ژمارە (٥٣/ش/٢٠١٩) كەتایبەتە بەداواكار (سلمی عبدالعزیز المشكی) و داوالێكراو (صابر محمود خلیل) جۆری داوا بریتییەلە(جیابوونەوە/تفریق) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە، دادگا بڕیاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بكاتەوە بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٦ یان جێگرێكی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادە بێت بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/معتصم امین لیلانی

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٨/٥٧١
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/٢٢

جاڕدان

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی هەولێر موڵكی ژمارە (شوقەی ژمارە ٥٢) كە كەوتۆتە (طابقی ٧) دەفرۆشێت، خاوەنەكەی قەرزار (سەیران محمد احمد) كە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (شیروان فتاح حمد) بە بڕی (٤٨,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار، هەركەسێ ئارەزومەندە لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لەرۆژی دوای ئەم بڵاوكردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی كە ١٠٪ نرخە قرساوەكەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆماركردن و دەلالیش لەسەر كڕیارە.
جێبەجێكاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاكارەكان:
١- شوێن و ژمارەی: شوقەی ژمارە ٥٢ طابقی ٧ باڵەخانەی ج
٢- رەگەز و جۆری: وەك لەنەخشە داهاتووە
٣- پێكهاتەكەی: لەشوقەیەكی ٢ ژووری نووستن و استقبال و مدخل دوو بالكەونی و دوو مرافق و دوو حمام حجر و سێرڤیز
٤- رووبەرەكەی: ١٥٥م٢
٥- نیشتەجێ:هەیكەل
٦- نرخی قرساو: ٣٠,٠٠٠,٠٠٠سی ملیۆن دینار قرساوە

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٢٣١٦
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/١٩

ئاگاداری

بۆ قەرزار(ابوبكر فقی سعید) شوێنی دانیشتنی نادیارە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یان كاتی یان هەلبژێردراوتان نییە بۆ پێ راگەیاندنتان هەر بۆیە بەپێی مادەی (٢٧)ی یاسای جێبەجێكردن بڕیار درا لەرێگای رۆژنامەیەكی ناوخۆییەوە ئاگادار بكرێنەوە بە بڕیاری جیابەندی جێبەجێكردن (الحجز التنفیذي) لەسەر (٤٠٥٤ زنجیرە ١٥٩) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتییە لەماوەی ١٠ دە رۆ ژلە رۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (٢٤,٠٩٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز (شكین زینل رشید) بە پێچەوانەوە بەرێوەبەرایەتی هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئاماژە پێكراو بەپێی یاسا.
جێبەجێكاری داد/ هەردی حمدامین همزە

* * *

دادگای باری كەسی هەولێر
ژمارە: ٥١/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٩

جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٨٤٨١٨/هەولێر) جۆری (كیا سیراتۆ سالۆن) مۆدێل (٢٠١١) رەنگی (سپی) كە بەناوی خوالێخۆشبوو (إسماعیل حسین كریم) لەرۆژی (٢٠١٩/١٠/٢) كاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ جا هەركەسێك دەیەوێ بەشداری كڕینی بكات ا ئامادەبێت لەم دادگایە لەكات و شوێنی دیاریكراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەكە خەملێنراوە بەنرخی (٧,٢٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن و دووسەدر هەزاری دینار)
دادوەری یەكەم/ دیار محمد علي

* * *

دادگای تێهەڵچونەوە/ بەشێوەی رەسەن
العدد : ٥٩ / س / ٢٠١٩
التأريخ : ٨ / ٩ / ٢٠١٩

جاڕدان

بۆ تێهەڵچوو لەسەری دووەم (المعترض علیه اعتراض الغیر) : (محمد حمید رمیچ) شوێنی دانیشتنی نادیارە.
تێهەڵچوو (المعترض اعتراض الغیر) : (كامران احمد همزە) بریكاری پارێزەر (شوان رحیم عبداللە) داوای تێهەڵچونەوەی ژمارە (٥٩/س/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆماركراوە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری گەڕەكی هەروەزی لە (٢٠١٩/٧/٢٢) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی هەرێمی كوردستان بەمەبەستی ئامادەبونت خودی خۆت یا بریكاری یاساییت لە دادبینی رۆژی (٢٠١٩/١٠/١) كاتژمێر (٩/ بەیانی) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆك/ شوان حبیب صالح

* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی كۆیە
ژمارە/ ٤٣١٤/٢٤/١٧
رێكەوت/ ٢٠١٩/٩/١٧

بۆ بەڕێز/ د. سەركەوت مصطفى عزیز
بەناونیشانی(مامۆستا) لەسەر میلاكی زانكۆمان/ فاكەڵتی پەروەردە

دوا راگەیاندن

بەهۆی دابڕانت لەكاركەت لەبەرواری(٢٠١٩/٩/١)وە نەگەڕانەوەت بۆسەر كارەكەت بەبێ ئاگادار كردنەوەی سەروی خۆت پێت رادەگەیەنین پێویستە دەست بەكار بیتەوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژ گەر لەناو عێراق دابیت وە لەماوەی(٣٠) سی رۆژ گەر لەدەرەوەی عێراق دابیت، بەپێچەوانەوە بەدەست لەكار هەڵگرتوو دادەنرێیت بەپێی برگەی(٢) دوو لەمادەی(٣٧) سی و حەوت لەیاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە(٢٤) بیست و چواری ساڵی(١٩٦٠)ی هەمواركراو.
پ. د. ولي محمود حمد/ سەرۆكی زانكۆ

* * *

دادگای باری كەسیەتی كۆیە
ژمارە/ ٢١٣/ش/٢٠١٩
رێكەوت ٢٠١٩/٩/١١

ئاگانامە

بۆ/ داوالێكراو (لیلی قادر كاكە) دانیشتوی شاری كۆیە- گەڕەكی زانكۆ بەڵام ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
لەسەر داخوازی هاوسەرەكەت (شێركۆ عمر عباس) ئەم دادگایە لەداوای ژمارە(٢١٣/ش/٢٠١٩) لەرێكەوتی (٢٠١٩/٨/٢٨) بڕیاری دەركرد بە پەسەندكردنی تەڵاقی دەرەكی (تصدیق طلاق الخارجي) دەرهەق بە تۆ خستویەتی لەبەرواری(٢٠١٩/٧/٣٠)وەلەبەری ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی كۆیە، روونكردنەوەی ئاگاداركەرەوەی دادی لەم دادگایە، وەپشت بەستن بەمادەی(٢١) لەیاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادارت بكاتەوە بەناوەرۆكی ئەم بڕیارە لەرێگای بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە وەتۆش مافی تانەی نارەزایی و پێداچونەوە(الاعتراض والتمییز)ت هەیە لەماوەی(١٠)دە رۆژ لەدوای بڵاو بوونەوەی ئەم ئاگانامەیە بە پێچەوانەوە بڕیارەكە پلەی كۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ شوان صابر اسعد

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی/١
ژ.دۆسیە: ١٩٩٣/ب/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٢

ئاگاداری

دوابەدوای ئاگاداریمان كە لەداوای ژمارە ١٩٩٣/ب/٢٠١٨ بڵاوكرایەوە لە رۆژنامەی (یاری) لە ژمارە ١٣٥٩ رێكەوتی ٢٠١٩/٨/١٨ وە لەبەر دەركەوتنی ئارەزوومەندی كڕینی موڵكی ژمارە (٢٠/٦٥٣م٢ زرگتە) وە زیاد خستنە سەر ئەو نرخەی كە پێی فرۆشراوە لەلایەن ئارەزوومەندی (ضم) كردن بۆیە دادگا بڕیاری دا بە كردنەوەی دەرگای زیادكردنی ئاشكرا بۆ جارێكی تر بۆ ماوەی (٣) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە كە بڵاوە دەكرێتەوە لە رۆژنامەیەكی رۆژانەی ناوخۆیدا وە هەر ئارەزوومەندێك دەیەوێت بیكڕێت لە هاوبەشەكان و كەسانی تر با سەردانی ئەم دادگایە بكات وە لەگەڵ خۆیاندا بارمتەی یاسایی بهێنن بەرێژە ١٠٪ زیادكراوەكە كە بریتییە لە (١٢٠٠٠٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار ئەگەر هاوبەش نەبێت بەڵام هاوبەش بە گوێرەی بەشەكەی لێی دەبورێت وە لەكۆتایی ماوەی یاسایی دیاری كراوداوە لە كات ژمێر (١٢) نیوەرۆ لە رۆژی كۆتایی بڵاوكردنەوەكە كە زیادكردن دەست پێ دەكات وە هەواڵە كردنی كۆتایی (الاحالە النهائیە) دەدرێت بە ئارەزوومەندی زیادكەر وە ئەگەر رۆژی زیادكردن رێكەوتی پشوی رەسمی كرد ئەوا رۆژی دواتر دەبێت بەرۆژی زیاد كردن وەرەسمی تۆماركردن و بانگەواز لەسەر كڕیارە.
ژمارەی موڵك/ ٢٠/٦٥٣م٢ زرگتە
جنس و جۆری موڵك/ عرصة- مولك صرفە
رووبەری موڵك/ ٢٠٠م٢
نرخی: نوێ/ ١٠١,١٦٧,٥٠٠ سەدو یەك ملیۆن و سەدو شەست و حەوت هەزار و پێنج سەد دینار.
پێكهاتەكەی/ زەوی نیشتەجێیە و هیچی لەسەر نییە و هەموو خزمەت گوزارییەكی هەیە و بەردەمی شەقامی ١٠ مەترییە و رووەو باشووری رۆژهەڵاتە و دەكەوێتە شاری سلێمانی/ پشتی سوپەرماركێتی (ئاڵتوون) ژمارە (٨١) كۆڵان (٥٥) سەرەوەری.
تێبینی/ پێویستە زیادكردنەكە بارمتەی یاسایی بەچەكی پەسندكراو یان كەفالەتی مصرفی بهێنێت بەناوی دادگای بەرایی سلێمانی/١ لەگەڵ پێناسەی شارستانی خۆی.
دادوەری یەكەم/ اسماعیل عمر احمد

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٢/٥٥٤٦
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/١٨

جاڕدان

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی هەولێر موڵكی ژمارە (١٥١/٨٣٧) كە كەوتۆتە ك ٤٥ وارش دەفرۆشێت، خاوەنەكەی قەرزار (بەشی قەرزاران ١- حسن شیخە حسن ٢- نعیمە شیخە حسن) كە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (بانكی جیهان) بە بڕی (٨٦,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار، هەركەسێ ئارەزومەندە لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لەرۆژی دوای ئەم بڵاوكردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی كە ١٠٪ نرخە قرساوەكەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆماركردن و دەلالیش لەسەر كڕیارە.
جێبەجێكاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاكارەكان:
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٥١/٨٣٧ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ موڵكی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەكەدا هاتووە
٤ – پێكهاتەكەی/ لە دوو خانووی وەك یەك لە دوو نهۆم یەكەم ٣ ژوورو هۆڵ و حمام و مرافق مطبخ نهۆمی دووەم ٤ ژوورو حمام و مرافق.
٥ – رووبەرەكەی/ ٣٧٥ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانكاری/
٧- نیشتەجێكەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١٧٧,٣٣٣,٥٧٥ ملیۆن دینار بەشی قەرزار نعیمە شیخە حسن وە ٢٠٢,٦٦٦,٦٠٠ ملیۆن دینار بەشی قەرزار حسن شیخە حسن.

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ كردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/٢٢٨٥
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/١٩

ئاگاداری

ئەم بەرێوبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێكردنمان ژمارە (٢٠١٩/٢٢٨٥) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (پشكی) قەرزار (خورشید ابراهیم امین) نەخۆشخانەی (بلسم) كە بەبڕی (١٢,٠٣٠,٠٠٠) ملیۆن) دینارە قرساوە وە بەلێك زیادكردنی ئاشكرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (جوهر خورشید ابراهیم) كە برەكەی (٤٠,٧٥٠,٠٠٠) دینارە جا هەركەسێ ئارەزووی كرینی هەیە لە ماوەی (٣) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوكردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەرێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەل هۆی كە لە (١٠٪) نرخە قرساوەكەیەتی وە دەلالیش لەسەر كریارە.
جێبەجێكاری داد/ هەردی حمدامین همزە

* * *

سەرۆكایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢/ج٣/٢٠١٨
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/١١

بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: سنگر رحمان خضر
ئاگاداركردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٢/ج٣/٢٠١٨ وە پاش دادگایی كردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٨/١١/١٨ بریاری دەركرد بە سزادانت بۆ ماوەی (یەك سال) بەپێی مادده ١/٢١ لە یاسای چەك، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین كە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنكەیەكی پۆلیس بكە دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بلاوكردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتباركردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حكم الوجاهي پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماكانی دادگایكردن اصول محاكمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان

* * *

سەرۆكایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢٧٩/ج٣/٢٠١٧
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/١٧

بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: اومید احمد صالح
ئاگاداركردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٢٧٩/ج٣/٢٠١٧ وە پاش دادگایی كردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٩/٨/٢٨ بریاری دەركرد بە سزادانت بە بەندكردنت بۆ ماوەی (پێنج سال و یەك مانگ) بەپێی مادده ١/٤٠٨ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین كە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنكەیەكی پۆلیس بكە دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بلاوكردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتباركردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حكم الوجاهي پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماكانی دادگایكردن اصول محاكمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٧٣١/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٣

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: كاروان ابوبكر فقی محمد
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٤ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاكان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٢٣/ت/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: مسعود اكرم درویش
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٤ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٤٠/ت/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١١

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: زانا صباح اسماعیل
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٢ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٥١/كفالە١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: رزگار احمد عمر
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٤ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (١١٩) لەیاسای (اصول) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٣١/ت/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد خورشید مصطفى
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٠ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٧٢٧/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: شیلان زرار رسول
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٠ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاكان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٧١٤/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: سرود عبدالباسط احمد
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٥ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٣٧٧) لە یاسای (سزاكان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٧٥٩/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: عبدالاله صالح طه
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٠ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاكان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٠٥٥/ك١/ ٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٠

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: دیدار عبدالكریم محمد
ئاگاداركردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی، دادگاكەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١١ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٢١) لە یاسای (چەك)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەكەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای كەتنی عەنكاوە
ژمارە:٢١١/ك/٢٠١٩
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/١٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (صهیب سعدون حسن)
ئاگاداركردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماكانی دادگایی سزایی دادگاكەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە كاتژمێر (٩) بەیانی لەرێكەوتی ٢٠١٩/١١/٦ بۆ دادگایی كردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای كەتنی عەنكاوە
ژمارە:٢١٢/ك/٢٠١٩
رێكەوت: ٢٠١٩/٩/١٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هیمن علي صالح)
ئاگاداركردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماكانی دادگایی سزایی دادگاكەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٢ لە یاسای مۆبایل لە كاتژمێر (٩) بەیانی لەرێكەوتی ٢٠١٩/١١/٦ بۆ دادگایی كردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٥٨٢/ك٢/٢٠١٩
رێكەوت/ ٢٠١٩/٩/١٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سرور انور قادر
ئاگاداركردنەوە
ئاماژە بەداوای ٥٨٢/ك٢/٢٠١٩ تۆمەتباری هەڵاتوو (سرور انور قادر) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادده (١٤٣) لە یاسای بنەماكانی دادگاكردنی سزا دادگا بڕیاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە كات ژمێر (٩)ی بەیانی لە رێكەوتی ٢٠١٩/١١/١٨ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی مادده (٤٣٢) لە یاسای (سزاكان) بە پێچەوانەوە دادگایی كردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساكان.
دادوەر/ حسن علي مراد امين

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٧٦٣/ك٢/٢٠١٨
رێكەوت/ ٢٠١٩/٩/١٢

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سرمد عماد كامل
ئاگاداركردنەوە
ئاماژە بەداوای ٧٦٣/ك٢/٢٠١٩ تۆمەتباری هەڵاتوو (سرمد عماد كامل) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادده (١٤٣) لە یاسای بنەماكانی دادگاكردنی سزا دادگا بڕیاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە كات ژمێر (٩)ی بەیانی لە رێكەوتی ٢٠١٩/١١/٢٤ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی مادده (٤٥٦) لە یاسای (سزاكان) بە پێچەوانەوە دادگایی كردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساكان.
دادوەر/ حسن علي مراد امين

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٧٠٩/ك٢/٢٠١٩
رێكەوت/ ٢٠١٩/٩/١٢

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ دیار خالد محمد
ئاگاداركردنەوە
ئاماژە بەداوای ٧٠٩/ك٢/٢٠١٩ تۆمەتباری هەڵاتوو (دیار خالد محمد) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادده (١٤٣) لە یاسای بنەماكانی دادگاكردنی سزا دادگا بڕیاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە كات ژمێر (٩)ی بەیانی لە رێكەوتی ٢٠١٩/١١/١١ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی مادده (٤٥٦) لە یاسای (سزاكان) بە پێچەوانەوە دادگایی كردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساكان.
دادوەر/ حسن علي مراد امين

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٨٦٤/ك٢/٢٠١٩
رێكەوت/ ٢٠١٩/٩/١٦

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ ١- مسعود زینالی حسن ٢- خالد كشاش صیهود
ئاگاداركردنەوە
ئاماژە بەداوای ٨٦٤/ك٢/٢٠١٩ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (١- مسعود زینالی حسن ٢- خالد كشاش صیهود) شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادده (١٤٣) لە یاسای بنەماكانی دادگاكردنی سزا دادگا بڕیاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارتان بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە كات ژمێر (٩)ی بەیانی لە رێكەوتی ٢٠١٩/١١/١٨ بەمەبەستی دادگایی كردنتان بەپێی مادده (٤٥٦) لە یاسای (سزاكان) بە پێچەوانەوە دادگایی كردنتان بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساكان.
دادوەر/ حسن علي مراد امين

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٣٩٣/ك٣/٢٠١٩
رێكەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٩

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ سیامند جبار ابراهیم و خلیل جبار ابراهیم
ئاگاداركردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوكمی دەركردووە بەژمارە ٣٩٣/ك٣/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٦/٣٠ لەسەریان بەزیندانی كردنیان (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بۆ هەر یەكێكیان بەپێی ماددەی (٤٣٢) بدلالە المواد (٤٧ – ٤٨ – ٤٩) لەیاسای (سزای) بەشێوەیەكی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوەخۆیی رۆژانە پێتان رابگەیەندرێت بەپێی ماددەی ٢٤٣ لە یاسا بنەماكانی كردنی سزای.. مافی تانووت لێدانتان هەیە لە بڕیارەكە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەكە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

* * *

دادگای كەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٢٤/ك١/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٨/٢٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ حسین یاس خضر
ئاگاداركردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوكمی دەركردووە بەژمارە ٣٢٤/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٦/٩ لەسەرت بەزیندانی كردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای (سزاكان) بەشێوەیەكی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوەخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەكە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لەرۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەكە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەكەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

بەڵگە هێنانەوە سەبارەت بە رەگوڕیشەی ناوی شارەزوور

کەمال نوری مەعروف

2 کۆتایی

پێشەکی:

دەشتی شارەزوور (1) لەزووەوە لە بواری شوێنەوواردا لای ناوەندەکانی ئاسەوارناسی ناسراوە، هۆکاری ئەوەش بۆ بوونی پاشماوەی زۆری شوێنەواری لەگرد و تەپۆلکەو جۆرەکانی تری دەگەڕێتەوە. ئەو بوونەش بەوخاکە بەپیت و بەردەکەت و ئاوو هەوا باش و ئاوی زۆرەوە پەیوەستە. لەوتێڕوانینەوە بەهۆی ئەوەی شارەزای شوێنەوار بووم و ماوەیەکی زۆریش لەو بوارەدا کارم کردووە، زۆرجار بۆ کاری شوێنەواری سەردانی ناوچەکەم دەکرد، ئەوە زیاتر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری شوێنەواری سەبارەت دەشتەکە و دەوروبەری هانیدام. لەم هەوڵانەمدا، دوو شت زۆر سەرنجی رادەکێشام:

(موهەلهەل) دەڵێت: (شارەزوور پردێهاتوو خانووەو شارێکی گەورەی تێدایە لەئێستادا پێیدەوترێت (نیم ئەزڕای) واتە نیوەی ڕێگا، هەروەها دەڵێت: ئەم شارە ئەستووری شووڕەکەی (8) باڵەو دووپشکی کوشندەی تێدایە کە لە دووپشکی (نەسیبین) خراپترە، لێرەدا شاخێک هەیە بەناوی (شەعران)(هەورامان) ناسراوە، هەروەها شاخێکی تری لێیە بەناوی زەڵم، شارەکەش ناوەڕاستی ڕێگایە لەنێوان (مەدایین) بۆ پەرستگای ئاگری (شیز) لە ئازەربایجان، قوبادی کوڕی فەیرۆزی ساسانی دروستی کردووە)). پێیدەچێت خاوەنی ئەم رایەش بۆچوونەکەی لەسەر ئەو پاشماوانە بیناکردبێت کە لە (خومال)داهەن، بەپێی وەسفەکەش بۆ سەردەمی ساسانی دەباتەوە، بەمانا بۆ سەردەمی قوبادی یەکەم (499-531ز) کەدووجار لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتووە. ئەم رایەش پەیوندی بەشارەزوورەوە نییەو وەسفەکەش بەوجۆرە هاتووە کە (خورمال) دەگرێتەوە ئەوکاتەی ناوەندی دەسەڵات بووەو لەوێوە ناوچەکە بەشارەزوورییەوە فەرمان ڕەوایەتی کراوە.

مامۆستای زمانەوانی (تۆفیق وەهبی) ڕای وایە ناوی شارەزوور لە(شەهر) بەمانای (شار) دێت و (زوور)یش بەمانای نزم، یان قوڵدێت، ئەم ناولێنانەش بەڵای مامۆستا وەهبییەوە لەگەڵ شێوەی نزمی زەوی و زاری شارەزوورەوە دەگونجێت، هەروەکو دەڵێت نزمایی کەشی بەهۆی هاتنەوەیەکی ناوچەکە دروست بووە کە لەوانەیە لەپێشەوە دەریاچەیەک بووبێت ئاوەکەی لەڕێگای دەربەندەوە ڕۆشتبێت. بۆ ئەم بۆچوونەش مامۆستا وەهبی سەبارەت بەبەشی یەکەم قسەیەکم نییەو لەگەڵیدا ئەوەی وتوویە هاوڕام، بەڵام بۆبڕگەی دووەمی کە(زووڕە) ڕام پێچەوانەیە. وشەی (شارەزوور)یش دیارە لە (2) بڕگە پێکهاتووەو لێکدراوە لەسەر شێوەی (حەیدەر ئاباد) یان لەسەر شێوەی (میرزا ڕۆستەم)، لای جوگرافیاناسەکانیش هەتاکو ئێستا ئەوە نەسەلمێنراوە کەشوێنی دەشتەکە نزم بووبێت و ئاوی تێدا کۆ بوبێتەوە، جگە لەوەی لە سەردەمە زووەکانەوە ئەوە سەلمێنراوە بەهۆی کۆنە پشکنینەوە کەدەشتەکە بەدانیشتوان ئاوەدان بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە هەموو ئەوسەرچاوانەن کەباسی دەشتەکەیان کردووە. لەلایەکی تریشەوە زانا نوێیەکان ڕایان وایە کەشارەزوور بەمانای دارستانی ڕەش دێت، (شەرزوور) کە مانای دارستانی پادشا دەگرێتەوە (12) بۆ ئەمەش بەڵگەیەکی خاکناسی یان شوێنەواری نییە پشتگیری لەبۆچوونەکەیان بکات، هەروەکو چۆن لەکاتی کۆنەو پشکنینەکانی کەلێوەی نزیکن و دەڕێنە تانجەڕۆ بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم کێشەیە". هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێت: "دوای گەڕان لەسەر ڕووی ئەم شوێنەوارە هیچ پارچە سوالەتێکمان نەدۆزییەوە، بەڵام لە ئەنجامی هەڵکەندنا سوالەتی ئەم دواییەی سەردەمی ئیسلامی دەرکەوت"، هەروەها دەڵێت: "زۆر شتێکی نامۆیە دەسنیشانکردنی شوێنەوەرەکە بە پاشماوەی شاری شارەزووری پایتەختی شانشینی کوردی بکەین، کە هەر ئەوناوەی لەخۆگرتبێت. هەروەها دەڵێت: "لەراستیدا گردی بەکراوا لە یاسینەپە بەرزترە، بەڵام لێوارە لێژەکانی ڕووبەرێکی بچووک داگیردەکەن.. لەکۆتاییدا ڕای وایە بەکراوا شوێنی شارەکۆنەکەی (ئەتلیلا) کە سەرلەنوێ ناوی (دوور ئاشوور)ی لێناوە کە مەبەستی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی دانەوێلە بووە لەوێدا. (18).

3- ئەمۆنذ، دەڵێت: "شاری شارەزووری کۆن، شوێنەکەی یان خورمالی ئێستایە یاوەکو شوێنی یاسینەپەیە (19).

4- شوێنەوارناس دکتۆر ئیسماعیل حجارەکە ساڵی 1973 کاری کردەو پشکنینی لە گردی یاسینەپە دەستپێکرد، باوەڕی وایە گردی ناوبراو لەبەرئەوەی لەقەوارەدا لەبەکراوە گەورەترە، بۆیە بەلایەوە پێدەچێت کە (یاسینەپە) شاری ئاشووری کۆنی لەخۆگرتبێت" (20).

5- دکتۆر حسامەدین عەلی غالب نەقشبەندی، مامۆستای میژوو لە زانکۆی سلێمانی، لە کۆڕێکدا کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی ساڵی 1976 بۆی گێڕا، ڕای وابوو کە پاشماوە دێرینەکانی خۆرمال، شاری شارە زووربێت (21).

بۆ ئەم بۆچوونە هەموو بەڵگەکان بەپێی ئەوەی لەسەرچاوە میژوویییەکاندا هاتوون، خورمال ئەو شارەیە کە لە سەردەمی ساسانیدا بە (نیم ئەزڕا)ی ناسراوە، کە ناوەندی دەسەڵاتی ساسانییەکان بووەو لە شوێنەوە فەرمانڕەوایەتی شارەزوورکراوە، جگە لەوەش پاشماوەکانی خورمال، کەناوبراو ئاماژەی بۆ دەکات، مامۆستاتەها باقر سەردەمەکەی بۆ سەرەتای چاخی ئیسلامی دەباتەوە. بەڵام من بۆ ئەوە دەچم بەشێک بن لەو پاشماوانەی ساسانی کەبە (نیم ئەزڕا) ناسراوە. لای شوێنەوارناسنیش ئەوە ئاشکرایە کەشاری دێرنبی شارەزوور بەپێی هەموو بەڵگەکان زۆر لەسەردەمی ساسانی کۆنترە. ناوبراویش ئەم ڕایەی لەسەر بۆچوونێکی زانای شوێنەوارناس تەهاباقر وەرگرتووە کەوتوویە: زۆرپێدەچێت شاری شارە زووڕ (نیم ڕای) دووناوبن بەشارێک وترابێت (22).

ڕای ئێمە لەسەر ناوی شارەزوورو شوێنەکەی

بۆ دەرخستی ڕەگوڕیشەی ناوی شارەزوورو شوێنەکەی، کە لەهەردوو ناوەکەدا سەری داوەکە بدۆزینەوە، تاوەکو بگەین بەڕەگوڕیشەکەی. چونکە هەردوولایان بەپێی بۆ چوونی ئێمە بۆ بنەمایەک دەگەڕێتەوە، لەشێوەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هەولێرو ئەربیلدا هەیە، یان لەنێوان خورمالّ و گوڵعەنبەردایە، کەلە سەرچاوەیە کەوەهاتوون. بۆیە پێدەچێت شارەزووریش هەرئەو (دوور ئاشوور) بێت، بەڵام دوای نەمانی دەسەڵاتی ئاشووری لە 612ی پ.ز واتە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مادیەدواوە، ناوەکە بەر ئەو گۆڕانکارییانە کەوتبێت. بەجۆرێک بڕگەی دووەم، کە (ئاشوور)ە شوێنی بڕگەی یەکەم کە (شەهر)ە گرتبێت، بڕگەی یەکەمیش کە (دوور)ە شوێنی بڕگەی دووەم کە (زوور)ە گرتبێت، بەکۆارەشمان ناوێکی لێکدراو دوروست دەبێت بەشێوەی (ئاشوور دوور)، لەئەنجامی وتنەوەی لەسەرزمانێپێدە چێت ئەوگۆڕانکارییانەی بەڕۆشتنی ڕۆژگار بەسەر ناوەکەدا هێنابێت ئەوەش بەنامانی (ئا) لە (ئاشووردوور) کەبووەتە (شوور دوور)، لەفارسی کۆنیشدا بڕگەی یەکەم کە (شوور) (شەهری) فارسی کۆنی سەردەمی هاخامەنشی وەرگرتووە (دوور) یش بووەتە (زوور) و بەلێدانی هەردوو بڕگەکە بووەتە (شەهر زوور)، یان (شارەزوور) کە خەڵکی ناوچەکە ناویان لێناوە، هەربەوشێوەیەش لەسەر زمان ڕۆشتووەو ماوەتەوە، کە دواتر لە فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکانیشدا شێوەکۆنەکەی چەسپاوەو لەتەک ئەوشتدا شارەزووریش بووەتە ناوی دووەمی لای کورد. لەگەڵ ئەمانەشدا ناوێکی تریش زیادی کردووە، کە بە (نیم ئەزڕا)ی ناسراوە بەمانا نیوەی ڕێگا کە بەپێی زانیاری میژوویی شاری (خورمال)ی ئێستا دەگرێتەوە، کە بە سەردەمی ساسانییەوە پەیوەستە. ئەگەر ئەم بۆ چوونە شوێنی خۆی بگرێت، ماوەتەوە بڵێم: ئایە ئەم شارە دەکەوێتە کوێی دەشتەکە؟

سەرچاوە شوێنەوارییەکان بەگردی یاسینەپەو (قزقلعەسی) (قەڵای کچێ) کە دەوری گوندی بێستانسووریان داوە لەبناغەی دیوارو کەلاوەکۆن و تەپۆلکەی شوێنەواری ناوی دەبەن پێدەچێت پاشماوەی ئەوشارەی تێدا کۆبووبێتەوە بەپێی ئەو بەڵگانەی لە لەتە گۆزەو خشتی چوارگۆشە بەرچاو کەوتوون. هەروەها وتوێژەکەی نێوان (ڕێچ) و (عوسمان بەگ)یش لە 1820/9/23دا بەڵگەیەکی تڕە بۆ ئەو دیاریکردنە، هەروەکو پادشا دەڵێت: شوێنی شارەکە دەوکەوێتە (قزقلعەسی) (قەڵای کچێ) هەروەکە لەووە بەر ئاماژەم پێدا. شوێنی شارەکەش ئەگەر لە دەوروبەری بێستانسوور دروست کرابێت هەموو مەرجەکانی پێداویستی شارێکی تێدا کۆبووەتەوە لەدانانی شوێنە کەیدا کە لەپێشیانەوە بوونی ئاودێت، کە کانیاوی زۆری لێیە لەگەڵ ڕێگاو بانی هاتوو چۆو ئاوو هەوای باش بەپێی وەرزەکانی ساڵ. ئاشوور ناسرپالی دووەمیش (859-883پ.ز) ئەگەر شوێنی شارەکەی لەو دەوروبەرە دانابێت بۆ دروستکردنی بەلای ئێمە وەهۆکاری خۆی هەبووە، کە پاڵی پێوەناوە مەبەستەکەی بەئەنجام بگەیەنێت کە تێیدا سەرکەوتوو بووە، لەوانە:

1- لەبەرئەوەی ناوچەکەبە بەرهەم هێنانی دانەوێڵە دەوڵەمەندبووە، هەوڵدانەکەی بۆ ئەوەیە لەوێدا پێویستی سوپاکەی لە دانەوێڵە کۆبکاتەوە، تاوەکو کەموکوڕی لە ئازووقە نەبێت و بەردەوامی بەهێرشەکانی لەناوچەکە دابدات، هەتاکو بە تەواوی بەسەر دووژمنە لۆژیستیەکانیدا سەردەکەوێت.

2- خاڵێکی تری گرنگ، کەخۆی دەنوێنێت ئەوەیە پادشای ناوبراو نەهاتووە ئەو شارە دروستبکات، هەتاکو لە سەڵامەتی شاخەکانی دەوروبەری لەهێرشبەران دڵنیا نەبووبێت، بەوەی هێڵی بەرگری دروست نەکردبێت.

3- پارێزگاری لەشاری (دوور ئاشوور) لەهێرشی لۆژیستیەکان و هاوپەیمانەکانیان بۆسەری، لەناوچەیەکی پان و بەرینی دەشتی شارەزووردا بۆ سوپای ئاشووری ئاسان بووە، چونکە پێشەکی ئەوەیان بۆ ئەو جۆرە هێرشانە لەبەر چاوگرتووە، بەڵام بۆ لۆژیستیەکان ئەگەر بیریان لەهێرشبردن بۆگەمارۆدانی شارەکەو داگیرکردنی کردبێتەوە بەزیانی زۆرو سەرنەکەوتنیان بۆیان گەڕاوەتەوە. نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت کوردستانی باشوور هەتاکو ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئاشووریەکانیش لەساڵی 612ی پ.ز ناوچەیەکی ستراتیژی گەورەی زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارە بووە بەپێی باسی سەرچاوەکانی میژووی دێرین بۆکاری سەر بازییان و دەستکەوتی زۆریشیان لە تاڵانی و هێنانی کەرەسەی خاو بۆ چەکی جەنگاییان چنگ کەوتووە.

4- دروستکردنی ئەم شارەلێرەدا، واتە دەوەروبەری گوندی بێستانسوور، بەڵای ئێمەوە هەر گەنجینە یەک نەبووە بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە، بەڵگو ناوەندێکیش بووە لەپشتی گۆڕەپانی شەڕەکەوە بۆ نادنی هێز بۆ شەڕگەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە چەک و ئازووقە و شتی تر، لەلایەکی تریشەوە وەکو بنکەیەکی ڕاگەیاندن بۆ گەیاندنی دەنگوباس و هەواڵی شەڕەکان و ئەنجامەکانی بە ناوەندی ڕاگەیاندن بووە لە ووڵاتی ئاشوور. بەو کارەشیان ئارامی ناوچەکەیان لەبەرچاوگرتووە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە بۆ مەرامی سەربازی و ڕامیارییان. ماوەتەوە بڵێم کاری کنەو پشکنینێ تەنیا ڕاستی بوونی ئەو شارە لە شوێنی ناوبراودا سەردەمەبێت. بڕوانە: جمال بابان/ اصول اسماء المدن والمواقع العراقیه/ الجزء الاول/ بغداد /1989ص 172.

8- زەڵم/ لە زمانی کوردیدا بە مانای گژوگیای زۆر دێت، کە لە ڕاستیدا دۆڵی زەڵم ئەو جۆرە ڕووەکەی پێوە دیارە لەو ڕووەوە قەزوینی دەڵێت: (زەڵم) جۆرە گوڵێکە لە شارەزووریش دەڕوێت کە بەناوی ڕووبارەکە لە دەشتەکەدا ناونراوە.

10- اندری بارو/ بلاد اشور (نینوی و بابل) ترجمه وتعلیق الدکتور عیسی سلمان وسلیم طه التکریتی/ 1980/ منشورات وزاره الثقافه والاعلام/ الجمهوریه العراقیه/ سلسله الکتب المترجمه/ ص 341.

11-طه باقر وفواد سفر، المرشد الی مواطن الاثار والحضاره، الرحله السادسه/ بغداد- حلبجه/ بغداد /1966ص 18.

12- بۆ ئەو بۆچوونانەی لەسەر ناوی شارەزوور دەربڕینیان لەسەر دراوە، بڕوانە:

1- جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیه، الجزء الاول، المصدر السابق/ ص181-185.

کذلک: توفیق وهبی، اصل تسمیه شهرزور، بغداد /1961 ص129-144.

13- جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیه، المصدر السابق/ ص183.

14- ئەم گەشتنامەیەی میستەر ڕیچ کە لە ساڵی 1820دا نوسیوێتی، دوای مردنی خۆی، خاتوو ڕیچی هاوسەری سالی 1836 لە دوو بەرگدا چاپی کردووە.

بۆ ئەمە بڕوانە: کلاودیوس جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (1820) محەمەد حەمە باقی لە عەرەبییەوە گۆڕیویەتی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم 2012 بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان/ لا11.

15- ناوی عەرەبەت لە دائیرەی مەعاریفی ئیسلامیدا بە مانای مارێکی گەورە هاتووە کە ژمارەیەکی زۆر مار دەخوات، لە ڕاستیدا ناوچەی شارەزوور بەگشتی و عەرەبەت بەتایبەتی ناوبانگی بەوجۆرە مار و دووپشکانە دەرکردووە.

بڕوانە: جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیه، الجزء الاول، المصدر السابق/ ص205-206.

16- کلاودیۆس جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان 1820 هەمان - سەرچاوەی پێشوو/ لا -278 277.

17- سپایزەر، ئەفرایم ئەفیگدۆر (1902-1965):

خۆرهەڵاتناسێکی ئەمریکی بەناوبانگە، یەکەم بەڕێوەبەری کنەو پشکنین بووە لە (تەپەگەورە)ی ناوچەی هەولێر لەساڵانی (1927-1932-1936-1937)، ئەم کارەی لە (تەپەگەورە)دا گرنگییەکی گەورەی هەبووە بۆ سەردەمی بەر لە میژوو لە میزۆپۆتامیادا. ساڵی (1926-1927) هاتووەتە ناوچەی سلێمانی بۆ بەدواداچوونی هێڵی لەشکرکێشی (ئاشوور ناسر پالی دووەم) (859-883پ ز) بۆ سەر وڵاتی زاموا لە ناوچەی سلێمانی لە کوردستانی باشوور. بۆ ئەمە بڕوانە: دیفید جوان اوتیس، نشوء الحچاره، ترجمه لگفی الخوری/ 1988 ص307.

18- سپایزەر، لەشکرکێشییەکەی ئاشور ناسر پالی دووەم بۆ سەر وڵاتی زاموا، گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە (7) ساڵی دووەم ئازاری 1999 شیروان ئەحمەد لە ئینگلیزییەوە گۆڕیویەتی/ لا110.

19- سی.جی. ئەدمۆندس، کردک، ترک، عرب، 1971/ ص24.

20- اسماعیل حسین حجاره، التنقیب فی سهل شهرزور/ مجله سومر/ الجزء الاول والثانی 1975/ المجلد الحادی والثلاثون/ ص275.

21- الموسم الثقافی الاول، اصدرته مدیریه تربیه محافظه السلیمانیه /1976 ص80.



ناوچەی بێستان سوور دەشتی شارەزوور

هێرشی سەر کۆمپانیا نەوتییەکانی سعودیە و کاردانەوەکان



ئا: عەبدولقادر کەلهۆڕ

دوای ئەوەی دامودەزگا نەوتییەکانی سعودیەی عەرەبی بەچەند فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان هێرشیان کرایە سەر ، ڕۆژی یەکشەممە دۆنالد ترەمپ ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گوتی: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانێت کێ لە پەنای ئەو هێرشانەوەیە کە کرانە سەر دامودەزگا نەوتییەکانی سعودیەی عەرەبی ئەمەریکاش ئامادەیە بۆ هەر وەڵامدانەوەیەکی ئەو هێرشانە، بەڵام چاوەڕوانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەکانی سعودیەی عەرەبی دەکەین بۆ ئەوەی بڕیار بدەین چی بکەین .ترەمپ لە توێتێکدا گوتیشی، دامودەزگا نەوتییەکانی سعودیە هێرشیان کرایە سەر، هۆکاریشمان بە دەستەوەیە کە کێ ئەو هێرشەی ئەنجام داوە.ئامادەشین بۆ وەڵامدانەوە بەڵام چاوەڕوانی بڕیاری سعودیە دەکەین.

لەلایەکی دیکەوە بەرپرسێکی پایەبەرزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گوتی، هێرش کرایە سەر دوو دامودەزگای نەوتی سعودیەی عەرەبی هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ سەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا.دەشزانێن ئەو هێرشانە لە ئاراستەی ئێرانەوە هاتوون و ڕەنگە موشەکی کروزیشی تێدا بەکارهاتبێت.

ئەو لێدوانانە دوای ئەوە دێن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئێرانی بە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە تۆمەتبار کرد، کە بوونەتە هۆی پەکخستنی ڕێژەی 5%پاڵپشتیکردنی پرۆسەی نەوت لە جیهاندا . هەروەها ئێمە باش دەزانین کە ئەو هێرشە لەلایەن میلیشیا حوسیەکان ئەنجام نەدراوە وەک ئەوەی بەرپرسیارییەتی خۆیان تێدا ڕاگەیاند..لە بەرانبەریشدا ئێران ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە بەڵام ڕاشیگەیاند کە ئامادەیە بۆ جەنگ. بەرپرسە باڵاکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە ڕازی نەبوو ڕۆیتەرز ناوەکەی ئاشکرا بکات گوتی، لە هێرشەکەدا 19پێگە کراونەتە ئامانج بەڵگە و دیکۆمێنتەکانیش ئاشکرای دەکەن کە موشەکەکان لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئامانجەکانەوە هاتوون، واتە لە ئاراستەی ئێران نەوەک یەمەن.

بەرپرسەکە گوتیشی: بەرپرسانی سعودیە بەڵگەیان هەیە کە هێرشەکە موشەکی کروزی تێدا بەکارهاتووە.ئەو بەڵگەیەش لەگەڵ توانا و پرۆپاگەندەی حوسییەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، تێک ناکاتەوە ، کە گوایە ئەوان هێرشەکەیان بە شەش فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان ئەنجام داوە .هەروەها ئاماژەی دا ، هیچ گومانی تێدانیە کە ئێران لە پەنای ئەو هێرشەدایە و پێوەست ناکان هیچ هەوڵێک بدات بۆ ئەوەی بۆچوونەکان بەلاڕێدا ببات و هیچ بواریک بۆ ڕاکردن نەماوەتەوە،بەڵگەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە هێرشەکە لە ئاراستەی ئێرانەوە هاتووە . چاودێران پێیان وایە ئەو هێرشە و زێدەبوونی پشێویەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە هۆی ئەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان لە نێوان 5 تاکو پازدە دۆلار لە نرخی هەر بەرمیلێک بەرز ببێتەوە.

لە لێدوانێکدا بۆ تەلەفزیۆنی حکوومی ئێران ، عەباس موسەوی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران گوتی، هەموو ئەو تۆمەتانەی ئێران ڕەتدەکەینەوە چونکە پوچ و مایە بەتاڵن.. هاوکات بەرپرسێکی باڵای سوپای پاسدارانی ئێرانیش ڕایگەیاند، کۆماری ئیسلامی ئێران تامادەیە بۆ جەنگ.لەلایەکی دیکەوە، ئاژانسی دەنگوباسی ڕەسمی ئێران (تەنسیم) لە زاری ئەمیر عەلی حاجی زادە ،فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی سوپای پاسدارانەوە ئاشکرای کرد، پێویستە هەموو لایەک ئەو ڕاستییە بزانن ، هەموو بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە لەگەڵ کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکانیان تەنیا 2هەزار کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورن ، واتە بە ئاسانی موشەکەکانی ئێران دەیانگاتێ.

هەر لەو چوارچێوەدا کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیەی عەرەبی حکوومی گوتی، هێرشەکان بەرهەمهێنانی نەوتیان بە ڕێژەی 5.7ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا هێناوەتە خوارەوە، لەکاتێکدا ئارامکۆ ئامادەکاری دەکرد بۆ ئەوەی لە سەرەتای ئەو ساڵ پشکەکانی بخاتەڕوو لە بۆرسەیەکدا کە بە گەورەترین دادەنرێت لە جیهاندا.

هەر لەو بارەوە ئارامکۆ هیچ خشتەیەکی دیار نەکرد بۆ زێدەکردنەوەی بەرهەمهێنان بۆ ئەوەی وەکو ئاستی پێشووتری لێبێتەوە. لە ڕوویەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕێتەرزی ڕاگەیاندووە ، چاک کردنەوەی زێدەکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە سعودیەی عەرەبی پێویستی بە چەند هەفتەیەک هەیە. لە بەرانبەردا سەرچاوەیەکی دیکەی ئاگەدار پێشبینی کرد هەر لەو هەفتەیە سعودیە بتوانێت ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت وەکو خۆی لێبکاتەوە چونکە بڕێکی ئێجگار زۆر نەوتی ئەمبار کراوی هەیە.

لە پێشهاتێکی دیکەدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامانجی هێرشەکان سنووردارن

وەک پێشبینی دەکرا بابەتی سەرەکیی گفتوگاکانی نێوان ئەردۆگان و ڕوحانی و پوتین لەسەر ڕەوشی ئێستای سووریا بوو، بە تایبەتیش زامن کردنی ڕەوشێکی گونجاو لەبار بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەرە سوریییەکان بە شێوازێکی خۆوبستانە بۆ نێوخاکی سووریا. لەگەڵ تاوتوێ کردنی فلادیمیر بوتین لە هێرشەکانی سوپای سووریا بۆ سەر ڕۆژئاوای باکووری سووریا گەیاندووە کە پێشڕەوی کردنی سوپای سووریا دەبێتە مایەی قەیرانێکی مرۆیی گەورە و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی تورکیا.

پێشبینییەکان سنووردارن

وەک پێشبینی دەکرا بابەتی سەرەکیی گفتوگاکانی نێوان ئەردۆگان و ڕوحانی و پوتین لەسەر ڕەوشی ئێستای سووریا بوو، بە تایبەتیش زامن کردنی ڕەوشێکی گونجاو لەبار بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەرە سوریییەکان بە شێوازێکی خۆوبستانە بۆ نێوخاکی سووریا. لەگەڵ تاوتوێ کردنی ئەو هەنگاوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بە نیازن بە هاوبەشی بە مەبەستی چەسپاندنی چارەسەرێکی سیاسییانەی هەمیشەیی لە سووریا ئەنجامی بدەن.مۆسکۆ گوشار بەکاردێنێت بۆ دزە کردنە نێو بابەتی پێکهێنانی ئەو لیژنە دەستووریەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان کار لەسەر پێکهێنانی دەکات بەمەبەستی سەرپەرشتی کردنی قۆناغی داهاتوو کە بریتی دەبێت لە یەکلاکردنەوەی چارەسەری سیاسییانە لە سووریا. ئەگەر لیژنەکەش بەپێی ویستی ڕووسیا پێکهێنرا ئەوە وەک دارین خەلیفە تۆیژەر لە کۆمەڵەی قەیرانی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێ دەکات، ئەوا بۆ پوتین سەرکەوتنێکی سیاسی دەبێت و دەخرێتە سەر سەرکەوتنە سەربازییەکانی ڕووسیا لە سووریا. بەڵام پێشبینیەکان سنووردارن. ناوبراو پێی وایە هەتا ئەگەر لەسەر ئەو لایەنەی لیژنەکە پێکدێنێت ڕێک بکەون، ئەوە چەندین بابەتی سەرەکیی کە پەیوەستە بە ئایندەی چارەسەری سیاسی، هەروەها تا چەند ڕژێمی سووریا ئامادەیی تیا بەدی دەکرێت بە چاکسازی سیاسی هەڵسێت، وەک خۆی دەمێنێتەوە.لە هەمان کاتیشدا تورکیاش کە تا ئێستا دوو کردەوەی سەربازی یەکەمیان لە دژی ئەمڕۆ دووشەممە، سەرکردەکانی هەریەک لە تورکیا و ڕووسیا و کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئەنقەرەی پایتەختی کۆماری تورکیا کۆدەبنەوە.. چاوەڕوان دەکرێت لە کۆبوونەوەی نێوان ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا و قلادیمێر پوتنی سەرۆکی ڕووسیا و حەسەن ڕۆحانی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران جگە لە دۆسیەی سووریا ڕۆژهەڵاتی فورات و ئاگرپەست لەو ناوچەیە باس لە تەنگژەی نێوان ئەمەریکا و ئێران و دوا پێشهات و ئاکامەکانی هێرشەکەی سەر دامودەزگە نەوتییەکانی سعودیە بکرێت ، کە بووە هۆی هەڕەشە بۆ سەر پرۆسەی کڕین و فرۆشتنی نەوت لە سەر ئاستی جیهاندا.

سەرچاوە : ڕۆیتەرز

پێنجەمین لوتکەی سەرانی تورکیا و ڕووسیا و ئێران لە ئەنقەرە



ئا:خالید گەردی

ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا لە ئەنقەرە میواندارای لە هەردوو هاوتاکەی حەسەن ڕوحانی سەرۆکی ئێران و فلادیمیر بوتینی سەرۆکی ڕووسیا کرد. کە ئەمەش پێنجەمین لوتکەیە لە نێوانیان لەسەر ڕەوشی سووریا ساز دەکرێت، کە یەکەم لوتکەی نێوانیان لە ساڵی 2017بەسترا. وەک پێشبینیش دەکرا پێش سازدانی لوتکە سێ قۆڵییەکە، دانیشتنی دوو قۆڵیش لە نێوانیاندا بەڕێوە چوو.

لە کاتێکدا ئێران و ڕووسیا بە تووندی پشتگیریی لە مانەوەی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا دەکەن، تورکیا چەندین جار داوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەدی دەکرد و پشتگیری لە بەرهەڵستکارە چەکدارەکانی ڕژێمی سووریای دەکرد. بەڵام دوای باشتربوونی ڕەوشی سەربازی سوپای سووریاو دەستبەسەرداگرتنەوەی ئەو ناوچانەی کە لە سەرەتای ڕووداوەکانی سووریا لەدەستیان دابوو، نزیکبوونەوەیان لەدوا پێگەی بەرهەڵستکاران لە ئیدلیب بە پاڵپشتی فرۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا سەرەڕای زنجیرە ڕێکەوتنێکی نێوانیان لەسەر ئاگربەست لەو ناوچەیە ، ئێستا هەوڵی لە پێشینەی تورکیا بۆتە ڕێگریکردن لە هاتنی شەپۆلێکی دیکەی پەنابەرانی سووریایە بۆ وڵاتەکەی کە ئێستا داڵدەی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی سووریای داوەو بۆتە بارگرانی بەسەر ئابووریەکەی.تورکیا وەک بەشێک لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی س٥وتشێ، کە تایبەت بوو بە دامەزراندنی ناوچەیەکی لە چەک دامالراو (12)خاڵی چاودێری لە ئیدلیب و دەوروبەری دروستکردبوو. بەڵام سەرەڕای ڕێککەوتنە ئاگربەستەکەی نێوان ئەنقەرەو ڕووسیا ، ڕووسیا بە فڕۆکە ناوچەکەی بۆردومان دەکرد. لەبارەی هۆکاری بۆردومانەکانی فڕۆکەکانی ڕووسیا ، یەری ئۆشکانوفی ڕاوێژکاری کرملین گوتوویەتی؛ تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆریستان لە ناوچەکە بوونیان هەیە و پەلاماری پێگە حکوومییەکان دەدەن، نیگەرانییەکانی تورکیاش لەوە سەرچاوەی گرتووە ئەگەر سوپاکەی بەشار ئەسەد زیاتر پێشڕەوی بکات، ئەوا مەترسیی بۆ سەر پەچڕانی پەیوەندی نێوان خاڵەکانی چاودێری سوپای تورکیا زیاتر دەکات.پێشتر سەرۆکایەتی تورکیا بڵاوی کردەوە ئەردۆگان نیگەرانییەکانی وڵاتەکەی بە ئامانجی پێ دەکات، ئەوا بۆ پوتین سەرکەوتنێکی سیاسی دەبێت و دەخرێتە سەر سەرکەوتنە سەربازییەکانی ڕووسیا لە سووریا. بەڵام سەرەڕای ڕێککەوتنە سەربازییەکانی سنووردارن. ئەوەی ئێستا ڕووسیا و ئێران و تورکیا دەیکەن ئەوەیە کە ئەو هێرشانە ڕاستەوخۆ ئامانجیان ئەو ڕێکخراوە نین کە ئەمڕۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە وەک بەرچاوترین هێزی شەرکەر لە دژی داعش پشتیوانی دەکرێن، کە پێی وایە پەیوەندییان بە چەکدارە کوردەکانی نێو خاکی تورکیاوە هەیە.

سەرچاوە: ئاژانسەکان



ئەمڕۆ لە مێژوودا

ساڵی 1928:
یوگسلافیا لە پەیمانی وارشۆ کشایەوە کە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە سەرۆکایەتی دەکرا .



ساڵی 1932:
شانشینی عەرەبی سعودی لەلایەن شا عەبدولعەزیز ئال سعودەوە یەکخرا .



ساڵی 1973:
دوای 18ساڵ لە مەنفا ، خوان پیرۆنی سەرۆکی پێشووی ئەرژەنتین گەڕایەوە وڵات .



ساڵی 1997:
لە دەوروبەری جەزائیری پایتەخت ، چەکدارانی توندڕەو 280 کەسی سڤیلیان کوشت .



ساڵی 2011:
سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین داوای ئەندامێتی تەواوی کرد لە نەتەوە یەکگرتووەکان .



ساڵی 2014:
هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا شەڕی لە دژی ڕێکخراوی داعش دەست پێکرد .



عێراق لە ڕێگەیەکی تاریکدایە، کێ ڕووناکی دەکاتەوە؟!!



ساببیر حوسێن

لە هەموو جیهان هێزە سیاسییەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و لە سروشتی خۆیدا بەردەوام لە بزاوتن و جموجۆڵدایە. هەموو هێزە سیاسییەکانِ بەیەکتریەوە کاریگەر دەبن و هیچ هێزێکی سیاسی نییە خۆی بەپەراوێزخراوی بهێڵێتەوە. هاوکات ناکرێ هێزی سیاسی رای گشتی جەماوەر پشتگوێ بخات، چونکە کۆمەڵەی فشار هەن و ئەوان بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوەو لەهەر ئەگەرێکدا وەک هێزێکی گوشار بۆ گیانی هیزە سیاسییەکانی دەردەکەون و کاریگەری بەجێدەهێڵن. ئەم هاوکێشەیە لە عێراق پێچەوانە دەبێتەوە.

عێراق بەلکێشی ململانێی ئیقلیمی دەکرێ

تارادەیەک زۆربەی نێتوندە سیاسی و نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن، کەوا عێراق لەبەردەم مەترسییە گەورە دایە. هەڕەشەی ئێستاش لەسەر حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانە، چونکە ئەگەری هەیە پەلکێشی ناو ململانێیەکانی ئیقلیمی بکرێ و دواتربخلیسکێتەوە ناو ململانێیەکانی ئەمەریکاو ئێران، ئەوەش مەعلومە ئەم حکوومەتە ناتوانێ لەبەرامبەر هێزو ئەجێندا کانی سەر بە تەهران هیچ بڕیارێک وەربگرێ. تەنانەت هەموو ئەوانەی ئەمرۆ چاکسازیان بۆ عێراق دەوێ پێیان وایە کە هەنگاوی یەکەم دەبێ بە پچڕاندنی پەیوەندیەکانی بەغداو تەهران دەست پێ بکات، چونکە ئێستا عێراق خەریکە دەبێتە مەیدانێکی دیکە بۆ ململانێ جەنگی ئەلیکترۆنی. بەدووریش نازانرێ کە تیرۆر کردنی سەرکردەی گرووپە چەکدارەکان دەست پێ بکات و جەنگێکی ناوخۆیی بەرپا بێت.

ئەو عەیبەی لە کۆڵتان نابێتەوە

کۆمەڵگەی عێراقی دووچاری جۆرەها کێشە بۆتەوە. بەرادەیەک هەموو ڕۆژێک هاوڵاتیان بەخەمی دامەزراوەکان چاو دادەخەن و هەر بەخەمی کارەساتی نوێ ئەو دامەزراوانە چاو دەکەنەوە، هەموو جارێک دەڵێن ئەوە دواین دەردەسەریە، کەچی دواتر دەردەسەری دیکەی بەدواوە دێ. ئێستا حیزبە سیاسییەکان ئەو گرێ کوێرەی کێشانەیان بۆ ناکرێتەوە، هەموو سەرقاڵی بەرژەوەندی خۆیانن کەس لە خەمی هاوڵاتیان نییە، چەندین ساڵە کێشەی کارەبایان بۆ چارەسەر ناکرێ، وەک ئەوەی مەیلیان لە چارەسەرکردنی نەبێت و حەز بە تاریکی بکەن. لە هەموو جیهان ئەرکی بەرپرس ئەوەیە کە متمانە بۆ جەماوەر دروست بکات، کەچی لە عێراق ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بۆتەوەو بەرپرسان نیگەرانی بۆ جەماوەر دروست دەکەن. هەموو بەرپرسان لە جیاتی ئەوەی پشتیان بە هاوڵاتیانی خۆیان بەهێز بێت، بڕوا بە ئەجێندای دەرەکی دەکەن و متمانە بە ناوخۆ ناکەن.

بازرگانی کردن بە هاوڵاتی و نیشتیمان

هەنووکە لەعێراق مافیاکان گەمەی قێزەون و ناشیرین لەبەرامبەر هاوڵاتیانی عێراقی دەکەن و قوماربێکی بێ وێژدانانە ئەنجام دەدرێ، هۆکارەکەشی بۆ ئەو دۆخە سەپاوە دەگێڕێتەوە کە لەئەنجامی هەڵەی سیاسییەکان دووچاری گەلانی عێراق بۆتەوە. عێراق ئێستا تاقیگەیەکی گەورەیەو هەموو جیهان تاقیکردنەوەکانی خۆی تێدا ئەنجام دەدات و کەرەسەی تاقیکردنەوەکانی ڕۆحی هاوڵاتیانی عێراقە کە لەسایەی دەسەڵاتداران بازرگانی نارەوای پێ دەکرێ.

دەسەڵاتی ئایینی لە عێراق

لە عێراق دەسەڵاتی ئایینی تەحەکوم بەسەرکۆی کایەکانی ژیان دەکات و هیچ دەسەڵاتێک لەسەرووی خۆیەوە نابینێ هەر خۆی بڕیار دەدات و هەر خۆیشی جێبەجێ دەکات و سزا دەدات و لێبوردن دەردەکات. بەگشتی هیچ هێزێک نییە لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئاینییدا بوەستێت. ئەم جۆرە تێگەیشتنانە بۆ دەسەڵات و حوکمرانیەتی ئەگەرچی لە دنیای پێشکەوتوودا بۆتە بەشێک لە میژوو، بەڵام هێشتا سیستەمی سیاسی لە عێراق ملکەچی ئەو دەسەڵاتە ئاینیەن، کە باوەڕیان بە دیکاتۆریەت و دەسەڵاتی ڕەها هەیە. لەو شوێنانەش جێگایەک بۆ ڕاستگۆ دادپەروەرو عاقڵمەندان نەماوەتەوە کە لەسەر کورسی حوکمڕانیەتی دابنیشێ. هۆکاری ئەم ئیشکالیەتەش بۆ سەردەمی بۆشی کوڕ دەگەڕێتەوە کاتێک دەسەڵاتی لە عێراق بە حیزبە ئیسلامی شیعە مەزهەب و سوننیە ئیخوانیەکان سپارد، بێگومان سپاردنی دەسەڵات بەو حیزبە ئیسلامیانە بۆ ئەوە بووە، تاوەکو کۆمەڵگەی عێراقی لە ڕەگەوە هەڵوەشێتەوە. بۆیە ئێستا لە عێراق بە ناوی پیرۆزیەوە هەموو شتێک کۆنترۆڵ کراوەو ئەوەشی لەبەرژەوەندیدا نییە یاساغ کراوە. گەندەڵی شۆڕبۆتەوە ناو هەموو کەڵێن و درزەکانی حوکمڕانیەتی و حیزبێک نەماوە کە لەگەندەڵی نەگلابێت، هەموویان بە ئەندازەی خۆیان لە گەندەڵی بەشدارن و پشکیان لە دزینی مالی گشتی هەیە.

(ئارامکۆ)خاڵی گرینگی ناکۆکی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

یونس حەمەد – ئۆسلۆ

کۆمپانیای (ئارامکۆ) یەکێک لە گرنگترین کۆمپانیا پترۆلەکانی جیهان، ساڵی **1933** دامەزراوە و لە **1988** خۆماڵی کرا ، بارەگای سەرەکی لە شاری زەهرانی شانشینی سعودیەیە، پڕ بەهاترین کۆمپانیایە لە ڕووی بازاڕی نەوت و پترۆل و گاز ، بەهای سالانەی لە ساڵی **2015** گەیشتە **10**ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی، لە زۆر حاڵەتەدا خۆی لە ڕووی بەهای ئابووریەوە لە کۆمپانیاکانی ئەپل و ئیکسۆن مۆبیل نزیک دەکاتەوە..

گرینگی کۆمپانیای (ئارامکۆ) بە هۆی ئەوەی شادەماری پڕ بەهای شانشینی سعودیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کەوتە بەر هێرشی مووشەکی دوورهاوێژ کە بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی سەربازی و سیاسی و هەتاوەکو ئابووری ئاراستەی مووشەکەکان لە ڕۆژهەلاتی شانشینی سعودیەوە هاتووە، یەکەم کەس بەر لە سعودیەکان مایک پۆمپیۆ سەرۆکی یەکەمی دیپلۆماسیەتی ئەمەریکی ئەوەی ئاشکرا کرد ، بەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران تاکە تۆمەتبار لە ئاراستەکردنی مووشەک بۆ سەر کۆمپانیای ئارامکۆ، کە نەوەک بە تەنیا بۆ ئابووری سعودیە ، بەڵکو بۆ جیهانیش گرینگی وتایبەتمەندی خۆی هەیە ، چونکە لقی لە زۆر شار و وڵاتانی جیهانی وەک پەکین و دەنهاخ و نیۆرک و دوبەی و چەندین شاری دیکەی ئەمەریکا هەیە ،وێڕای ئەمانەش ژێرخانی سعودیە و جێگای بارگرانی وڵاتانی دیکەشە ، جا ئاراستەکردنی مووشەک بێگوومان دەبێتە خاڵێکی گرینگی ناکۆکی نێوان ئێران لەلایەک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلایەکی دیکەوە.. هەر لەگەڵ بیستنی هەواڵی ئاراستەکردنی مووشەک بۆ ئارامکۆ ،پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گەیشتە جەدە مەبەستیش بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم ئاڵوگۆڕییە ، دواتر گەیشتە ئەبوزەبی کە بە چەند لێدوانێک پەیامێکی توندی ئاراستەی تاران کرد ، ئەگەر چی هەر زووە لەلایەن ڕووحانی و زەریف تومەتەکان ڕەتکرانەوە ، بەڵام بەپێی سەرچاوە و لێکۆڵینەوەکان مووشەک لە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە ئاراستە کراون .. ئەمجارەیان چین و ڕووسیا تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەیان بۆ سەلماندرا کە لێدان لە ئارامکۆ واتا لێدانە لە ئابووری جیهان ،بە تایبەت چین کە لقێکی پڕ بەهای لە پەکینی پایتەختدا هەیە . بەهۆی بوونی مووشەکی ئەتۆمی قەدەغەکراو لەلایەن ئێرانەوە ، لە دوای ساڵی **2016**وە لەگەڵ هاتنی دۆنالد ترەمپ بۆ دەسەڵاتی (وایت هاوس)دا ، یەک لایەنە ئەمەریکا هەموو جۆرە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ئێران و وڵاتانی **5+1**ی هەڵوەشاندەوە ، دواتر تونەکردنی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێران کە بەهۆی ئەوەی لە زۆربەی بوارەکاندا شادەماری ئابووری ئێران لە کار پەکخران ، بە تایبەت لە بواری وزە و نەوتدا ، جا لێرەدا ئێرانیش هەموو هەوڵێک دەدات تاوەکو لەم گوشار و تەنگەژەیەدا ڕزگاری بێت ، هەر بۆیەش جار جار ئەگەر لە ناوەوەی وڵاتی خۆشیدا نەبێت بە هۆی میلیشیاکانی لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن دا، ئەوە گورز ئاراستەی چ هێزەکانی ئەمەریکا لەلایەک لەملاشەوە لە کۆمپانیا و شوێنە گرنگەکانی وڵاتانی کەنداو بە تایبەت سعودیە و میرنشینی ئیمارات دەوەشێنێت، پرسی گەرووی هۆرمز کە بە تونڵی ئەمریکا ڕێگای لە ڕێڕەوکردنی نەوتی ئێران گرتووە ،گەورەترین خاڵە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆتە سەرچاوەی باس کە ئابووری ئێرانی داڕماندووە ، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خاڵی یەکەم دەبینین ، وەشاندنی گورز بە هۆی مووشەکی دوورهاوێژ بۆ سعودیە و بە تایبەت کۆمپانیای (ئارامکۆ) پرسەکەی ئاڵۆزتر کرد ، چونکە کۆمپانیای ناوبراو واتا بوونی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا ، هەر بەم پێیەش ئێران بە مووشەکی دوورهاوێژ ئەم کۆمپانیا بە ناوبانگەی سعودی و جیهانی کردە ئامانج .. لە سەروو بەینی ئەم ئاڵۆزییانەدا دەبینین چەند وڵاتێک بێ دەنگن یان ئەوەتا بەهۆکاری چەندین پرسەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ دەنگ کراون لەوانە ئیسرائیل کە پێشتر لە هەر لێدوانێکدا ئیسرائیلیەکان پەیامی تووندیان ئاراستەی تاران دەکرد ، پێشتریش لە کاتی جەنگی کەنداوی یەکەم و دووەم بۆ بەرژەوەندی و نەبوونی ئاڵۆزی و حەساسیەت ئیسرائیل بێ دەنگی هەڵبژارد .. دیمەنە بینراوەکانی ئێستای ناوچەکە زۆر شتمان پێ دەڵێن ،کە گوومان و نکۆڵی لەوە ناکرێت کە گۆڕانکاری گەورە ڕوو دەدات ، لە ڕووی پڕێنسیپی جەنگەوە ئەمجارەیان جەنگەکە وەک جەنگەکانی دیکەی کەنداو نیە ، کە تەنیا بۆ چەند مەرامێک بوو ،لەوانە هاتنی هێزی ئەمریکایی و ڕۆژئاوا بۆ کەنداو ،ئەوەی ئەمجارەیان گۆڕانکاری جوگرافی و مێژوویی لێ ڕوودەدات ، بۆ ئەم مەبەستە لە ئێستاوە بەفەرمی وڵاتانی کەنداو ئامادەباشی ناوخۆییان کردووە ، هەروەها سووریا و عێراقیش لەوە گەیشتن بەوەی ئەو هێزەی جاران لە پشتیان بوو بوونی نەماوە بۆیە بە نهێنی ملکەچی زۆر بابەت بوونە ، لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆر ڕۆڵی کاریگەرتر دەبینێت ، بەتایبەت وەک لە سەردەتادا ئاماژە پێکراوە بەوەی (ئارامکۆ) ئەو دەستە نیە بە ئاسانی پێی بگەن، چونکە خاڵی گرینگی بەیەک بەستنەوەی جیهانە لە ڕووی بژێوی ژیان و ئابووری.



مانشێت



سکای نیوز:
باهۆزێکی بەهێز لە دوورگەی ئۆکیناوای ژاپۆن ڕوویدا و بە هۆیەوە زیاتر لە **15**هەزار خێزان زەرەرمەند بوون.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
پۆلیسی ئینتەرپول هەواڵی دەستگیرکردنی **12** کەسی ڕاگەیاند بەهۆی تێوەگلانیان لە کردەوەی تیرۆرستی .



ئیلاف:
لە شاری کۆلاری ڕۆژهەلاتی فەرەنسا کەسێک بە ئۆتۆمبیلەکەی هێرشی کردە سەر مزگەوتێک بەڵام ڕووداوەکە زیانی گیانی نەبوو .



ئەی ئێف پی:
بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە نەوەی پێنجەمی پەیوەندیەکان ، هەزاران کەس لەبەردەمی پەرلەمانی سویسرا خۆپیشاندانیان ئەنجام دا و ڕایانگەیاند ئەم تەکنۆلۆژیایە زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێ .

فرانس 24:
لەسەر داوای سعودیە و ئیمارات ، ئەمەریکا هێز و کەلوپەلی سەربازی زیاتر ڕەوانەی ناوچەکە دەکات .

کەنالی ئار تی :
لە باشووری ئەفغانستان و لەبەردەمی بارەگای هەواڵگری ئەو وڵاتە تەقینەوەیەک ڕوویدا و لە ئەنجامدا **7** کەس کوژران و **85** کەسی دیکە بریندار بوون .




ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی (وەرزی پاییز)ە لە نیوەگۆی باکووری زەوی

ئەمڕۆ، دووشەممە 2019.9.23 کاتژمێر 12:50ی دوای نیوەڕۆ بەکاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ماوەی شەوو ڕۆژ لەنیوە گۆی باکووری زەوی بە تەواوی یەکسان دەبێت بۆ 12 کاتژمێر ڕۆژو 12 کاتژمێریش شەو، بەمەش لە ڕووی فەلەکییەوە ئەمڕۆ دەبێتە یەکەم ڕۆژو دەستپێکی وەرزی (پاییز) لەنیوە گۆی باکووری زەوی کە بە (هاوسەنگ بوونی پایيزی -Fall Equinox) ناسراوە، وە بە پێچەوانەوە، دەبێتە یەکەم ڕۆژی (وەرزی بەهار) لەنیوەگۆی باشووری زەوی کە بە (هاوسەنگ بوونی بەهاری - Vernal Equinox) ناسراوەو تیایدا خۆر ڕێک لە ڕۆژهەلات هەلدێت و لە ڕۆژئاوادا ئاوادەبێت.

هۆکاری ئەو جیاوازیيە دەگەڕێتەوە بۆ لاربی تەوەری خۆڵانەوەی زەوی لەسەر خۆڵگەکەی بە 23.4392811° پلە بەرامبەر بە خولگەکەی بە دەوری خۆردا، بۆیە تیشکی خۆر هەڵبەزین و دابەزین دەکات لەنێوان هەردوو خولگەی (قڕژاڵ - Tropic of Cancer) لەنیوەگۆی باکووروو (گیسکTropic of Capricorn -) لەنیوەگۆی باشووردا، بەمەش گۆڕانکارییە ڕێک و پێکی دووبارەبووەوە لە ئاست و ڕێژەو ماوەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر لەسەر زەوی ڕووەدات، وە هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕانکاریی بەرچاو لە پلەکانی گەرما لەسەر ڕووی هەسارەکەماندا.

باکووری زەوی و ئەوکاتە هەسارەکەمان دەگاتە نزیکترین خاڵ لەخۆر ماوەی نێوانمان 147ملیۆن و 95هەزار کیلۆمەتر کە بە (نێزەندی دووربی) دەناسرێت و بەردەوامیش لەخۆر نزیکتری دەکەوێتەوە، بۆیە لە یەکشەمە 2019.12.22دا کە بە ڕۆژی (هەڵگەڕانەوەی زستانە - Winter Solstice) دەناسرێت لە نیوەگۆی ئەمڕۆ ماوەی نێوان زەوی و خۆر دەگاتە 149598023 کیلۆمەتر کە بە (نێزەندی دووربی) دەناسرێت و بەردەوامیش لەخۆر نزیکتری دەکەوێتەوە، بۆیە لە یەکشەمە 2019.12.22دا کە بە ڕۆژی (هەڵگەڕانەوەی زستانە - Winter Solstice) دەناسرێت لە نیوەگۆی باشووردا، بەمەش گۆڕانکارییە ڕێک و پێکی دووبارەبووەوە لە ئاست و ڕێژەو ماوەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر لەسەر ڕووەدات، وە هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕانکاریی بەرچاو لە پلەکانی گەرما لەسەر ڕووی هەسارەکەماندا.



میوانێکی نامۆی دەرەکیی هاتە نێو سیستەمی خۆرەوە

لە دۆزینەوەیەکی کەموێنەدا، فەلەکناسان چەند وێنەیەکیان بڵاوکردۆتەوە بۆ کلکدارێک کە لە ڕواڵەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەوانەی لە بۆشایی ئاسمانی نێوان هەسارەکانی سیستەمی خۆردا دەبینرێن، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەی ورد دەربارەی گۆشە هاتنی خولگەییەکەی بۆ نێو سیستەمی خۆردا دەرکەوت کەوا بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە سیستەمی خۆری خۆمانوە نییە.

شیکردنەوەی شەپەنگیی بۆ ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینەیی ئەو تەنە ئاسمانییە دەرکەییە وردەکاریی زۆر سەرسوڕهێنەری بۆ پسپۆڕان دەرخست و هەر ئەوەش بووە بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی ئەم تەنە ئاسمانییە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە سیستەمی خۆرو ناوچەی ناسراو بە (هەوری ئۆرت) کە بریتییە لە مۆڵگەی کۆبوونەوەی ملیارەها ناوکی کلکدارەکانی تاییەت بە سیستەمی خۆری خۆمانەوە.

لەم بارەیەوە (ئاندرۆ ستیڤینز) ی پسپۆڕ لە ڕوانگەی فەلەکیی (جیمینای) دەڵێ" خێرایی ئەو کلکدارە نامۆیە یەگجار زۆر بوو! هەر ئەوەتە توانیمان وێنەیەکی ڕوونی بۆ بگرین پێش ئەوەی دوور بکەوێتەوەو تا هەتایە نەبینینەوە، بەڵام لە کاتێکی زۆر سەخت و دژواردا توانیمان وێنەی کلکدارەکە وەربگرین و شیکردنەوەشی بۆ بکەین". ئەو کلکدارو تەنە ئاسمانییە دەرکەییە ناونراوە C/2019Q4 BORESOV کە ناوی ئەو ئاڕەزوومەندە فەلەکناسە ڕووسییە کە بۆیەکەمجار ئەو میوانە نامۆیەی لەشەوی 9/10ی ئەیلوولی ئەمساڵ و لەنێو خولگەیەکی نامۆتردا دۆزییەوە.

حاڵی حازر کلکدارەکە زۆر نزیکە کەوتۆتەوە لە خۆر، بۆیە مەحاڵە لە ڕێگەی هیچ ڕوانگەیەکی فەلەکییەوە ببینرێت، بەڵام دوای چەند مانگێکی دیکە دوور دەکەوێتەوەو جارێکی دیکە ژ بەڵام لە دووریيەکی زۆر زیاتر لە جاری یەکەمیدا دەکەوێتەوە بەرچاوی تلسکۆپە گەورەکانی جیهانییەوە پێش ئەوەی کۆتایی بەسەردانە کت و پڕەکەی بێنێت بۆ نێو سیستەمی خۆردا.

لەناوچوونی هەسارۆکەیەک زەوی بردۆتە چاخێکی زۆر ساردا



تۆزوخۆڵە 10 هەزار جار خۆر، بەڵکو بەهۆی تێک و پێک شکانی هەسارۆکەیەکی گەورە بە تیرەی 150کیلۆمتر لە بۆشایی ئاسمانی نێوان خولگەی هەسارەی (مەریخ) و (موشتەری) و لە دەرەنجامدا بارستەیەکی یەگجار زۆر مەزنی تۆزوخۆڵی گەردوونی بەرەو بۆشایی ئاسمانی نێوان زەوی مەریخدا تەشەنەی کردووە، بەشێوەیەک کە چڕیی ئەو پەشیمانە زۆر زیاتر بووە لە چڕیی ئاسایی ئەو تۆزوخۆڵەی کە بەردەوام لە ئاسمانی نێوان ئەو دوو ئەستێرەیەدا هەن.

پسپۆڕان دەڵێن، ئەو بەڵگانەی کە لە ئێستادا لە بەردەستدان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو ڕووداوە گەورەیە ڕوویداوە، بەڵام ئەوەی کە ئەو ڕووداوە کەی ڕوویداوە، ئەوە هێشتا ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی کە ئەو ڕووداوە ڕوویداوە، ئەوە ڕوون و ئاشکرایە.

ساردبوونەوەیەی پلەی گەرمیی بە شێوەیەکی کت و پڕ نەبووە، بەڵکو بە درێژایی دوو ملیۆن ساڵ بووە، هەربۆیە گیانداران و ڕووەکەکان توانیویانە قۆناغ بە قۆناغ خۆیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێنن و لەهەمان کاتدا بۆتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ سەرهەڵدانی گۆڕانکاریی و هەمەجۆریی لە جیهانی گیاندارانو ڕووەکی ئەو سەردەمەدا، نەوەک بەبێتە هۆکارێکی لەناوچوونیان.

جێگای ئاماژەپێدانە کەوا ماوەی ناسراو بە (تۆزوخۆڵی گەردوونی) لەنێو پێکهاتەی کلکدارەکان و تەواوی هەسارۆکەو بەردە نەیزەکەکاندا شتێکی زۆر سروشتییەو خودی زەویش ساڵانە نزیکەی 40.000تەن بەسەر تەواوی زەویدا دەبارێت بەڵام لەڕێگەی بەرگەهەوای زەویدا دەسووتێنرێت و ناگەنە سەر ڕووەکەی.




(چارۆگەی ئاسمانیی) دەبێتە هۆکارێکی گەشتکردن لە بۆشایی ئاسماندا

400 ساڵ پێش ئێستا، فەلەکناسی ناودار (یۆهانس کیپلەر) توانی بیرۆکەی گەشتکردن لەنێو سیستەمی خۆر بێ بەکارهێنانی ووزە و سووتەمەنیدا دابڕێژێ کاتێک سەیری کرد هەموو بەشی دواوەی کلکدارەکان بۆ دواوە درێژ بوونەتەوە، واتە شتێک هەیە و پاڵ دەنێتە تەنۆچکەکانی تا بۆ دواوە بڕوات ،کە لە دواییدا دەرکەوت ئەمە بە دیاردەی (بای خۆر) ناسراوەو بریتیە لە ترلیۆنەها تەنۆچکەی بارگاوی کە بەردەوام لە خۆر دەردەچن و بە خێراییەکی یەگجار زۆر لە بۆشایی ئاسماندا دەڕوات.

ناسا بیری لەوە کردۆتەوە کە جۆرە چارۆگەیەکی تاییەت دروست بکات وەک چۆن کەشتییەکانی ناو دەریا سوود لە تەوژمی با وەردەگرن، ئاوا کەشتییەکانی ئاسمانیش سوود لەو تەوژمەی بای خۆر وەربگرن بۆ ڕۆیشتن لە بۆشایی ئاسماندا. ئەم پرۆژەیەش ناونراوە (NanoSail-D) کە نموونەیەکی سەرەتاییەو تیرەی 10 مەتر دووجا بوو و تەنها بۆ تاقیکردنەوەی سەرەتایی بەکارهاتووە.

Eta Carina ڕوانگەکردنێکی بێ وێنە بۆ ئەستێرەی هەرە ناوداری



(ئیتا کارینا) یەکێکە لە گەشترین و مەزنترین ئەستێرەکانی نێو گەلەستێرەمانە، ماوەی نێوانمان دەگاتە سنووری 10000 ساڵی ڕووناکیی و بەوەش ناسراوە کە خاوەن ڕووخسارێکی یەگجار زۆر نامۆیە، دوای ئەوەی لە ماوەی سەدەیەکدا، دووجار تەقیوەتەوەو بۆ دووڵا بارستە گازییەکی زەبەلاحی پەرش و بڵاوی بۆشایی ئاسمانی کردووەو تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، هۆکاری ئەم دووجار تەقینەوەیەی ئەو ئەستێرەیە چیيە ؟!

لێکۆڵینەوەیەکی ماوە دوورو درێژی پسپۆڕانی دەزگای Goddard Space) Flight Center)(ماریلاند) بەبەکارهێنانی داتاو زانیاری وەرگیراو لە چەند مانگێکی دەستکردی ئاژانسی NASA و چەند تلسکۆپێکی بەهێزی سەر زەمینی و بەسود وەرگرتن لە چەندەها ڕوانگەکردن و لێکۆڵینەوەو وێنەگرتنی پێشووتردا کە لەلایەن فەلەکناسان و تەلسکۆپ و مانگە دەستکردەکانی NASA وە وەدەستهاتووە، تیمی (پەیمانگەی گۆدارد) توانیان زانیاری زۆر گەلاڵە بکەن و بشتوانن بە دەرەنجامێکی ڕەزابەخش دەربچن، بۆیە لەم بارەیەوە (د. تۆماس مادۆرا) ی پسپۆڕی ناسا و ئەندامی تیمی (پەیمانگەی گۆدارد) گوتی: "ئێمە سوود لە داتایەکانی پێشووتردا وەردەگرین و پاشان بە کۆمپیوتەر چارەسەرو بەراوردیان پێدەکەین، بۆیە توانیمان پێشبینی بکەین کەوا لە خولی داهاتووی نزیکەوتنەوەی هەردوو کاتدا نزمبوونەوەی لەناکاوی هەمان ئەو بڕی دەرچوونی تیشکی ئێکسی نێوانیاندا، هەروەها دەرکەوتنی بارستایی مادەی نامۆز لەژێر درێژەی شەپۆلی بینراودا.

بە درێژایی ماوەی 11 ساڵی ڕابردوو و لەنێو ڕوانگەکردنی 3 خولی لێک نزیکبوونەوەی هەردوو ئەستێرەکەو بە سوود وەرگرتن لە چەندەها ڕوانگەکردن و لێکۆڵینەوەو وێنەگرتنی پێشووتردا کە لەلایەن فەلەکناسان و تەلسکۆپ و مانگە دەستکردەکانی NASA وە وەدەستهاتووە، تیمی (پەیمانگەی گۆدارد) توانیان زانیاری زۆر گەلاڵە بکەن و بشتوانن بە دەرەنجامێکی ڕەزابەخش دەربچن، بۆیە لەم بارەیەوە (د. تۆماس مادۆرا) ی پسپۆڕی ناسا و ئەندامی تیمی (پەیمانگەی گۆدارد) گوتی: "ئێمە سوود لە داتایەکانی پێشووتردا وەردەگرین و پاشان بە کۆمپیوتەر چارەسەرو بەراوردیان پێدەکەین، بۆیە توانیمان پێشبینی بکەین کەوا لە خولی داهاتووی نزیکەوتنەوەی هەردوو ئەستێرەکەی Eta Carina چ گۆڕانکارییەکیان بەسەردادێ، کە ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی وادەکات لە کۆتاییدا بگەینە دارشتنی (مۆدێل) یکی تەواو بۆ ڕوونکردنەوەو نیشاندانی قۆناغەکانی پەرەسەندن و گۆڕانکارییە دراماتییەکانی ئەو سیستەمە ئەستێرەییە هەرە ناوداراتووە".

Email: hawarmurtkaee@yahoo.com – 07504475407 بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش:
دوو شەممە 2019/9/23 ژمارە (5833)
www.xebat.net

ئەو ئافرەتە کێ بوو کاتی خۆی سەندەویچی بەخۆڕایی دەدایە رۆنالدۆ؟

پاولینا: تا ئێستا ئەوەم بەنهێنی هێشتبۆوە چونکە پێم وابووە گەر باسی بکەم دەبێتە سوکایەتی بەناوبانگی رۆنالدۆ

رۆنالدۆ: لەبیرمە هەموجار دەچووینە بەردەرگای ئەو چێشتخانەیە و داوامان دەکرد سەندەویچمان بدەنێ







هاوار مورتکەیی

ئەگەرچی ئێستا سامانەکەی نزیکەی نیو ملیار دۆلارە، سالانەش نزیکەی 30 ملیۆن یورۆ وەک مووچە وەردەگریت، کەچی ئێستاش کریستیانۆ رۆنالدۆی ئەستێرەی پورتوگالی و یانەی یۆڤینتۆسی ئیتالی ئەو یادگارییانەی لەبیر ناکات کاتێک هەژار بوو تەنانەت پارەی ژەمە خواردنیکیشی لە گیرفان نەبوو.

ئەو کرێکارانە داوت دەکەم

کاتێک رۆنالدۆیان بردە ئەو ژوورەی کاتی خۆی لە بارودۆخێکی خراپ لە شاری مادیرای پورتوگالی تێبیدا ژیابوو، دەڵێت: ئەوکات لە تیپی تازەپێگەیشتوانی یانەی سپۆرتینگ لشبۆنە بووین بۆ خوار 12سالّی، لەتەنیش یاریگاکەش چێشتخانەیەک هەبوو هەموو جار پێش داخستنی دەچووینە ئەو چێشتخانەیە و لە کرێکارەکانمان دەپرسی هیچ سەندەویچێک ماوەتەوە بمانداتێ دەخۆین، ئەو 3کرێکارەش ئافرەت بوون کە یەکێکیان ناوی ئیدینا بوو ئافرەتی زۆر باش بوون، هیوادارم لە ریگای ئەو دیانەیەوە جارێکی تر چاوم پییان بکەوێتەوە، تا بانگهێشتیان بکەم بۆ ئێوارە خوانێک لە تۆرینۆ یان لە لشبۆنە یان هەتا لەماڵەکەم.

چۆن ئەو ئافرەتە دەرکەوت؟

هەر دوای ئەو چاوپێکەوتنەی کە کەنالی ئەی تی ڤی بەریتانی لەگەڵی ئەنجام دابوو، یەک لەو ئافرەتانە دەرکەوت و خۆی ناساند کە ناوی پاولا بوو کە ئەوکات لەو چێشتخانەیە کاری دەکرد و هەموو ئەو ساتانەی لەبیرە کە رۆنالدۆ دەهاتە لایان و داوای سەندەویچی ماوەی لێدەکردن، پاولینا دەڵێت: رۆنالدۆ هەمیشە لەدەرگای دواوەی چێشتخانەکە دەهات و پرسیاری دەکرد کە ئەگەر سەندەویچی ماوە هەیە بیدەینێ.

تەنها هاوسەرەکەم پێی دەزانی

پاولینا زیاتر دەڵێت: هەموو کات ئەوەم رەتکردۆتەوە کە ئەو نهێنییە ئاشکرابکەم کە ئەمە حالی ئەو رۆنالدۆیەی ئێستا بوو ئەوکات، تەنانەت لەماڵەوەش باسم نەکردووە، چونکە ئەمە دەبێتە سوکایەتی کردنێک بە سومعەی رۆنالدۆ و پێم وابووە ئەگەر باسی بکەم لەوانەیە رۆنالدۆ هەستی بریندار بێت، ئەمە تایبەتی بوو بە ژیانی منداڵی ئەوە بۆیە هەوڵمداوە وەک نهێنییەک لای خۆم بیهێڵمەوە، تەنها هاوسەرەکەم دەیزانی چونکە هەرکاتێک هاوسەرەکەم دەهاتەدوام بمباتەوە رۆنالدۆی دەبینی لەبەردەم چێشتخانەکە وەستاوە و ئەمە جارێک و دووجار نەبوو، بۆیە پرسیاری کرد و ئەوجا زانی.

ئەمە سادەیی رۆمالدۆ نیشان دەدات

ئەو خانمە کە کاتی خۆی سەندەویچی بەخۆڕایی دەدایە رۆنالدۆ زیاتر گوتی: جارێکیان کوڕەکەم ئاگاداری کردمەوە گوتی رۆنالدۆ و برادەرەکانی لە سەر دەرگای چێشتخانەکە وەستاون، بڕوام نەکرد، کە بینیم لام زۆر قورس بوو وە خۆم واهێنا بەر چاوی کە من دایکی ئەوم، چۆن دەتوانم سەندەویچی نەدەمێ، هەربۆیەشە ئێستا ئەو منی داوەت کردووە بۆ ئێوارە خوانێک لە لشبۆنە یان تۆرینۆ، بۆیە لێرەوە دەمەوێ سوپاسی بکەم، چونکە ئەمە زۆر لە رابردوو بوو وە ئێستا بیری کەوتۆتەوە و ئەمە سادەیی رۆنالدۆ نیشان دەدات و هیوادارم هەموو خەڵک وانەی لێوەرگرن و وەک ئەو بن.

سانچۆ: لاریم نییە بگەڕێمەوە پریمەرلیگ

جادۆن سانچۆ ئەستێرەی ئینگلیزی یانەی بوروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی وتی، لاری لە گەڕانەوە بۆ خولی نایابی ئینگلزیی نییە لە ئایندەدا. لە میرکاتۆی هاوینەدا، دەنگۆی چوونی سانچۆ بۆ مانچستەر یونایتد گەرم بوو، بەڵام دەستەواژەکە سەری نەگرت و گرێبەستەکەی لەگەڵ دۆرتمۆند تازە کردەوە. سانشۆ دڵی خۆی بۆ BBCکردەوە و گوتی: نازانم لە ئایندەدا چی روو دەدات، بەڵام لاریم لە گەڕانەوە بۆ پریمەر لیگ نییە، بۆ چوونە خولی ئیسپانیاش، هەمان هەڵوێستم هەیە، بەڵام جارێ هیچ دیار نییە، هەروەها گوتی: وا هەست دەکەم، هەموو خولەکان رکابەرین، بەڵام خولی ئینگلیزی، یەکێ لە باشترین خولەکانی جیهانە، هەموو ئەوە دەزانن". سانشۆ لە بارەی رووداوەکانی رەگەزپەرستی لەنێو یاریگەکاندا وتی:"پێویستە ئەو رووداوانە نەمینێن، هیچ یاریزانێک نییە، بیەوێت تۆپی پێ بکات و دووچاری ئەوجۆرە مامەڵەیە بێتەوە، ئەوە متمانە بە یاریزانەکانەوە ناهێڵێت، دووریش نییە بەم نزیکانە خۆشویستنی ئەو یارییە بوەستێت، بینینی ئەوجۆرە دیمەنانە، شتێکی ئەستەمە، چونکە دەپرسیت: بۆچی دەبێت یاری تۆپی پێ بکەیت؟. شیاوی باسکردنە، سانشۆ ئەم وەرزە لەگەڵ یانەکەی، دوو گۆڵی تۆمارکردووە و سێ پاسی یەکلاییکەرەوەشی داوە.

رەمزی میرەکان



ئەگەری زۆر هەیە مۆرینهۆ بچێتە شوێنی زێدان

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی راپۆرتە هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە ئاماژەی بەچەند ناوێک کردووە لە ئەگەری شوێنگرتنەوەی زێنەدین زێدانی کە پیدەچێت لە ئەرکی راهێنەرایەتی کردنی ریال مەدرید دوور بخرێتەوە.

رۆژنامەکە ئەوەشی راگەیاندووە کە بڕیاری دوورخستنەوەی زێدان لە گفتوگۆدایە و چەند ناوێکیش باسیان لێکراوە بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو راهێنەرە و لەسەرووی هەموشیانەوە مۆرینهۆ و لەدوای ئەویش ماسیمیلیانۆ و رائۆل گۆنزالیس دین، هەروەها رۆژنامەکە ئاماژەشی بەوەداوە کە پیدەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا زێدان دوور بخرێتەوە و دەست بەو ئاڵوگۆڕیە بکرێت.

هێرێرا: بییڵسا وایکرد تۆپی پێم خۆش بووێت

ئەندێر هێرێرا، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ئیسپانی، کە ئەم هاوینە لە یانەی مانچستەر یونایتدەوە رووی کردووەتە ریزەکانی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، توانی یەکەم نازناو لەگەڵ یانە تازەکەی بەدەست بێنێت، ئەویش جامی سوپەری فەرەنسا بوو.

هێرێرا، دڵی خۆی بۆ رۆژنامەی فرانس فوتبۆڵ کردەوە و وتی: ئێستا لە یانەیەکی گەورە یاری دەکەم، کە سێ یان چوار باشترین یاریزانی جیهانی تێدایە هەروەها زیاتر گوتیشی: ئەوەش دەزانم کەپاریس یەکێ لە ڕەزاگرانترین یانەکانە لە فەرەنسا، ئەوەش بە دڵی منە. هەروەها وتی: پاریس سان جێرمان، پرۆژەیەکە و بێ وەستان بەرەو پێشەوە دەڕوات، لێرە هەست بە خۆشەویستی دەکەم.

ئەوەشی وت:"تەمەنم 29ساڵە، هێشتا دەمەوێت پەرە بە ئاستم بدەم، ئەو یانەیەش یارمەتی یاریزانان دەدات، ئەوە یەکەم". هێرێرا، چاوی بە کاروانی پێشووی خۆی خشاندەوە و لەسەر کەسایەتی راهێنەری پێشووی مارسیلۆ بییڵسا، لە ئەتلەتیک بلباو وەستا و وتی:"ناوبراو یەکێ لە باشترین ئەو راهێنەرانەیە، کە من کارم لەگەڵ کردوون. ئەو بلیمەتە و وای لێکردووم تۆپی پێم زۆر خۆش بووێت". ئەندێر لە کۆتاییدا وتی: شانازی بەخۆم دەکەم بەوەی یاریینم بۆ یانەکانی، بلباو، مانچستەر یونایتد و ریال زەرەگۆزا کردووە، کە تیپی دڵخوازمە.

رەمزی میرەکان



بەرشلۆنەی داوای دواخستنی یارییەکەی ڤیاریال دەکات

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی داوایەکی پێشکەشی یەکیتی تۆپی پێی ئیسپانیا کردووە و تیایدا داوای کردووە یارییەکەیان بەرامبەر یانەی ڤیاریال بۆ ماوەی 24کاتژمێر دوابخرێت، ئەویش لەبەر ریورەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی فیفا.

یانەی بەرشلۆنە لە چوارچێوەی یارییەکانی جەولەی شەشەمس لالیگادا، لە دەروەی یاریگای خۆی و لەسەر یاریگای لا سیرامیکا رووبەرووی یانەی ڤیاریال دەبێتەوە، بەگوێرەی ئەو هەواڵەی رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ بڵاوی کردۆتەوە، یانە کەتالۆنییەکە داوای دواخستنی یارییەکەی بۆ ماوەی 24کاتژمێر کردووە واتە رۆژی چوارشەمە یارییەکە ئەنجام بدەن، بەڵام یەکیتی تۆپی پێی ئەو وڵاتە بە داواکەی یانەی بەرشلۆنە رازی نەبووە و جەختی لەوە کردۆتەوە کە یارییەکە لەکات و ساتی خۆی بەڕێوەدەچێت.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 23. Sep. 2019 No: (5833)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ژیانی هونەرمەندان دۆزەخێکە لەسەر زەوی

شانۆکار گیڤارا جەبار: بینەری کوردی لە ئێستا دا بینەرێکی هۆشیارە و درک بە هەڵە و باشییەکانی ناو دراما دەکات



دیمانە:بەرهەم شێخ عزەدین

گیڤارا جەبار .. دانیشتوی قەزای دوکان .. خوێندکاری پەیمانگای هونەرە جوانە کانی کۆیە شەهیدجەعفەر ە، بەشی هونەری شانۆ .. بەڕێوبەری چالاکیەکانی گروپی شانۆی دوکانە و خاوەنی (2) کورتە فلمی بچوکە بە ناوەکانی (عە فرین و گەڕان بەدوای ئاواتەکان دا) .. بەژداری زیاتر لە (30) کاری شانۆی وەک ئەکتەر و دەرهێنە ر و نووسەریش کاری کردووە .. خاوەنی دەقێکی شانۆییە کە ئێستا لەچاپدایە بەناوی (تارمای درۆ) .. لە ڕۆژانی پشوی خۆی وانەی شانۆ بە چەن فێرخوازێکی قەزای دوکان و ناحیە ی خەلەکان دەڵێتەوە ، لە ئێستاش دا خەریکی نووسینی ڕۆمانێکە ،بەناوی دوای خۆر هەڵاتن ...چەندین شانۆی و ئامۆژگاری ژینگەی بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانەئەنجام داوە..خوێندنەوە و تێگەیشتنی خۆی بۆ دەقەکانی ولیام شکسپیر کردوە . وەک شانۆکانی .. هاملێت .. ماکبێس . شالیر. ئۆتیلۆ..خەونی نیوەشەوی هاوین .. چۆنت پێخۆشە .. یۆلیۆس قەیسەر...وە خوێندنەوەو تێگەیشتی خۆی بۆ شانۆ کانی .. ئەنتیگۆنا .. ئیفجینیا لە ئۆلیۆس ،ئەم شانۆکارە بەم جۆرە لەسەرشانۆ بواری هونەر بۆمان دوا:

هۆکاری چیە کەبینەر لە دراما کوردی تۆراوە؟

دراما .. بە مانای کار کردن دێت . واتا ئەنجام دانی کردار و کار کردن .. نەک دراما یەک کە هیچ کارێکی تیانەبێ.. هیچ ڕوداوێک نەبێ.. بینەری کوردی لە ئێستا دا بینەرێکی هۆشیارە و درک بە هەڵە و باشییە کانی ناودراما دەکات .. بەداخەوە لەکوردستان تاکو ئێستا نەتوانراوە بینەری کورد سەرسامی کارێکی دراما ی خۆمالّی بکات .. بەداخەوە هۆکارە کەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دراما تورکی و ئێرانی و بینانیەکان زیاتر کاری گەری هەبووە لەسەر بینەری کورد ، لەبەر ئەوە بینەر دابڕاوە .. یاخود نەزانینی چۆنیە تی دراما دروست کردن .. نەزانین لەهەڵبژاردنی ئەکتەر ، بەڵام بینەری کورد، دراما ی جیاواز ی دەوێ دراما یەک کە باس لە ناخی ئینسانی تاکی کورد بکات .. بەداخەوە . کۆمەڵێک بەناو دراما وا یان کردوە کە زۆربەی کارە دراما یەکانی لەپێش چاوی بینەری کوردی ناشیرین بێت ، بینەری کورد دراما ی جیاواز ئەکتەری بەتوانا چیرۆکی کارگەری دەوێ ، من هۆکاری دابڕانی بینەری کوردی دەگەڕێنمەوە بۆ : نەبوونی دراما یەکی باش، دراما بیانیەکان، تەکنەلۆجیا .

وەک ئەکتەرێک چی دەربارەی دراما دوبلاژ کراوەکان دەڵێت کە لە کەناڵەکان پیشان دەدرێ؟

ڕاستە من وەک ئەکتەر بەشداری لەکارەشانۆیەکان دەکەم ، بەڵام تاکو ئێستاش نەمتوانیووە بگەمە ئاستی ئەوەی کە بەخۆم بڵێم ئەکتەر .. چونکە ئەو ئەکتەرەی کەمن دەمەوێت جارێ پێی نەگەیشتوم .. بەڕای من کاری نواندن کارێکی قورسە .. بەڵام کارکردنیشی ئاوا ئاسان نیە .. لام سەیرە لەکوردستان و هەم لەناو پەیمانگای هونەرە جوانە کانیش لەبەشی شانۆدا ، هەموو پەیماگاکاندا فێرخوازان کەسەرەتا دێن خۆیان لا گەورە یە و خۆیان بە ئەکتەر ناوزەند دەکەن یاخود لە دەرەوەش بەهەمان شێوە وەک کۆمبارسێک نواندن دەکات . دەڵێت من ئەکتەرم ، بۆیە من ناتوانم ئەو ناسنامە پیرۆزە بەخۆم بلکێنم و بڵێم ئەکتەرم ، فێرخوازێک ی بەشی شانۆم .. دەمەوێت فێری کاری شانۆ نواندن . دەرهێنان . دیکۆر .. ڕوناکی . میکیاج . جلوبەرگ . بەهەموو کارە قورسە کانیەوە فێر ببم ، ئینجا دەتوانم بڵێم ئەکتەرم نەک کارێک بکەم و بڵێم ئەکتەرم ، وەک ئەو فیلمانەی کەلە کەناڵەکان پیشاندەدرێت .. دەتوانم بڵێم کارێکی خراپە . چونکە زۆربەی کاری ناشیرن وکاری کوشتن بەهۆی ئەم فیلمانە وەئەنجام دەدرێت .. بەداخەوە هیوادرم کەناڵەکان ئەم جۆرەفیلمانە ڕابگرن و ئاوڕێکی جدی لە هونەرمەندانی کورد بەنەوە..ئاوڕێک لە شانۆ و سینەمای کوردی بدەنەوە سەربارزە ونەکانی شانۆ و سینەما بێن نەسەر کەناڵەکان و پیشانی بینەرانی کوردی بدەن هەوڵبدەن ڕیکلامە قینەیان بەرامبەر بەیەک هەیە ، هەر هونەرمەندێک و کارێکی خۆی لاجوانە .. بەداخەوە، ڕەنگە من بتوانم زۆر باشتر لەوانکار بکەم ،بەڵام بە مەرجێ ئەو ماده و بوجەی لای ئەوانەبۆ منیش تەرخان بکرێ ، لەدەقی شانۆی ئەنتی گۆنای سۆفکلیس دا . ئەتیگۆنا دەڵێت .. ئێمە بۆخۆشە ویستی خولقاوین نەک ڕق و قینە ، بەڵام بەداخەوە و پێچەوانەی سۆفۆکلیس . هونەرمەندانی کورد بەرامبەر یەک دەڵێن . ئێمەی هونەر مەندان بۆ ڕق و قینە خولقاوین نەک خۆشەویستی .. کاتێک بینەری کوردی ئاشت دەبێتەوە .. کە چیتر ڕق و قینە نەمێنێ لەنێوان هونەرمەندان ،چیتر خۆ بەگەورە زان نە مێنێ ، من وەک گیڤارا جەبار یەک پێشنیار دەکە م بۆ تەواوی هونەر مەندانی کوردستان :لە جیاتی فیستیفاڵی فیلمی سینەمای و فیستیفاڵی شانۆی با بێین فیستیفاڵێک بکەین بۆ تەواوی هونەر مەندانی کورد . کەلە سەر یەک مێز دانیشین و دەست لە ناو دەست ئاشتبینەوە .



تاچەند تەنز کاری گەری هەیە لە هۆشیار کردنەوەی خەڵک و دەسەڵات ؟

دەتوانم بڵێم . کاری گەری زۆر باشی دەبێت، بەڵام بتوانی لە کاتێکی گونجاو دا تەنز بکریت، بەڵام تەنزێک هیچ سودی نەبێ بۆ خەڵک . گەنجی کورد بە دوا .. فیلمی پۆڕن و مۆبایل کەوتووە . بەدوا دەمانچەو کوشتن کەوتووە .. نابینم گەنجێک بەدوا زانیاری بەداوای کتێب خوێندەوە بگەڕێ بەتایبەت زۆربەی کتێبەکان وشە جوانەکان وا لەکتێبخانەکان کەو تون و تۆز لەسەریان نیشتوە ، تەنز کاری گەری شانۆیەکان پەخش بکەن ،فیلمی دۆبلاژی بیانی کارێکی خراپە بەبۆچوونی من، دەتوانن کارە شانۆیەکان لە کەناڵە کانەوە نمایش بکەن نەک فیلمی بیانی.

چی بکرێت بۆ ئەوەی بینەر و دراما ی کوردی و فیلمی کوردی ئاشت بکرێتەوە؟


بەداخەوە دووبارە هونەرمەندانی کورد ڕق و زۆری دەبیت ، کاتێک خەڵک هۆشیار بێت، کاتێک حکومەت هۆشیار بێت .

چی دەربارەی شانۆیی پەیکەری ئالتونی دەڵێیت؟


یەکێکە لە جوانترین نووسینی هاوڕێ و مامۆستام ئومێد کەمال . کە ئەو توانییەتی بە نووسینەکانی تەنزی باش و ماناداربگرێ . کەزۆر بەی کارەکانی کۆمیدیە ، بەڵام پەیکەری ئالتونی یەکێکە لە کارە تراژیدیا و هەم تەنز و کۆمیدیا ، کە باس لە ژیانی هونەرمەندان دەکات . کەچۆن کەسێک بی یەوێت ببێ بە هونەرمەندن لە لایەن مالەوە ڕێگری لێدە کرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە . سەر ئەوەی کەزیاتر . میلەت پێویستی بە هۆشیاربیە ، تەنا نەت گرتنی تەنز دلە هونەرمەندان ،کە لە بەشێکی حیوارەکەیە ، بەڵام بەداخەوە . هونەرمەندە گەورەکان منیان بۆ پاکەڕەوەی هۆڵیش قبوڵ نەکرد،لە کۆتایە کەهونەر مەندەکە کۆچی دوای کرد . پەیکەرێک ی بۆ دروست دەکەن و خەمی بۆ دەخۆن . بەداخەوە دەتوانم بڵێم ژیانی هونەر مەندان دۆزەخێکە لەسەر زەوی .

گروپی شانۆی دوکان کەی دامەزرا؟

گروپی شانوی دوکان لە 25ی 2ی 2009دامەزرا . کە تاکە گروپە توانی وبەتی لەهەموو بۆنەکاندا کارو چالاکی شانۆی مۆزیک شێوەکاری ئەنجام بدات ، و تاکە گروپە لە قەزای دوکان کاری هونەری ئەنجام دەدات ، بەداخەوە هۆڵێک نیە کە ئێمە کارە کانی خۆمانی تیا ئەنجام دەین ، 15ئەندام لەم گروپە داهەن .



پایز ڕەنگی لەئالتوون دزیوە بۆیە جوان و خۆشەویستە



فیلمی ڕامبۆ دەگەڕێتەوە ناو دونیای سینەما

هەمزە سەرحان : ئەکتەری ناوداری ئەمریکی سلڤیستەر ستالۆن ناسراو بە ڕامبۆ، باس لە نوێترین بەرهەمی خۆیی و گەڕانەوەی کەسایەتی "ڕامبۆ "بۆ ناو سینەماکان دەکات، کە فیلمێکە دژی داخستنی سنورەکانی ئەمریکا بەڕووی پەنابەراندا لەلایەن دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکاوە.لە نوێترین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ئاژانسی هەوالی سکای نیوز، سلڤیستەر ستالۆن وتوویەتی، سەرقالی بەرهەمهێنانی بەشی پێنجەمی زنجیرە فیلمی "ڕامبۆ"یە کە تیایدا باس لە پرسی بەقاچاخبردنی مرۆڤ دەکات لە سنورەکانی مەکسیک.

سلڤیستەر ستالۆن دەربارەی بەشە نوێکەی فیلمەکەی ئاماژەی بەوە کرد، ڕامبۆ و پەنابەران لە شوێنێکن کێشەیان هەیە و ڕامبۆ دەیەوێت بەرەو شوێنێک بڕوات کە شەڕی لێنەبێت.ئەو ئەکتەرە بەناوبانگە جەختیکردەوە:"زۆرینەی هاوڵاتیانی مەکسیک لە دۆخێکی خراپدا دەژین و بە چەندین کێشەی گەورەوە دەنالێنن و هیوادارام ئەو تاوانە بودستێت .بەرهەمهێنانی فیلمە نوێیەکی ڕامبۆ لەبارەی پەنابەرانی مەکسیکەوە لەکاتێکدایە ، لەماوەی ڕابردوودا دۆنالد ترەمپ، سنورەکانی وڵاتەکەی بەڕووی پەنابەرانی ئەو وڵاتەدا داخست.

بەکارهێنەری ئەندرۆید زۆرتر ئەپڵیکەیشنی بێسوود دادەبەزێنن

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نوێی Trend Micro ئەوا زیاتر لە 9 ملیۆن بەکارهێنەری ئەندرۆید هەستاون بە دابەزاندنی 85 سۆفتوێرە کە هیچ کارێکیان نیە جگە لەڕێکلام هێنان، ئەو سۆفتوێرانەش یاری یان تایبەتن بەکۆنترۆلکردنی تەلەڤزیۆنن.ئەو سۆفتوێرانە ڕێکلام بەڕووبەری هەموو ڕوئماکە پیشان دەدات و ڕێکلامی نادیاریشی هەیە کە دەستکەوت بۆ گەشەپێدەرانی دەستەبەر دەکات، زۆربەی کاتیش کاتێک ڕێکلامەکە لادەبەیت یەکێکی تر دێت یان لەناو ڕێکلسامەکە ڕێکلام بۆ یەکێکی تر دەکات، بەمەش لابردنی بەتەواوی ڕێکلام کارێکی زەحمەت دەبێت و بەتەواوی بێزارت دەکات.زۆربەی ئەو سۆفتوێرانە لەپاش دابەزاندنیان دیار نامێنن و ڕێکلامەکانیش بەردەوام دەبن لەدیار کەوتن. هەر 15یان 30 خولەک جارێک ڕێکلام بەدیار دەکەوێت، بۆ نەهێشتنی ئەو ڕێکلامانەش دەبێت ناوی سۆفتوێرەکات ببرمابێت و بچیت لەناو بازاڕی سۆفتوێرەکان (گوگڵ پلەی) بینوسیت و بیسپێتەوە، وەکو نمونەش سۆفتوێرەی Easy Remote TV Remoteزیاتر لە 5 ملیۆن جار دابەزێنراوە.